# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣٥ ■ دووشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ _ ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٢

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا



## سەوز دەبنەوە ئەو سوورانەی وا بە شین ناشتمانن




# قەڵای ئێمە شەقامە



## مستەفا هیجری:



تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئیرادەی سەرکەوتنی تێدا بەهێزتر کردووین، ئێوەش دڵنیابن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرکەوتنی خەباتەکەی دڵنیایە.

ئاواتی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات و هەموو شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتن بە سەروەری، ڕزگاری و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەییی کوردە لەم پێناوەدا، هەربۆیە خەباتی ڕەوامان بەردەوام دەبێت .......٢

## هێزی گەل

**ناسر باباخانی**

خێرایی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی شۆڕشی ژینا ئەوەندە زۆر و فرەڕەهەند و خاوەنی لایەنی جۆراوجۆرە کە شرۆڤەی سیاسی فریای لێکدانەوەیان ناکەوێ، لەبەر ئەوە کە ئەم شۆڕشە بەردەوام لە دەروونی خۆیدا خەریکی زاوزێیە و دواتر پەلکێشی و پەلهاوێژی بۆ سەرانسەری ئێران و تەنانەت دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە دەکات.

دیارە سەرەتای شۆڕشی ژینا بە قەتلێکی حکوومەتی، بە کوشتنی کیژە کوردێکی سەقزی دەستی پێ کرد. لایەنی تراژیکی کارەساتەکە لەوەدا بوو کە کچۆڵەیەکی بێتاوان، لە پێتەختی دوژمنەکەت دەکەوێتە بەر لێدان و ئەشکەنجە و لەوپەڕی بێکەسی و هەناسەساردیدا سەر دەنێتەوە. ئەمە سەرەکیترین هۆکار بوو بۆ سازبوونی شەپۆلی ڕق و تووڕەیی لە سەقز و دواتر سەرجەم شارەکانی کوردستان، واتە ئەمە جۆرێ لە «هەژانی ویژدانی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی» بوو.

ڕێک لەم پنتەوە ئاماڵگوتارێک ساز دەبێ کە سەرەتا دەست پێدەکا بە زاوزێ و دواتر پەلکێشی کردن. ئەم زاوزێیە خۆی لە دروشمەکان و ئەکتە جۆربەجۆرەکان و مانیفێستەکانی دایک و باوکی شەهیدان لەسەر قەبران و چەمەر و چۆپی ......... ٢

## مستەفا مەولوودی:

## کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت



ویستی خەڵکی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش شتێک نین کە بتوانین لێکیان جیا بکەینەوە. کۆماری ئیسلامییش ئەوە باش دەزانێ و کورد گوتەنی ئەم حیزبە بە سەری مارەکە و بە هۆکاری خرۆشانی شەقام دەزانێ، بۆیە پەیتا پەیتا هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات ... ٣

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:

## نابێ بێڵین ڕێژیم خەون و پیلانەکانی بێنە دی



خەباتی دەیانساڵەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەدیهێنانی ئازادی، مافی نەتەوایەتی، بەرابەری و دادپەروەری؛ خەباتێکی ئاشتیخوازانە و هەڵگری خەسڵەت و بەها شۆڕشگێڕی و مرۆییەکان بووە و هەر ئەوەش ڕێز و خۆشەویستییەکی کەموێنەی بۆ ئەو خەباتە لە ئاستی جیهاندا دەستەبەر کردووە. بۆیە لەگەڵ پێداگری لەسەر ماف و داواکانمان و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانمان، با لەلایەک نەهێڵین ڕێژیم بە سەرکەوتنی پیلانە شووم و نگریسەکانی خەوش بخاتە سەر خەسڵەتە بایەختەوەرەکانی مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەمان و لەلایەکی دیکەش تێچووی گیانیی ئەو خەبات و ڕاپەڕینە لەسەر گەلەکەمان کەمتر بکەینەوە ... ٢

## ناوەندی هاوکاری:

## دوایین پەلەقاژەی بەر لە نەمانتانە دەیبینین

ئێمە و هەموو خەڵکی کوردستان و ئێران ئێستا سەیری دیمەنەکانی دوایین پەلەقاژەی بەر لە نەمانتان دەکەین. ئێستا نەک ئێمە و خەڵکی کوردستان و ئێران، بەڵکو خۆشتان دڵنیان ئەوەی دەبێت چۆک دابدات و لەنێو بچێت ئێوەن، نەک ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران. بەدڵنیاییەوە ئێوەش دەزانن کە بنکە و بارەگای سەرەکیی حیزبەکانی کوردستان لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندان و هەموو ماڵێک و کۆڵان و گەڕەکێک و، هەموو شار و گوندێکی کوردستان سەنگەر و بنکە و بارەگای ئێمەیە ... ٧

## ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات:

بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە ترسەنۆکانە و لە شەودا هێرش دەکەنە سەر بنەماڵەی شەهید و پێشمەرگەکان و تەقە لە ماڵان دەکەن، دەبێ بزانن لاوانی وڵات ڕاستە وەک ئەوان ڕەفتار ناکەن و هێرشی پێچەوانە ناکەنە سەر ماڵی ئەوان، بەڵام بێوڵامیشیان ناهێڵنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لاوانی ڕاپەڕیویش نابێ ڕێگا بدەن کۆماری ئیسلامیی ئێران سیمای شۆڕشگێڕی وکوردانەیان بە هیندێ کاری نەشیاو و دوور لە هەموو داب و نەریتێکی کوردانە خەوشدار بکات.



## مستەفا هیجری:
# خەڵکی کوردستان با بە وشیارییەوە بەرەنگاری پیلانەکانی ڕێژیم ببنەوە



خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بەداخەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانمان لە خەباتی شاردا، شەهید و بریندار بوون. ڕاپەڕینی شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان نیشانی داوە کە نەتەوەی کورد لەسەر ویستی خۆی بۆ نەمانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ستەم، چەوساندنەوە و هەڵاواردن هەروا سوور و پێداگرە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، دەبێ تێچووەکانی ئەم ڕاپەڕینە کەم بکرێتەوە.

بێگومان شەهیدبوونی لاوانی کوردستان بە مانای لەدەستچوونی سەرمایەیەکی گرانبەهایە بۆ کوردستان. بەڕوونیش دیارە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ ڕاستەوخۆ ئاراستەی خۆپێشاندانەکان بەلاڕێدا بەرێ. هەربۆیە خەڵکی کوردستان دەبێ بە وشیارییەوە لەگەڵ پیلانەکانی ڕێژیم و نەیارانی گەلەکەمان هەڵسوکەوت بکەن.

ئەگەرچی هەموو نەتەوەی کورد و ئازادیخوازانی ئێران شانازی بە شەهیدبوون لەپێناو ماف و ئازادییەکانی گەلدا دەکەن، بەڵام لەم قۆناغەدا پاراستنی گیانی خەڵکی کوردستان و، خەباتکارە خۆنەویستەکانمان دەبێ لە ئەولەوییەتدا بێ. بەتایبەت داوا لە لاوە بوێرەکانمان دەکەم بە شێوەیەک درێژە بە ڕاپەڕین بدەن کە کەمترین تێچووی گیانی هەبێ.

لە کۆتاییدا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدان و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم و، هیوای ساڕێژبوونی برینی هەموو بریندارەکانم هەیە. ئاواتی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتن بە سەروەری، ڕزگاری و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەییی کوردە لەم پێناوەدا، هەربۆیە خەباتی ڕەوامان بەردەوام دەبێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرکەوتنی خەباتەکەی دڵنیایە.

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**مستەفا هیجری**
**٢٩ی خەزەڵوەری ١٤٠١**

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:
# نابێ بێڵین ڕێژیم خەون و پیلانەکانی بێنە دی

خەڵکی خەباتگێڕ و مافخوازی کوردستان!

ڕاپەڕینی مافخوازیی ئێوە کە بە کوشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد، پێی ناوەتە سێ مانگەی خۆیەوە.

ئەو ڕاپەڕینە کە لە کوردستان سەری هەڵدا و زۆر زوو زۆربەی شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشی تەنی، توانیویەتی لە سۆنگەی بەردەوامیی خۆی و بەها تایبەتییەکانی ئەو شۆڕشە کە مرۆڤتەوەر، بایەختەوەر و ئازادیتەوەرن، سەرنج و ڕێزێکی تایبەتی لە ئاستی جیهانیشدا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک پێشەی هەمیشەیی خۆی هەوڵی داوە لەلایەک ئەو سەرهەڵدانە جەماوەرییە مافخوازانەیە بە پیلان و دەستی دەرەکی ببەستێتەوە و، لە لایەکی دیکەش پەلکێشی توندوتیژییەکی ڕووت و خوێناویی بکات. بۆیە لە نێوخۆی کوردستان سیلەی لە دڵ و مێشکی لاوان و مێرمندالان گرتووە و لە دەرەوەی وڵاتیش بە بەزاندنی سنوور و پێشێلکردنی یاسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان، لە هەرێمی کوردستان چەند جار بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە سیاسییەکانی دیکەی بە مووشەک و درۆن بەئامانج گرتووە و لە هەڕەشە و هێرشەکانیشی بەردەوامە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو مانگی ڕابردوودا لە کوردستان بە شەهیدکردنی دەیان کەس، بریندارکردنی هەزاران کەس و گرتن و دەسبەسەرکردنی هەزاران کەس لەلایەک ویستوویەتی هەم تێچووی ئەو سەرهەڵدانە جەماوەرییە بۆ خەڵک بباتە سەرێ، هەم ڕێڕەوی ئەو خەباتە مافخوازانەیە لەپێناو سەرکوتی خوێناویی پتردا بۆ توندوتیژییەکی ڕەها بگۆڕێ. ئەو جینایەتانەش کە لە مەهاباد، سنە، بۆکان، کامیاران، شنو، پیرانشار و دیواندەرە و شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕەوتی نارەزایەتییە مەدەنییەکانی خەڵکدا خوڵقاندوویەتی، هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە.

**خەڵکی بەئیرادە و خەباتکاری کورد!**

خەڵکی ئێران و جیهان بە گشتی و، ویژدانی مرۆڤایەتیش شانازی بە خەباتی ڕەوای ئێوە، کۆڵنەدان و پێداگریتان لەسەر مافە ڕەواکانتان دەکەن. بەڵام بارودۆخی ئێستا دەخوازێ بە وشیاریی پترەوە لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی هەم تێبگەین و هەم مایەپووچیان بکەینەوە. بۆیە داوا لە هەمووان بەتایبەت لاوانی دڵگەرم و لەخۆبوردووی کوردستان دەکەین لەگەڵ بەردەوامیمان لەو ڕاپەڕینەدا، ڕێگە نەدەن ڕێژیم بتوانێ پیلان و ئامانجەکانی وەدی بێن.

خەباتی دەیان ساڵەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەدیهێنانی ئازادی، مافی نەتەوایەتی، بەرابەری و دادپەروەری؛ خەباتێکی ئاشتیخوازانە و هەڵگری خەسڵەت و بەها شۆڕشگێڕی و مرۆییەکان بووە و هەر ئەوەش ڕێز و خۆشەویستییەکی کەموێنەی بۆ ئەو خەباتە لە ئاستی جیهاندا دەستەبەر کردووە. بۆیە لەگەڵ پێداگری لەسەر ماف و داواکانمان و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانمان، با لەلایەک نەهێڵین ڕێژیم بە سەرکەوتنی پیلانە شووم و نگریسەکانی خەوش بخاتە سەر خەسڵەتە بایەختەوەرەکانی مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەمان و لەلایەکی دیکەش تێچووی گیانیی ئەو خەبات و ڕاپەڕینە لەسەر گەلەکەمان کەمتر بکەینەوە. هەروەها پێ لەسەر ئەوەش دادەگرینەوە کە دیاردەی هەڵکوتانە سەر ماڵ و سووتاندنیان پێچەوانەی بەها و بایەخە شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازییەکانی خەباتی نەتەوەکەمانە و یارمەتیدەری سەرکەوتنی پیلانەکانی ڕێژیمیشە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ناردنی سڵاو بۆ ڕوحی خەباتکاری و مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سڵاوی تایبەت دەنێری بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەو ماوەیە لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان و سەبارەت بە لەدەستچوونی ئەو پۆلە خەباتکارە نەسرەوتووە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان، تێکۆشەرانی دێموکرات و هەموو خەڵکی کوردستان دەکات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٩ی خەزەڵوەری ١٤٠١**

---

## مستەفا هیجری:
# ئیرادەی سەرکەوتنمان بەهێزتر لەهەر کاتێکە



مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند کە تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئیرادەی سەرکەوتنی تێدا بەهێزتر کردووین.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تویتێکدا و لە کاردانەوە بە هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات نووسیویەتی: "زۆر لەمێژە حکوومەتەکان لە تاران بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە پیلانمان لەدژ دەگێڕن، قەڵاچۆمان دەکەن، ڕێبەرانمان تیرۆر دەکەن، ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانمان لێ شەهید دەکەن، وڵاتمان خاپوور و تاڵان دەکەن، تەنیا بە تاوانی کوردبوونمان. بەڵام ئێمەی کورد باکمان نییە و بەرەنگاری دوژمنانمان بووینەتەوە.

بەڕێزیان لە درێژەدا دەڵێت: ئەو پلان و پیلانانەی دوژمن نەک هەنگاوی خەبات و ڕەوتی شۆڕشی پێ شل نەکردووین، بگرە ئەو جینایەتانە گڕ و تینی خەبات و گیانفیداییمانی زیاتر کردووە و ئیرادەی سەرکەوتنمان بەهێزتر بووە.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆتایی پەیامەکەیدا تیشکی خستووەتە سەر ئەو بابەتە کە ئێستا دەنگ و هاواری پەراوێزخراوەکان، نەتەوە بندەستەکان و سەرجەم ئازادیخوازانی ئێران لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە و، پەیام و زایەڵەی مەرگ و نەمانی بە گوێی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گەیاندووە، بۆیە بێگومان ئێمە سەر دەکەوین.

---

# هێزی گەل

◆ درێژەی :

سەر گۆڕی گیانبەختکردووان‌دا دەبینێتەوە و دواجار دروشمە سەرەکییەکەی و حەماسە و گیانبازی ئەفسانەئاسای گەنج و لاوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەلکێشی دەکا بۆ سەرانسەری ئێران.

سووکەلەنگەرێک لەسەر قسەکان و ئەکتەکان، بێ هیچ شک و گومانێک ئێلێمانەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیمان بەڕاشکاوی نیشان دەدەن و خاڵی سەرسوڕهێنەر کاتێ خویا دەبێ کە سەرەڕای نیزیک بە سێ دەیە بۆشایی هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جیلێک پڕ بە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات هاواری ڕێبەرێکی شەهید وەک دوکتور قاسملوو دەکا کە تەمەنی زۆریان، زۆر کەمترە لە ساڵانی پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو! ئەمە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵکی کوردستان بە حوکمی مێژووی خەباتیان، هەم لەباری فکرییەوە هەم لەباری ڕێکخراوەییەوە زۆر لە نەتەوەکانی تری ئێران لە پێشترن.

دروشمی جەماوەر کە خۆیان بە ڕۆڵەی پێشەوا قازی و درێژەدەری ڕێگای قاسملوو دادەنێن هەمان ڕەهەندە فکرییەکەیە و وڵامی ئەرێنی گەلی کورد بۆ بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان هەمان باری پەیوەندی ڕێکخراوەیی خەڵک و حیزبەکانە. کرانەوەی کەوانەیەک لێرەدا زۆر پێویستە، کە ناوی پێشەوا و دوکتور قاسملووم هێناوە، دەگەڕێتەوە ڕادەی دووپاتە و چەندپاتەبوونی ناوی ئەم ڕێبەرە کاریزمایانە لەسەر شەقامەکان، دیارە نەک وەک سکرتێری حیزبی بەڵکوو وەک ڕێبەری نەتەوەیی.

دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ژینا واتە ژن، ژیان، ئازادی لە ڕاستیدا سلۆگنی شۆڕشە کە دواجار خۆی لە سەرانسەری ئێران و هەروەها تەواوی دنیادا دەبینێتەوە.

هەر سێ وشەکەشی ڕەگەزی مێینەیان هەیە و ئەمە لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیشدا بوونی هەیە. تەنانەت وشەی ئازادی لە ئەدەبی کوردیدا "مؤنث مجازی"یە کە وەک بووک ئاماژەی پێ دراوە: بووکی ئازادی. واتە شۆڕشەکە هەم بیانووی دەسپێکەکەی، هەم دروشمە سەرەکییەکەی و هەم دەورگێڕە سەرەکییەی واتە ژن بە کەروێشکەی کەزیەکانی، تایبەتمەندییەکی بێوێنەی پێ بەخشیوە و کردوویەتی بە یەکەم شۆڕشی ژنانە لە جیهاندا.

کەوابوو ئەم شۆڕشە بێ هیچ لە ڕووداماندێک، شۆڕشێکی ژنانەی کوردانەیە!

بۆ گرێدانی پیاوانی کورد و پاڵپشتییان لەم شۆڕشە، دیسان ئاوڕدانەوە بۆ سەر دروشمەکانی سەر شەقام و هەروەها ئەکتی قارەمانانەی کوڕان و پیاوانی ڕۆژهەڵات پێویستە.

دروشمەکانی تری سەر شەقام زۆربەیان ڕیشەیان لە خەباتی ساڵانی پێشووی گەلی کورددا هەیە و بەنیسبەت شوێنەکانی تری ئێران -سەرەڕای ویستی هاوبەش- نێوەرۆکێکی جیاوازتریان هەیە وەک خواست و ویستە نەتەوەییەکان. دیارە بەپێی هەلومەرج و دۆخی نوێی شۆڕش دروشمی نوێش لەدایک دەبن کە هەندێ جار قاوغی سێکسییان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا ماکەی سەرەکیی پەیامەکەیان سیلەگرتنە لە دەسەڵات.

بێگومان هەموو بزووتنەوەیەک و تەنانەت هەموو وردەبزووتنەوەیەک هەڵگری گوتاری تایبەت بە خۆیەتی، خاوەنی دروشمی ستراتیژیکە و دەکرێ کلیل‌وشەکانیشی لێ‌هەڵێنجین، شۆڕشی ژینا بەتەواوی ئەم پتانسییەل و توانایییەی باسمان کردن، هەیەتی.

لەم شۆڕشەدا خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ژیرانەترین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پلان و پیلانی کۆماری ئیسلامی نواند. کۆماری ئیسلامی بە عالەم ئاشکرا شەڕی پێ فرۆشتن، بەڵام ئەوان نەکەوتنە داوی شەڕێکی بێئاکام کە کۆماری ئیسلامی دەیویست تێوەیان گلێنێ.

لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوە، لەم سێناریۆ سواوەدا کورد بوو بە براوەی سەرەکی و هاوسۆزی گەلانی تریشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

لە ماوەی دوو مانگدا بە دانی تێچوویەکی بەرچاو و بەرگرییەکی ئەفسانەیی، کوردستان بۆتە دڵ و مێشکی شۆڕشێک کە هەر خۆشی خاوەنی بوو، بەڵام دواتر ئەم شۆڕشە خۆی گەیاندە تەواوی ئێران و لەوێشەوە بۆ سەرانسەری جیهان، دیارە لە هەندێ شوێن بەخەستی و لە هەندێ شوێن کاڵتر.

کوردستان توانایی و پتانسییەلی ئەوەی هەیە کە ببێتە نموونەیەک بۆ سەرانسەری ئێران بۆ درێژەپێدانی نافەرمانیی مەدەنی و خەبات و خۆڕاگریی مەدەنی و لە ڕێگای ئەزموونەکان و توانایییە فکرییەکانی شۆڕشی ژینا هەناردەی تەواوی ئێران بکا. قورسایی و سەنگی کوردستان تەنانەت هەر لەنێو ئێراندا قەتیس نەماوەتەوە و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە لە وڵاتانی ئوروووپایی و ئەمریکا وەباڵ بۆ پێشەنگی کوردستان دەکێشرێ. کەوابوو ئەگەر چارەنووسی کورد لانی‌کەم لەم سەردەمەدا بە چارەنووسی ئێرانەوە گرێ دراوە، ئەگەر کورد زیاترین تێچووی لەم ماوەیەدا داوە، دەبێ دەوری ڕێبەری یان شوێندانەری لە ئاستی ئێرانی بۆ دیاری بکرێ.

تەنانەت دەبێ کورد ئەم متمانەبەخۆییەی هەبێ کە دەوری کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی جیددی لە دەرەوەی وڵات بگێڕێ. کورد خاوەنی بەهێزترین کارتە، کە هیچ لایەنێکی تر نییەتی ئەویش هێزی گەلە!

دەبێ سەرجەم خەڵکی ئێران لەوە تێ بگەن بێتوو کوردستان پاشگەز بێتەوە، ئەم شۆڕشە بەتەواوی لە کزێ دەدا و دواجار تێدادەچێ، خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی جیددی ئێرانی بەباشی ئەمە دەزانن، بۆیە پێوستە کورد کە خۆی خاوەنی ئەم شۆڕشە و دەسپێشخەرەکەی بووە، دەوری ئێستای و ڕۆڵی لە داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامیدا بەوردی دەسنیشان بکرێ. بەڵام بەر لەوە، کورد دەبێ خەڵکی ئێران لەوە تێ بگەیەنێ کە نابێ و ناکرێ باری ئەم شۆڕشە بەتەنیا لەسەر شانەکانی گەلی کورد بێ و دەبێ هەموو گەلانی ئێران شانی وەبەردەن، ئەگەر خوازیاری قوتار بوون لە چنگ مۆتەکەی کۆماری ئیسلامیین.

کوردستان
● ژمارە: ٨٣٥
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ _ ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٢

## مستەفا مەولوودی:

# کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی



**ئاماژە: دوای دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووجار مووشەکباران کرا و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبە هەروا درێژەی هەیە. ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و سەنگ و قورسایی حیزب لەو ڕاپەڕینە، کارکردی هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هۆکاری سەرەکیی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی کوردستان و پلان و بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری بۆ داهاتووی ڕاپەڕینەکە چەند تەوەری سەرەکیی وتووێژێکە کە "کوردستان" لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکی هێناوە.**

**کاک مستەفا لە ماوەی دوو مانگدا حیزبی دێموکرات دوو جار مووشەکباران کرا؟ بۆ؟**

ڕوونە، کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی لە ئاشتینەهاتووی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە. تەنانەت ئەو کاتانەش بە ڕواڵەت باسی لە چارەسەری پرسی کورد کردووە، ئەویش هەر پیلان بووە بۆ زەربەلێدان لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، نموونەکەشی تێرۆری دوکتور قاسملوو کە لەسەر مێزی بەڕواڵەت وتووێژدا لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند. هۆکارەکەشی ڕوونە. ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و جۆری حکومەتداری لە وڵات لەگەڵ بیرکردنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ بابەتەکان زۆر جیاوازە و لە بنەڕەتڕا لێک دوورن.

لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەشدا حیزبی دێموکرات بە گرتنەبەری هەموو شێوازێکی خەبات بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاوە و خەڵکی کوردستانیش پشتگیری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیان کردووە. سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی واقعبینی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دامەزراوە، لە ئێستادا سنووری کوردستانی تێپەڕاندووە و، بەردەنگی باشی لە ئێرانێشدا هەیە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی لەو ٤٣ ساڵەدا قەت لە زەربەلێدان لە حیزب خافڵ نەبووە. ئەوەش کە بە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ دوو جار بە هاژەک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر حیزب و لە هەڕەشەکانیشی بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا جێ دەگرێت

**مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێوەندی و گرێدراوییەکی بە ڕاپەڕینەکەی نێوخۆی وڵاتەوە هەیە؟**

سیاسەت و دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی لەسەر عەرزی واقیعە و خەیاڵ نییە. خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و لەجێگای ئەو حکوومەتی دێموکراتیک و وەڵامدەر لە ئێران بێتە سەرکار و خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتە دێموکراتیکەدا مافی سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان دەستەبەر بن. دروشمەکانی ئێستا لە خرۆشانی خەڵکی کوردستان ڕێک تەعبیر لەو سیاسەتە دەکەن و ڕوونە کە حیزبی دێموکراتیش لە وەڕێکەوتنی ئەو خرۆشانەدا کە بە کوژرانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کردووە، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە. ویستی خەڵکی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش شتێک نین کە بتوانین لێکیان جیا بکەینەوە. کۆماری ئیسلامییش ئەوە باش دەزانێ و کورد گوتەنی ئەم حیزبە بە سەری مارەکە و بە هۆکاری خرۆشانی شەقام دەزانێ، بۆیە پەیتا پەیتا هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات.

**کارکردی هێز و لایەنە سیاسییەکان لەم ڕاپەڕینەدا لە ئاستی کوردستان و لە سەر ئاستی سەرانسەریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

لایەن و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان مێژوو و ئەزموونی خەباتیان زۆرە. هەروەک باسمان کرد لە ماوەی ٤٣ ساڵ خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەدایم پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵات هەبووە و بە هیچ جۆرێک نامۆ و نائاشنا بە ویستی خەڵکی کوردستان نین، هەربۆیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەیە و دروشمەکانیان ئێستا لەسەر شەقامەکان لەسەر زار و زمانی خەڵک ڕێک ئەو بابەتە دەسەلمێنن. بە ڕوونی لە وەڵامی پرسیارەکەتدا حیزبەکان بە تایبەت ناوەندی هاوکاری لە سیاسەت، هەڵوێستگرتن، ئاراستەکردن و پشتگیریکردنی بەربەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان باشی کار کردووە. هەڵوێست و سیاسەتەکەی جێگای پەسەند بووە کە خۆی لە پەیامی یەکیەتی و خەباتی جەماوەری و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دۆزیوەتەوە. ئەوە تا ئێرە موسبەت و باش بووە، بەڵام ئەگەر بە ستراتیژی نەک بە تاکتیکی سەیری کار و تێکۆشان و سیاسەتی حیزبەکان بکەین بە ئەندازەی ئەرکی سەر شانیان و چاوەڕوانی خەڵک وڵامدەر نەبوون، هۆکارەکەشی ئەمانەن: یەکەم، بە شێوەی پێویست لە ئاستی سەرێدا یەک گوتار نەبوون. دووهەم، ئەو کۆدەنگییە کە پێویستە زۆربەی حیزبەکان لە دەوری یەک ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە پێی نەگەیشتوون کە پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی فرەچەشن یەکەم ئامانجە. سێهەم، لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و دەورانی تێپەڕ ساغ نەبوونەتەوە. چوارەم، هەرچەندە هەموو حیزبەکان درووشم و ئامانجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەوە کە چۆن لەگەڵ سیستەمی داهاتووی ئێران کار دەکەن و چییان بۆ داهاتووی کوردستان دەوێ، بەرچاوڕوونیمان نییە. ئەمانەش کەمایەسین و پێویستە بەزوویی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**پێتان وایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەسەر قەرار و بڕیاری وڵاتانی شوێندانەر لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران کارتێکەریی هەبێت؟**

ڕێژم بۆ تاک تاکی کەسایەتییە سیاسی و حیزب و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری ئێران هەیە و هەرکام بەپێی سەنگ و قورسایی خۆیان حاشا لە خەبات و تێکۆشان و کاریگەری و شوێندانەرییان ناکرێ. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتاندا دەبینین، پتر پێوەندیی بەو دۆخەی ئێستای وڵات، خەباتی شێلگیرانە و مافخوازنەی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکان ئازایەتی و لەمەیداندابوونی خەڵک و سیاسەتی ڕێژیم ڕەفتار و کاردانەوەیان لەهەمبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکە. ئەگەر ئەوە نەبا دەوڵەتان بەم جۆرە نەدەهاتنە سەر خەت و ئاوا بیریان لە هەڵسەکەوتی جیاوازتر لە جاران لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نەدەکردەوە. کەمایەسییەکی دیکە لەو ڕاپەڕینەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری -جیا لە لایەنی کوردی- ئێستا لەو ئاستەدا نییە بتوانێ هەڵگری پەیامەکان شەقام و ڕاپەڕینەکە بێت. ئەمن ناڵێم هیوام بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە نییە، بەڵام بڕوام وایە ڕێبەرانی سیاسی چ لە ئێستای ڕاپەڕین و دواتریش لە هەناوی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و لەنێو کچان و کوڕانی ئازای شەقام و زانکۆکاندا دروست دەبێت.

**بەو پێیە ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی لە ئێستادا دەکەوێتە سەرشای ئۆپۆزیسیۆن چین؟**

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویست بوو زۆر پێشتر بیری لە پەرش‌وبڵاویی خۆی کردباوە و بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە ڕێبەریی کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی گەورەی سەرانسەری بەدژی کۆماری ئیسلامی بەو پەرتەوازەیی و خۆبەتەوەرزانینی تاک، حیزب و لایەنەکان ناکرێ و ئەوە ئێستا بەتەواوی دەرکەوتووە. بۆیە لە ئێستای بزووتنەوەدا ڕاستی چاوەکان زۆرتر لەسەر شەقامی ئێران و ئەو کچ و کوڕانەیە کە ڕاپەڕینەکە بەڕێوە دەبەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بیهەوێ نەخشی کاریگەر و شوێندانەریشی هەبێ، پێویستە ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی ئێران چۆنە ئاوای ببینێ و خوێندنەوەی واقعبینانەی لە پرس و کێشەکانی ئێران هەبێت. نیزامی داهاتووی ئێران ناکرێ و ناشتوانێ ناوەندگەرا بێت و ئاواش نییە بچێتە ژێر ڕکێڤی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین. خۆ بێتوو گۆڕانکارییش لە بۆچوونەکانیاندا پێک نەهێنن، ناتوانن ڕۆڵ و نەخشێکی ئەوتۆیان لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا هەبێت.

**ئەدی سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا چەند بووە و کورد چۆن دەتوانێ قورسایی خۆی لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا بپارێزێت؟**

سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا دیار و بەرچاو بووە و ئەوە لەکەس شاراوە نییە و دروشمەکانی وەک "کوردستان چشم و چراغ ایران" ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەش سروشتییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ٤٣ ساڵە بێ‌پسانەوە، بە هەموو شێوەکان و لە هەموو ڕەهەندەکاندا دژی کۆماری ئیسلامی لە سەنگەری خەباتدایە. خەباتی سیاسی، پێشمەرگانە، جەماوەری، مەدەنی، ڕێکخراوەیی و کولتووری ئەویش بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆر و بەنرخیشی داوە. کوردستان هێزی سیاسیی بەئەزموون و خاوەن‌فکر و پێشەنگی تێدا هەڵکەوتووە. بۆیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەتوانێ بۆ داهاتووی ئێران و لەپێناو بنیاتنانەوەی دێموکراتیکی ئەو وڵاتەدا سەرمایە و دەرفەتێکی بەنرخ بێت. بۆیە ئەو سەنگ و قورساییەی کوردستان ئێستا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێ و وای دەبینم خەڵکی ئێرانیش هەستیان بەو نەخش و دەور و کاریگەرییە کردووە و بەوەیان زانیوە کە ئێرانی داهاتوو بێ لەبەرچاوگرتنی خەباتی خەڵکی کوردستان و دابینبوونی مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد، ئێرانێکی دێموکڕاتیک چێ نابێت.

**کاک مستەفا سەرکوت و کوشتوبڕەکان لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زیاتر بوون، بۆ؟**

ئاشکرایە کە دوژمن بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بێ‌باکانە خوێنی لاوانی کورد دەڕێژێ هەتا بەشکم لەو ڕێگایەوە کورد لە خواستەکانی خۆیان پەژیوان بکەنەوە. ئەوە بە درێژایی مێژوو و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش لە ئارادا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە ئەوە کار و کردەوە و سیاسەتی بووە و چاوترسێنکردن و پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کورد لە خەبات و خواستە ڕەواکانی هەمیشە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم بووە. بەڵام وەک دەبینین ئەو خەڵکە هەر لە مەیدان‌دایە و لەسەر ویست و داخوازیی ڕەوای خۆی هەر سوورە. ئەمە لە یەک شوێن و هەر لەنێو حیزبەکاندا نییە، بەڵکوو لە نێو هەموو چین و توێژەکان و شار و گوندەکان دەبینی. بۆیە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەشدا کورد لە سەرکوتی خوێناوی و زەبروزەنگی سیستماتیک بەشی شێری بەرکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەڵام خەڵک بە ئازایەتیی خۆیان لە مەیداندا ماوەتەوە و دڵنیام کۆڵیش نادەن.

**پلان و بەرنامەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە بۆ ئێستا و داهاتووی ئەو ڕاپەڕینە چین؟**

پلان و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و بە ڕوونیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کارکردنە بۆ تۆکمەترکردنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە. بۆ ئەوەش پێویستە نەخش و دەوری کچان و کوڕانی کوردستان، خەڵکی ڕاپەڕیو بەتەواوەتی لەبەرچاو بگرین. بەرنامەی ناوەند ئەوەیە بەوەخت و بە بەرنامەتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بچێتە پێشێ و بیر لە بەربەرینترکردنەوەی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زیندوو و بەردەوام لە پەیوەندیدایە. چونکی دەبێ بەرنامە و پرۆژەی ڕوونی بۆ شوێندانەریی زیاتر لە ڕاپەڕینەکەی ئێستا و بۆ دواڕۆژیش هەبێت. بۆ ئەوەش دەبێ پەیوەندی دیپلۆماسیی خۆی بەهێزتر بکا و لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و دەوڵەتان لە پەیوەندیدا بێت. لە داهاتووی ئێران و لە چوارچێوەی نیزامی سیاسیی داهاتوودا پێ‌وشوێنی خواستەکانی خەڵکی کورد بگرێ و بارتەقای بەشداری خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکڕاتیک، هەوڵ بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بدات.

**سپاس کاک مستەفا بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا**

ئێوەش ماندوو نەبن

## عەلی عەونی:

## ئێران بیانوومان پێ دەگرێ و دەیەوێ کێشە نێوخۆییەکانی بە ئەستۆی ئێمە دابێنێ



ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەر سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە بە مووشەک و درۆن هێرشی کردەوە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. ئەو هێرش و پەلامارە مووشەکییە شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە و برینداربوونی کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ کەوتەوە. کاردانەوەکان بە بەردەوامیی هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زۆر و جۆراوجۆرن. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند هیچ بیانوویەک بۆ مووشەکبارانکردنی هەرێمی کوردستان نابینین. مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هێرشەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێرانی بە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق ناو برد.

هەر لە درێژەی ئەو هەڵوێستانەدا "عەلی عەونی"، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" ڕایگەیاند کە ئێران لەبری هێرش بۆ سەر خاکی دراوسێیەکانی باشتر وایە کێشە نێوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات.

**عەلی عەونی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی کۆماری ئیسلامی ئاوا بەئاسانی دەتوانێ سنوورەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ببەزێنێ و لە هێرش و هەڕەشەکانی بەردەوام بێت، گوتی:** بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەیەکە بیانوو بە هەرێمی کوردستان دەگرێ و ئەو کێشانەی کە لەنێو خودی ئێراندا هەیە، دەیانەوێ بیخەنە ئەستۆی دەوروووبەر.

ئێمە هەمیشە لە هەرێمی کوردستان بڕوامان وابووە کە دەبێ ڕێزی دراوسێیەتی بگرین و هەرگیز لە هەرێمی کوردستان‌ڕا هیچ مەترسییەک ئاراستەی وڵاتانی دەوروووبە نەکراوە. وڵاتانی دەوروووبەریش کارێکی هەڵە دەکەن و ئەوە کارێکی خراپ و قێزەونە کە دەیانەوێ کێشە نێوخۆییەکانی خۆیان هەناردەی دەرەوە بکەن و بە خولقاندنی کێشە لە دەرەوەی وڵات، کێشە نێوخۆییەکانی خۆیان پووش‌بەسەر بکەن.

لە ماوەی ئەو سی ساڵەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز ئێمە دەست‌پێشخەر نەبووین یا ئەسڵەن نییەتی ئەوەمان نەبووە کێشەیەک بۆ وڵاتانی دەوروووبەر دروست بکەین. بەداخەوە لە بۆڕدوومانی خانووی شێخ‌باز خۆشیان پێکەنینیان بە بڕوبیانوویان دەهات کە گوایە لە بنکەیەکی ئیسرائیلمان داوە. ئێوە لە جۆولان جیرانی ئیسرائیلن، هەر لەوێ لێی بدەن بۆ ڕێگای نزدیک دوور دەکەن. ئەمە ڕاست نییە و ئەوەی کە لەو ماوەیەدا دوو جاریان لە قەڵای دێموکرات و بارەگاکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیان دا، لە حەقیقەتدا ئەو بارەگانەیانە بارەگای مەدەنی و شوێنی ژیانی ژن و منداڵن و هەموومان دیمەنە ناخۆشەکانی ئەو منداڵانانەمان بینیی کە هەڵاتبوون لە پەنا و پەساران، لەژێر شاخ و گاشەبەردان پەنایان گرتبوو لە ترسی بۆڕدوومانی کۆماری ئیسلامی.

ئێمە پێمان وایە ئەوە بە چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکان، واتە بە دانیشتن لەگەڵ خاوەنی پرسەکان کە میللەتە، پرس و کێشەکانیان چارەسەر دەبن نە بە بۆڕدومانی ئەملا و ئەولا. هەروەها دەبوایە حکوومەتی عێراق ڕۆڵی خۆی ببینێت کە بەداخەوە حکوومەتی عێراق هەڵوێستی زۆر زۆر لاوازترە کە بەر سینگی بۆڕدوومانەکانی ئێران یا تورکیە بگرن و سنووریان بۆ دابنێن کە دەکرا حکوومەتی عێراق پەنا بباتە بەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شوڕای ئەمنییەت و لەوێدا شکایەت بکات بۆوەی سنوورێک بۆ ئەم سنووربەزاندنانەی هەردوو دراوسێی زل‌حوڕتی زلهێز دابنرێت."

**ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی کاریگەرییەکانی ئەو هێرش و سنووربەزاندنانەی کۆماری ئیسلامی لەسەر هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد لە باشوو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها کارتێکەریی هەڕەشەکانی کۆماری ڕێژیمی ئێران لەسەر هەڵوێستی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان گوتی:**

" ئێمە و خەڵکی باشووری و هەمووان دەزانین کە هەرێمی کوردستان هەمیشە هەڵوێستێکی نەرم و میانەڕەوانەی هەبووە لەگەڵ دەرودراوسێ. ئێمە ئاستی هێز و توانای و پێگەی خۆمان دەزانین، بۆیەش بۆ ئێمە باش نییە کە ببینە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە؛ بەڵام ئەوەیکە هەیە بیانوو پێ‌گرتنەکانە و لەوەتای هەیە ئەوان هەر بیانوو بە ئێمە دەگرن. بە دڵنیاییەوە لە هەرێمی کوردستانەوە هیچ هەڕەشەیەک نەکراوەتە سەر ئەم وڵاتانە و بە پێچەوانەوە هەموو جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک هەر لە ناردنی درۆن و مووشەک هەتا ناردنی ماددەی هۆشبەر و تەقەمەنی، هەتا دەگاتە ناردنی تێرۆریستان لەو وڵاتانەوە بەرەو کوردستان، هەتا بەزاندنی خاک و هەتا بۆڕدومان‌کردن ئەوە ئەوانن کە مەترسیی بۆ سەر هەرێمی کوردستانن. بۆیەش ئێمە ئەوەی لە باشووری کوردستان بە سەر ئێمە دێت و لە میللەتی ئێمە دەدا، حەقیقەتت دەوێ بەش بە حاڵی خۆم یادی بۆڕدوومانەکانی سەدام حوسێن و بەعسمان دێنێتەوە بیر کە لە ئۆردووگاکانی زێوە و لە کەمپەکانی ماڕدین، مووش و دیاربەکر ژەهریان دەرخواردی پەنابەران و ئاوارەکانی کورد دەدا لەوێ، بەهەمان شێوەیە. ئەم وڵاتانە ئێمە تەنانەت ئەگەر دانیشین و هیچیش نەکەین، هیچ ئیددیعایەکیش نەکەین هەر مەحکوومین بە لەنێوچوون. ئەوان نایشارنەوە کە ناتوانن تەحەمولی هیچ جۆرە پێشکەوتن، گەشەسەندن و پێشوەچوونێک بۆ ئاستی ژیان و فەرهەنگ و کولتوور و سیاسەتی کورد لە کوردستان بکەن.

# بەشێک لە کاردانەوەکان بە مووشەکبارانکردنەوەی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات

**ئاماژە: هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاردانەوەی لێ کەوتەوە و سەرنجی زۆر لایەنی سیاسی و حکوومەتیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. "کوردستان" بەشێک لە کاردانەوە و پەیامەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا دەخاتە بەرچاوی خوێنەرانی:**



### نێچیرڤان بارزانی: هیچ بیانوویەک بۆ مووشەکبارانکردنی هەرێمی کوردستان نابینین

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان دەیەوێت فاکتەری سەقامگیری بێت لە ناوچەکە و دەیەوێت پەیوەندیی باشی هەبێت لەگەڵ هەموو دراوسێکانی و لەو چوارچێوەیەدا لەگەڵ ئێرانیش دەیەوێت پەیوەندییەکی باشی هەبێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێ بەڕاستی ئەوەی ئێمە لە تواناماندا هەبووە کردوومانە و بەردەوامیش دەبین و نابێت هەرێمی کوردستان ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ وڵاتانی دراوسێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتم بدەن ئەوەش بڵێم کە هیچ پاساوێک بۆ ئەو مووشەکبارانە و ناردنی ئەو درۆنانە بۆ کوردستان نابینین و داوا دەکەین سنوورێک بۆ ئەم جۆرە هێرشانە دابنرێت. هەروەها داوا لە بەغدا دەکەین وەک سەروەریی خاکی عێراق کە ئەمە بەشێکە لە پێشێلکردنی سەروەریی گەوەری عێراق، لەم بابەتەدا بێتە دەنگ و سنوورێک بۆ ئەم پێشێلکارییە دابنرێ کە لەسەر سەروەریی عێراق دەکرێت.

***

### مەسروور بارزانی: هیوادارم جێگای شەهیدکان بەهەشت بێت

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان هێرشەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێرانی بە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق ناو برد.

مەسرور بارزانی لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی ئینستیتیوتی داهێنان و نوێگەری وێڕای مەحکوومکردنی ئەو پەلامارە مووشەکییەی کۆماری ئیسلامی هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ بریندارەکان خواست و گوتی شوێنی شەهیدەکان بەهەشت بێت.

***

### وەزارەتی دەرەوەی عێراق: هەموو ڕێکارە دیپلۆماسییەکان لە ئاستی باڵادا دەگرینە بەر

وەزارەتی دەرەوەی عێراق وێڕای مەحکوومکردنی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێ هەموو ڕێکارێکی دیپلۆماسی لە ئاستی باڵادا دەگرێتە بەر.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق دەڵێ: "ئەو کارە تاکلایەن و دووژمنکارانە، نابێتە هۆکارێک بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی و وەک پێشتر گوتوومانە ئەمە پێشلکارییەکی ڕوونە بۆ سەر سەروەریی عێراق و ئەمنییەتی خەڵک و دەبێتە هۆی خراپبوونی دۆخی ناوچەکە و بارگرژییەکان زیاتر دەکات."

***

### فوئاد حوسێن: هێرشەکانی سەر هەرێمی کوردستان پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی عێراقە

فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق لە پێوەندییەکی تەلەفوونی لەگەڵ ئەمیرحوسێن عەبدوڵلاهیان، هاوتا ئێرانییەکەی ڕاگەیاند: هێرش و پەلامارەکانی سەر هەرێمی کوردستان، پێشێلکردنێکی ئاشکرای سەروەریی عێراقە.

وەزیری دەرەوەی عێراق لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا ئاماژەی بە گرینگیی دیالۆگ وەک ڕێگەیەک بۆ ڕاگرتنی ئەو "پەرەپێدانە دووژمنکارە بێپاساوانە" کردووە و بەردەوامیی ئەو کارە تاکلایەنەشی بە "مەترسیدار" ناو بردووە.

***

### کاردانەوەی کۆنسولگەرییەکانی ئاڵمان، کانادا، بریتانیا و فەڕانسە لە هەرێمی کوردستان بە هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران

کۆنسولگەرییەکانی ئاڵمان، بریتانیا و فەڕانسە لە هەرێمی کوردستان پەلامار و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و مووشەکبارانی بنکە و بارەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان مەحکووم کرد.

کۆنسوولگەری بریتانیا لەگەڵ مەحکوومکردنی هێرشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ئێران دەبێ دەستبەجێ ئەم دەستدرێژییانە بۆ سەر دراوسێی خۆی ڕابگرێت. دەیڤید هانت، سەرکۆنسوولی بریتانیا لە هەرێمی کوردستانیش لە تویتێکی جیادا ئەو سنووربەزاندنانەی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم کردووە و بەپێچەوانەی ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکانی ناو بردووە.

هاوکات کونسولخانەی کانادا لە هەولێر ڕایگەیاندووە کە بەردەوامیی هێرشەکانی ئێران بە مووشەک و درۆن بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عیراق جێگای قبووڵکردن نییە. کۆنسوولی کانادا دەڵێ ئەم جۆرە هێرشانە سەروەریی عێراق پێشێل دەکەن و ژیانی هاووڵاتیان دەخاتە مەترسییەوە و ناتوانن چارەسەری ماف و داوا ڕەواکانی خەڵکی ئێران بۆ گۆڕانکاری بن.

کونسولخانەی ئاڵمان لە هەرێمی کوردستانیش ڕایگەیاندووە هێرشی دووبارەی ئێران بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر هەرێمی کوردستان مەحکووم دەکەین و داوا لە ئێران دەکەینەوە ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و سەروەریی خاکی عێراق بگرێت و دەبێ هێرشەکان دەستبەجێ بوەستێندرێن.

هەر لە درێژەی ئەو هەڵوێستانەدا وتەبێژی وەزارەتی ئورووپا و کاروباری دەرەوەی فەڕانسە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە ئەم هێرش و دەستدرێژییانە پێشێلکردنی سەروەریی عێڕاق و یاسا نێودەوڵەتییەکانە و هەڕەشەن بۆ سەر سەقامگیریی عێڕاق و ناوچە. لەو بەیاننامەیەدا هاتووە وڵاتی فەڕانسە هەموو ئەو پێشێلکارییانە مەحکووم دەکات و ئەم هێرشانە دەبێ بوەستێندرێن.

***

### یونامی: نابێ هەرێمی کوردستان وەک گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بەکار بێت

نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق هێرشەکەی ئێران بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستانی مەحکووم کرد و داوای کردووە خاکی عێراق وەکوو گۆڕەپان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بەکار نەهێندرێت.

یۆنامی دەڵێ ئەو هێرشانە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراقن و هاوکات هانی نێوان لایەنی عێراقی و ئێرانی دەدات بە دیالۆگی "نیگەرانییە ئەمنییەتییەکان"ی نێوانیان چارەسەر بکەن.

***

### باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق: ئێران دەبێ هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و عێراق بوەستێنێ

سامویێل وێربێرگ، وتەبێژی هەرێمیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە عێڕاق

ڕۆژی دووشەممە، ١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢،

ئەلینا ڕۆمانۆڤسکی، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق ڕایگەیاند "ئەمریکا بەتوندی هێرشی مووشەکی و دڕۆنیی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستانی مەحکووم دەکات و داوا لە ئێران دەکات هێرشکردنەسەر دراوسێکەی و گەلی عێراق بوەستێنێ". باڵیۆزی ئەمریکا هەروەها دەڵێ ئەمریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی عێراق لە بەغدا دەمێنێتەوە.

پێشتریش سامویێل وێربێرگ، وتەبێژی هەرێمیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وێڕای مەحکوومکردنی ئەو دەستدرێژییە، هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی بە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق ناو بردبوو.

***

### مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریی دێموکراتی کوردستان: پێویستە کۆماری ئیسلامی ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێت

مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر هەرێمی کوردستانیان مەحکووم کردوە.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کۆماری ئیسلامی ئەوە چەندەمین جارە هێرش دەکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان و بەداخەوە لەو سۆنگەیەوە شەهید و برینداری زۆر هەن. مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریی دێموکراتی کوردستان دەڵێ ئەو هێرشانە هیچ پاساوێک هەڵناگرن و پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێمی عێڕاق و هەرێمی کوردستان و پێچەوانەی ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ و هەموو یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانیشە و ڕێژیم دەبێ ڕێزیان لێ بگرێت.

***

### پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران: کۆماری ئیسلامی هۆکاری نائۆقرەیی سیاسی ئەمنییەتی ناوچەیە

مەکتەبی سیاسیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی مەحکووم کردووە. پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان وێڕای ناردنی سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ئەو پەلامارە، دەڵێت ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە هۆکاری نائۆقرەیی سیاسی و ئەمنییەتی ناوچەیە.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە سنووربەزاندنی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی دوور لە نەریتی دراوسێیەتی و پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە و پێویستە ئەو هێرشانە هەرچی زووە ڕابگیرێن، ئەوەش ئەرکی حکوومەتی عێڕاق، نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمانە ڕێگری بکەن لە هێرش و پەلامار و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

***

### ڕێکخراوی خەبات: کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی ڕقی ڕەشی خۆی بە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی برێژێ

ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان دەڵێ بە بڕوای ئێمە ڕێژیم کە لە بەرانبەر ڕاپەڕینی بەرین و بەردەوامی خەڵکی ئێران بەگشتیی و، بەتایبەتیی خۆڕاگریی و چاونەترسیی خەڵکی کوردستاندا، هەست بە داماویی و دەستەوەستانیی دەکا، بەم هێرشە ترسەنۆکانەیە دەیەوێ لە لایەک ڕقی دەروونیی ڕەشی خۆی بە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی برێژێ و لە لایەکیش سەرنجەکان لەسەر ئەو ڕاپەڕینە پیرۆزە و دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی لە دنیای دەرەوە و ڕاگەیەنە جیهانییەکاندا لابەرێ.

ڕێکخراوی خەبات دەڵێ کۆماری ئیسلامی بە درێژەدان بە سیاسەتی دەستدرێژیی بۆ سەر سەروەریی وڵاتان و شکاندنی شکۆی گەلان و دەوڵەتانی دەروروبەر خۆی وەک دەسەڵاتدار و بڕیاردەری ناوچەکە نیشان بدا. لە درێژەی ئەو بەیاننامەیەدا داوا لە دامەزراوە جیهانییەکان و دەوڵەتانی خاوەنبڕیار و ناوەندە بڕیاربەدەستە نێودەوڵەتییەکان کراوە کە ئەگەر هەتا ئێستا سنوورێکیان بۆ سەرەڕۆیی و یاساشکێنییەکانی ڕژیمی ملهوڕی تاران دانەناوە، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک پێویستترە هەرچی زووتر بە کردەوە هەنگاوی پێویست لەو پێوەندییەدا هەڵبێننەوە و نەهێڵن چی دیکە ئەو ڕژیمە یاریی بە خوێن و ژیانی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئارامیی و ئاساییشی ناوچەکە و جیهان بکا.

***

### حیزبی چەپی ئێران: کۆماری ئیسلامی بە بۆمبارانی بنکەکانی حیزبەکان ڕزگاری نابێت

هەیئەتی سیاسی-ئیجرایی حیزبی چەپی ئێران (فیداییانی خەلق) بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند کە بۆمبارانکردنی بنکەکانی حیزبەکانی کوردستان دادی نادەن و بەوە ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات.

حیزبی چەپی ئێران دەڵێ لەسەر ئەوە باوەڕەین کە بەردەوامیی خەباتی گەلانی ئێران بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە پشتیوانیی میلیون کەسیی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵاتدا بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەها وەزاڵە هێناوە کە کات و ساتەکان بە زیانی خۆی دەبینێ و، ئەو کردەوانەشی بۆ دنەدانی خەڵک و خۆشکردنی بوار بۆ توندوتیژیی زیاترە؛ بۆ ئەوەی پەنابردن بۆ چەک و کۆمەڵکوژی پاساو بداتەوە.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە وێڕای دەستخۆشی لە سیاسەتی ژیرانەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە بە هەڵوێستەکانیان دنەدان و سیاسەتەکانی ڕێژیمیان مایەپووچ کردووە، خۆمان بە یار و یاوەری حیزبە هاوڕێ و خەڵکی خەباتکاری کوردستان لەدژی کۆماری ئیسلامی دەزانین و دەست لەنێو دەست بۆ تێکەوەپێچانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدەین.

حیزبی چەپی ئێران (فیداییانی گەل) وێڕای مەحکوومکردنی کردەوە جینایەتکارانەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو ئاکامگیرییەی کردووە کە دڕندەییەکانی ڕێژیم دادی نادەن، بەڵکوو پەتی دار لە ئەستۆی کاربەدەستانی گەندڵ و جینایەتکاری ئەو ڕێژیمە توندتر دەکەن.

***

### حیزبی شیوعیی کوردستان: پێویستە ئاسمان و زەویی هەرێمی کوردستان لە مەترسییەکانی ئێران بپارێزرێت

سوبحی مەهدی وتەبێژی حزبی شیوعیی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەم پێشێلکارییانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و عێراق مەحکووم دەکەین، داواکاریشین حکوومەتی عێراق لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەوڵی ڕاگرتنی ئەم پێشێلکارییانە بداتەوە.

ئەو گوتی دەستدرێژییە بەردەوامەکانی ئێران و تورکیە بۆ سەر خاکی عێراق و هەرێم، پێوێستیی پەلەکردن لەو داخوازییەی کۆمەڵانی خەڵک و هێزە سیاسییەکان وەبیر دێنێتەوە، کە پێویستە کار بۆ چەتری پارێزگاری ئاسمانی و زەمینی بکرێت بۆ کوردستان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستانی گەلەکەمانەوە.

***

# پێگەی لاوان لە بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێراندا



د. کامران ئەمین‌ئاوە

لاوانی ئێران هێزی سەرەکی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"ن و بزووتنەوەی ئێستا نیشانەی ویستە شارۆمەندییەکانی "ئازادی، جیایی ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت، دادپەروەریی و بەرانبەری ڕەگەزی"یە.

بەشداری و چالاکیی بەرچاوی لاوان لە بزووتنەوە شۆڕشگێرانەکانی جیهان دیاردەیەکی گشتی و جیهانییە. بە گشتیی، لاوان هێزی سەرەکی و بزوێنەری بزووتنەوە گۆڕانخوازەکانن. لە ئێرانی ئەمڕۆشدا، لاوان لەم بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەی ئێستادا کە لەپێناوی گۆڕانی بنەڕەتی لە کۆمەڵگە و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوتووە، پێیان ناوەتە نێو گۆڕەپانی خەباتەکە. بۆ دیتنەوەی وەڵامی بەشداریی بەرچاوی لاوان و بەتایبەتی کیژ و ژنانی ئێرانی لەم بزووتنەوەیەدا، دەکرێ و پێویستە بەستێنی عەینی و زەینی ئەم بەشدارییە لە پێوەندیی لەگەڵ فاکتەری پێکهاتەی تەمەنیی حەشیمەتی ئێران و گەلێک کێشەی لاوان لە بواری جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا شی بکرێتەوە.

## لاوان و پێکهاتەی تەمەنیی حەشیمەتی ئێران

بەپێی دوایین سەرژمێریی گشتیی خەڵک و ماڵ لە ساڵی ١٣٩٥، پێکهاتەی تەمەنیی ئێران بریتییە لە" منداڵ و میرمنداڵ(ژێر ١٥ ساڵ) ٢٤٪ بەرانبەر بە ١٩/٢ میلیۆن کەس، لاوان(١٥ تا ٢٩ ساڵ) ٢٥/١٪ بەرانبەر بە٢٠/١ میلیۆن، وەنێوکەوتووان (٣٠ تا ٦٤ ساڵ) ٤٤/٨٪ بەرانبەر بە ٣٥/٨ میلیۆن کەس و بەساڵداچوو (٦٥ ساڵ و سەرتر) ٦/١ ٪ بەرانبەر بە٤/٩ ملیۆن کەس. بە پێی ئەم کۆژمارە لە سەتا ٤٩/١ی حەشیمەتی ئێران واتە ٣/٣٩ میلیۆن کەس لە خەڵکی ژێر ٣٠ ساڵ پێکهاتووە. بەم پێیە، بێجگە لە ڕادەی زۆربوونی لاوان لە پێکهاتەی حەشیمەتیی ئێران، گوشارەکانی دەوڵەتی ئۆلیی [ئایینی] ئێران تەنانەت لە هەرێمی تاکەکەسیش وەکوو سەرەتاییترین مافی ئینسانی، هەروەها کاریگەریی نەرێنیی قووڵتربوونی هەرچی زۆرتری کەلێنی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ژیانی ئەوان لە بواری جۆراوجۆر وەکو خوێندن، ماڵ، دەرمان، هەلی کار و بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان و هتد، هۆی سەرەکیی بەشداری لاوان لە شۆڕشی نوێ ئێراندایە.

## کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لاوان

لاوانی ئێرانی هاوکات لەگەڵ دەستتێوەردانی بەردەوام و ڕۆژانەی کارگێرە وردە و درشتەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە ژیانی خۆیی ئەوان و، پێشێلکردنی ئازادیی تاک و شارۆمەندییان، هاوکات بەهۆی گوشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی سیاسەتیماڵوێرانکەری دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێرانە، توانایی دەستەبەر و ڕێکخستنی ژیان و دروستکردنی داهاتووی خۆیانیان نییە. زانیارییەکانی فەرمیی ئێران سەبارەت بەو کێشانەی تەواوی ئێرانی تەنیوەتەوە، پیشاندەری ئاستی ئەو کارەساتە گەورەیەیە کە ژیانی تەواوی خەڵکی ئێرانی بەگشتی و، ژیانی لاوانی بە تایبەتی خستووەتە مەترسییەوە. بۆ وێنە:

"بەپێی ڕاپۆرتی بڵاوکراوە لە چۆنیەتیی هەلی کار؛ ڕادەی بێکاریی لاوان ١٥ تا ٢٤ ساڵ لە ئێران لە پووشپەڕی ساڵی ١٤٠١ هەتاوی گەیشتۆتە ٢٤٪، واتە، لە بەهاری ساڵی ١٤٠١ نزیک بە یەک لە چواری ئەو لاوانەی لە تەمەنی ١٥ تا ٢٤ ساڵ بە شوێن کاردا گەڕاون، نەیانتوانیوە کارێک بدۆزنەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەکان پێشان دەدەن، لە گرووپی تەمەنیی لاواندا، ڕادەی بێکاریی ژنان نزیکەی دووقات زۆرتر لە نرخی بێکاریی پیاوانە و، ئەمەش نیشان دەدات ژنان لە تەمەنی خوارتر بۆ دیتنەوەی کار کێشەیان زۆرترە. بەگشتی ڕادەی بێکاری لە لاواندا بەرزتر لە بێکاری لە ڕادەی گشتی‌دایە [...] ڕادەی بێکاری لە تەمەنی ١٨ هەتا ٣٥ ساڵ لە ناوچە شارییەکانی وڵات لە بەهاری ئەمساڵ نزیک بە ١٨٪ بووە و بە بەراوەرد لەگەڵ وەرزی هاوتا لە ساڵی ڕابردوودا، نزیکەی سەتا یەک بەرز بۆتەوە. ڕادەی بێکاری لە ناوچە گوندییەکاندا، هەر لەم تەمەنەدا نزیک بە سەتا ١٢ بەرز بۆتەوە و ئەم ڕادەیە بەراوەرد بە بەهاری ساڵی ١٤٠٠ کەمتر لە سەتا یەک زیادی کردووە. بەگشتی دەکرێ بێژین بەرزبوونەوەی ڕادەی بێکاریی لاوان لە ناوچە شارییەکان پتر لە گوندەکانە.

سروشتییە، بە پێی ڕادەی سەرەوەی بێکاری و نەبوونی بارودۆخی پێویست بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، ڕادەی لاوانی سەڵتی وڵات بەرز و ڕادەی زاوزێ و منداڵداربوون کەم بێتەوە و، تەمەنی حەشیمەتیی وڵات بەرەو پیری بڕوا. بێ‌گومان ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێ، بەپێی قسەکانی مەسعوود عالەمی نیسی، سەرۆکی بنکەی توێژینەوەی حەشیمەتیی وڵات، مامناوەندی تەمەنی خەڵکی ئێران لە ٣٠ ساڵی داهاتوودا دەگاتە نزیکەی ٤٨ ساڵ و دەتوانین بڵێین لە ساڵی ١٤٣٠ نزیکەی ٣٣٪ حەشیمەتی وڵات بەساڵداچوون و، ئەمە بەم مانایەیە کە لە هەر ١٠ کەس، چواری پیر دەبن".

بەپێی کۆژمارە فەرمییەکان "ڕێژەی کرێنشینەکانی ئێران لە ١٢٪ لە ساڵی ١٣٦٥ گەیشتۆتە ٣٨٪ لە ساڵی ٩٩. ئەمە بەم مانایەیە کە ٣٢ میلیۆن ئێرانی گیرۆدەی کێشەی کرێ‌ماڵن. ئەم ڕێژەیە لەم ڕوانگەیەوە گرینگە کە بەپێی کۆژمارەکان، لە ناوچە شارییەکانی وڵات ٤٣٪ خەرجی بنەماڵەکان پێوەندیی بە کرێ‌ماڵەوە هەیە؛ ئەم ژمارەیە ٢/٢ بەرانبەری مامناوەندی خەرجی بنەماڵەکان لە جیهان‌دایە. بەپێی ڕاپۆرتی بڵاوبۆوە لەلایەن جێگیری ماڵ و ساختومانیی وەزارەتی ڕێگا و شارسازیی تەنیا لە دوومانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠١دا، مامناوەنجی کرێ‌ماڵ بۆ یەک میتری چوارگۆشە یەکەی نیشتەجێ‌بوون لە تاران لە بانەمەڕی ئەمساڵدا گەیوەتە ١٢٦ هەزار و ٩٠٠ تمەن، کە بە بەراوەرد لەگەڵ ئەژماری ٨٤ هەزار و ٨٠٠ تمەن لە کۆتایی ساڵی ١٤٠٠دا نزیکەی سەتا پەنجا زیادی کردوە و، لە ماوەی ١٠ ساڵدا مووچە ١٢ جار و کرێ ماڵ ١٤ جار زیادی کردوە."

بە پێی بارودۆخی ئابووری زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا، بەرزبوونەوەی کرێ‌ماڵ و خواردەمەنی، ئاستی خوارەوەی مووچە و کێشەی بێکاری، نەک بوون بە خاوەن‌ماڵی، بەڵکوو بۆ زۆر کەس کرێ‌ماڵ دانیش بۆتە ئاواتێکی وەدی‌نەهاتوو. بەپێی بنەڕەتی مووچەی ٢ میلیۆن تمەنی لە ئێران، بە بەراوەردێکی سانا و هاسان نزیک بە ٥٠ ساڵ دەخایەنێ هەتا لاوێک ببێتە خاوەن‌ماڵ"!

لەلایەکی دیکەوە پرسی هەژاری و قەیرانی کار و دامەزران گرفتێکی هەرە گەورەی دیکەی کۆمەڵگەی ئێستای ئێرانە. "توێژینەوەکانی دەیەی ٩٠ دەریدەخەن کە بنەماڵە گەورەکانی ئێران، سەرەڕای هەبوونی کار، توانایی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خێزانەکەیان نییە. [...] تا مانگی خاکەلێوەی ١٤٠١، نرخی خۆراک لە ئێران بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی ٤٣٪ زیادی کردووە، هۆکاری سەرەکییش بۆ وشکەساڵیی چڕ، سزا ئابوورییەکان، هەڵاوسان و گەندەڵیی بەشێک لە دەزگا دەوڵەتییەکان دەگەڕێتەوە[....]. بەپێی ڕاپۆرتی ایران پرایمر و بە پێی کۆژماری حکومەت، تا سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی ٣٠٪ی بنەماڵەکان لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیاون. هەندێک لە شارەزایان مەزەندەیان کردووە کە لانیکەم نیوەی ٨٥ میلیۆن کەس لە دانیشتووانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و هەڵاوسان کە بۆ هەموو کاڵاکان گەیشتووەتە ٤٠ لە سەد، بەرۆکی گرتوون. لە ساڵی ١٩٩٤وە ئەم هەڵاوسانە بەرزترین ڕێژەی ساڵانەیە. لە ئێراندا ١٨٪ی خەڵکی کۆمەڵگە تووشی هەژاریی ڕەها بوون [...]. فەرامەرز تۆفیقی، سەرۆکی کۆمیتەی حەقدەست لە ناوەندی بەرزی شوورای ئیسلامی کاری وڵات، لەم پێوەندییە لە وتووێژێکدا دەڵێ" هیوای خاوەن‌ماڵبوونی کرێکارێک لە تاران، گەیشتووەتە ١٢٣ ساڵ. ئێستا ئەگەر جلوبەرگ و دەرمان و خەرجی خوێندن و خەرجییەکانی دیکەش لای ئەم شتانە دابنەین؛ "بەڕاستی هەڵاوسان هاوار دەکات". "ئەمڕۆ هەڵاوسانی فەرمی خۆراک بەراورد بە ساڵی پێشوو زیاتر لە ٨٦٪ و هەڵاوسانی ڕاستەقینەی سەبەتەی بژێوی کرێکاران زیاترە لە ١٠٠٪".

نەبوونی ئازادیی تاکی و سیاسی، هەروەها بەپێی هەندێک کۆژماری سەرچاوە فەرمی و نافەرمییەکانی ئێران، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری، گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک، کێشەی دابینکردنی خانووبەرە و بەرزبوونەوەی کرێی ماڵ و هتد، هیچ هیوایەکی بۆ داهاتووی لاوانی ئێرانی نەهێشتۆتەوە. لە دۆخێکی وادا سەیر نییە کە لاوان و بەتایبەتی ژنانی ئێرانی کە بە دەست چەوساندنەوەی دووهێندی جنسیەتییەوە دەناڵێنن، بنەمای سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر بن و، داوای ڕووخاندنی ئەو حکوومەتە بکەن کە بەربەستی سەرەکییە بۆ وەدیهێنانی ژیانێکی بەشەرەفانە.



## پرسی حیجاب و ئازادییە شارۆمەندییەکان

لە سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانەوە، سەرەڕای پەسەندکردنی بەشێک لە مافی شارۆمەندی وەک مادەی ٣٢ تا ٣٩ لە یاسای بنەڕەتیی ئێران و بڵاوکردنەوەی چەندین جاڕی مافی شارۆمەندیی لەلایەن سەرۆککۆمارەکانیەوە، بۆ یەک ڕۆژیش هیچ کام لە بەڵێنە بێ‌بنەماکانی جێبەجێ نەکراون. سەرەتاییترین مافەکانی شارۆمەندیی وەک: هەرێمی خۆیی و بەتایبەتی مافی جلوبەرگ، مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، کەرامەت و یەکسانیی مرۆڤایەتی، ئاسایشی شارۆمەندیی و هتد لەلایەن دەسەڵاتدار و کارگێڕە فەرمی و بەرگمەدەنییەکانەوە پێشێل کراون. یەکێک لە دیارترین شێوەکانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی شارۆمەندی ژنانی ئێران، سەپاندنی "حیجابی ئیسلامی و ستەمی ڕەگەزی"یە، کە سێ حەوتوو دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ڕێبەندان لە ساڵی ١٣٥٧ بە فەرمانی خومەینی جێبەجێ کرا و، لەو کاتەوە ژنانی بێ‌حیجاب ڕێگرییان لێ کراوە بچنە نێو دامودەزگاکانی حکوومەتییەوە. لە هەموو ساڵانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ژنانی ئەم وڵاتە بە هۆی جۆراوجۆر و بە بیانووی پێشێلکردنی "حیجابی شەرعی" بەپێی مادەی ٦٣٨ی یاسای سزادانی ئیسلامی سزا دراون. یاساکانی سەدەی نێوەڕاستی شەریعەت، وەک یەکێک لە نیشانە ئاشکراکانی فیکر و هزری کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی کە تێکەڵ بە یاسا فەرمییەکانی حکوومەتی ئێران بووە، وێرای دەستتێوەردان لە تەواوی بوارەکانی سروشتیی ژیانی کۆمەڵ، بۆتە هۆی سەپاندنی گوشاری پڕووکێنەر و لە ئەنجامدا ئازاری دەروونی و جەستەیی خەڵک و بەتایبەت ژنانی ئێرانی. ئەمەش شتێکە کە ململانێکردن لەگەڵی وەک نکۆڵیکردن لە تەواوی سیستەمی ئایینیی حاکم، واتە پاژنەی ئاشیلی ڕژێمی ئیسلامی ئێران پێناسە دەکرێ.

لەلایەکی دیکەوە، ژنە ئازادیخوازەکانی ئێران نەک لە بواری حیجاب بەڵکوو بەپێی یاسا ئیسلامییەکان لە تەواوی بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەوە دەچەوسێنەوە. ژنانی ئێرانی بەباشی ئاگاداری ئەو ڕاستییەن کە لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا کە لەسەر بنەمای شەریعەت و یاسای کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی دامەزراوە، هیچ ئەگەرێکی چاکسازی لە ئارادا نییە و، تاکەڕێگە بۆ ڕزگاربوونیان و گەیشتن بە ژیانێکی مۆدێرن، کۆتایی‌هێنان بە دەسەڵاتی حکوومەتی ئۆلی لە ئێران‌دایە.

بزووتنەوەی جەماوەریی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بە کوشتنی بێ‌بەزەییانەی ژینا [مەهسا] ئەمینی لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا دەستی پێ کرد، گەورەترین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەردەمیانە بە پێشەنگایەتیی ژنان و پشتیوانی بەرچاوی پیاوانی ئێرانییە. داڕشتنی ئەم دروشمە لەلایەن پیاوانی کورد لە ڕۆژی ناشتنی ژینا [مەهسا] ئەمینی لە شاری سەقز و تەشەنەسەندنی خێرای لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران، وێڕای ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە پرسی حیجاب، چەند خاڵی سەرەکی لە داواکارییەکانی شارۆمەندی تەواوی خەڵکی ئێران، وەک "ئازادیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، سیکۆلاریزم -جیاکردنەوەی ئایین لە حکوومەت و سیاسەت-، دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیاو" لەخۆ دەگرێ.

کچان و ژنانی ئێرانی کە بێجگە لە هەموو جۆرە ستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر لە ٤ دەیەیە تووشی ستەمی ڕەگەزییش بوون، داهاتووی خۆیان لە گۆڕینی حکومەتدا دەبینن نەک گۆڕانکاری لە حکومەت. ژن و پیاوە ئازاکانی ئێرانی بە بەشداری لە گەورەترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ٤ دەیەی ڕابردوودا خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ئێراندان کە بە پێشکەوتنخوازترین و مۆدێرنترین ڕاپەڕین نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە هەموو جیهان لەقەڵەم دەدرێ.

## نەبوونی ڕووخسارێکی کاریزما و ڕێبەرێک لە بزووتنەوەکەی ئێستا و، داهێنانی لاوان لە هەڵبژاردنی شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزی سەرکوتکەر

هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی ناکوجێی لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بەرهەمی ئەزموونی ڕاپەرینە سەرکوتکراوەکانی ڕابردووی خەڵکی ئێران لە دەیەکانی پێشوو لەلایەن هێزە کۆنەپەرەست و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، نیشاندەری جووڵەی ژیرانەی خەباتگێڕانی سەر شەقامەکان دژ بە حکوومەتی ئیسلامییە. بێ‌گومان لە ڕەوتی پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیەدا، بەشدارانی توانایی گەیشتن بە کۆدەنگی و کاری بەڕێوەبردنی هاوبەشیان هەیە.

ئێستاش ئێمە شایەتی هاودەنگی، ڕێکخستن و وەیەکخستنی نەگوتراو لە ڕەوتی بانگهێشتکردنی خەڵکی ئێران لە ڕۆژانی دیاریکراو بۆ بەشداریکردن لە ڕێپێوان و ناڕەزایەتییە گشتییەکان و دانی دروشمی هاوبەشین.

لەلایەکی دیکەوە نەبوونی ڕووخسارێکی کاریزما یەکێکە لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم بزووتنەوەیە. خەباتکارانی سەر شەقامەکان کە بۆ گەیشتن کە بە داواکارییە عەینی و ڕاستەقینەکانیان، خەباتی مان و نەمان دژ بە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن، ژیان و چارەنووسی شۆڕشی داهاتوویان بەم ساکارییە ناسپێرنە دەست ڕووخسارێک کە بیەوێ ببێتە خاوەن شۆڕش و، ڕێ‌وشوێنیان پیشان بدات. بەڵکوو ئەوان بە گەڵاڵەکردن و خستنەڕووی درووشمە پێشکەوتنخوازانەکەیان، کە لە ویست و داواکاریی ڕاستەقینەی خۆیان سەرچاوەی گرتووە، ڕێگای ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە و گۆڕینی ژیانی سیاسی لە ئێراندا تەیار دەکەن. لەم ڕەوتەدا کەسانێک دەتوانن لە داهاتووی ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن، کە خۆیان لەگەڵ ویستی هێزی سەرەکی و بزوێنەری شۆڕشی مۆدێرنی ئێستای ئێران بگونجێنن کە داوای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و حکوومەت، ئازادی، یەکسانی ژن و پیاو و هتد دەکەن، نەک پێچەوانەکەی.

ڕەوتی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئێستای ئێران بە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی بەرهەڵستیی شۆڕشی ١٣٥٧ گەلێک خێراترە. ئەگەر ڕاپەڕینی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٦ لە تەورێز، وەک خاڵی وەرچەرخانی شۆڕشی ئێران، چل ڕۆژ دوای خۆپیشاندانەکانی شاری قوم دەستی پێ کرد و وردە وردە بە مەودای زیاتر لە ٦ مانگ گەیشتە ناوچەکانی دیکەی ئێران، مەودای بزووتنەوەی ئێستا بە کەمتر لە حەوتوویەک دوای ڕاپەڕینی خەرمانانی سەقز، هەموو ئێرانی تەنیوەتەوە و، لە کوردستانەوە تا تاران، لە زاهیدانەوە تا ئەهواز و تەنانەت لە ئێرانەوە تا ئوروپا و ئەمریکاش گەیشتووە.

بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی درەوشاوەی خەباتی سیاسی و نافەرمانی مەدەنی لە کوردستاندا، ئەم بزووتنەوەیە لەوێدا لایەنێکی تەواو جەماوەری بە خۆیەوە گرتووە و لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیش پانتایی خەباتی پیشەیی و مەدەنی و پێشوازی‌کردنی چین و توێژی ناونجی و زەحمەتکێشی کۆمەڵ لەم بزووتنەویە لە زیادبوون‌دایە. مانگرتنی کرێکارە پەیمانی و گرێبەستە کاتییەکانی پرۆژەی کێڵگە نەوتی و گازییەکانی پارسی باشووری(عەسلویە و پارێزگای بوشێهر)، کرێکارە پەیمانییەکانی فازی دووهەمی پاڵاوگەی ئابادان، شورای هەماهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێرانی، مامۆستایانی زانکۆ، پزیشکان، پارێزەران، وەرزشوانان، هونەرمەندان و هتد نیشانەی ئاشکرای گەشەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە و پێوەستبوونی خێرای چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانە بەم بزووتنەوەیە. بێ‌گومان پێ بە پێی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ژینا، ئەو ماتەوزەیەی لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران ناڕازییە و، بە گوتەی مستەفا ڕۆستەمی، سەرۆکی ڕێکخراوی نوێنەرایەتیی ڕێبەریی لە زانکۆکانی وڵات، لە ئەنجامی ڕاپرسییەکدا،[گوایە] "لەسەدا ٨٣" خەڵکی بەشدارییان لە ناڕەزایەتییەکاندا نەکردوە، بەڵام ناڕەزاین؛ ١٠٪ی خەڵک ئاژاوەگێڕییەکان [بخوێنەرەوە ڕاپەڕین] و ٥٥٪یش ناڕەزایەتییەکانیان پەسەند دەکەن"، هەندی بزووتنەوەی لاوانی شۆڕشگێڕ و مۆدێرن گەیشتۆتە تەواوی چین و توێژە لە ناخەوە ناڕازییەکانی کۆمەڵ و، درەنگ یان زوو ئەو ناڕەزایەتییانە دەتەقێتەوە و بەکردەوە یەخەی دەسەڵات دەگرن.

**سەرچاوەکان:**

١. رئیس نهاد نمایندگي رهبري در دانشگاەهاي کشور ٨٣ درصد مردم ایران معترض‌اند. کیانیوز، شنبه ١٤ آبان ١٤٠١
https://www.kebnanews.ir

٢.روند نرخ بیکاری جوانان در مناطق شهری ایران. دنیای اقتصاد
/https://donya-e-eqtesad.com

٣.امسال ، بدتر از پارسال / افزایش ٤٠ درصدی نرخ بیکاری جوانان، خبرآنلاین
https://www.khabaronline.ir

١٢.٤ میلیون دختر و پسر "مجرد" در کشور/ نرخ باروری زیر ٢ یعنی "جانشینی" برای جمعیت وجود ندارد. سایت تحلیل خبری عصر ایران
https://www.asriran.com

٥.خط فقر در ایران از ١٨ میلیون تومان گذر کرد؟ اعتماد آنلاین
https://www.etemadonline.com

٦.٥٠ درصد هزینه مستاجران ایرانی مربوط به مسکن، شبکه شرق
https://www.sharghdaily.com

٧. جوان ایرانی در چه سنی صاحب‌خانه می‌شود؟ ملک هفت
ir.https://melkev

دیار زاگرۆس

# فەرهەنگی پێشمەرگایەتی

پژمان شەریعەتی

چەمکی فەرهەنگ گشتگیرە و بەشێکی سەرەکی لە ژیانی مرۆڤایەتییە. "ئێدوارد تایلور" فەرهەنگ بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "تەواوەتییەک لە زانست، ڕەوشت، دین، هونەر، عادەت، دابونەریتەکان، باوەڕ و بیرکردنەوە و تواناییەکان کە مرۆڤ لە درێژەی تەمەنیدا فێریان دەبێت".

بەپێی ئەو پێناسەیە دەتوانین بڵێین کە هیچ مرۆڤێک بێفەرهەنگ نییە و لە بەرانبەردا ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوەکان گرێ دراوە بە فەرهەنگ و هەرکام لەو خاڵانەی کە تایلور باسیان دەکات مرۆڤەکان لە درێژەی ژیانیاندا هەڵگری دەبن، یان لانیکەم بەشێکیان ئاوێتەی کۆمەڵگە دەبێت. بۆ نموونە ڕەنگە تاکێک دین هەڵنەبژرێت، بەڵام لە کۆمەڵگە لەگەڵ دیندارەکان لە پەیوەندیی ڕۆژانەدا دەبێت.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەڵکەوتەی جوغرافیایی، دەسەڵات، سروشت، ڕەگەز و... کاریگەرییان دەبێت لەسەر فەرهەنگی تاک و کۆمەڵگە، هەروەها لە نێو کۆمەڵگەیشدا، پۆلێنبەندییەکانی کۆمەڵایەتی، بنەماڵە و پیشە دەبنە هۆی دابەشکاری و جیاوازیی فەرهەنگی و، وردە فەرهەنگەکان پێک دێنن، بەو واتایە کە هەرکام لەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە، بەپێی بیرکردنەوە و ئامانجی دیاریکراویان دەبنە خاونی هەڵسوکەوتی جیاواز و بەو جیاوازییە خۆیان پێناسە دەکەن و تەنانەت بێئەوەی خۆیان بناسێنن بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەتوانن بەڕوونی بیانناسن.

بۆ نموونە لە ڕوانگەی پیشەیی، کاتێک کۆمەڵگەی پزیشکان لە بەرچاو بگرین، بەپێی هەڵسوکەوت، زمانی ئاخاوتنیان، پۆشینی جلوبەرگ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان دەتوانین بێئەوەی پزشکێک خۆی بناسێنێ، بەڕوونی بیناسین، یان گرووپێکی ئایینی، سیاسی، هونەری و تەنانەت عەشیرەیی و ... بەپێی پێوەرە فەرهەنگییەکان بەو هێما و خاڵانەی کە بووەتە ناسنامەیان بۆ کۆمەڵگە دیارن.

بەو پێشەکییە با بێینە سەر باسەکەمان کە بە تیتری" فەرهەنگی پێشمەرگایەتی" دەستمان پێ کرد. پێشمەرگە وەکوو وشە واتاکەی ڕوونە، بەڵام وەکوو ماهییەت و فەلسەفە دەبێت لە ڕوانگەی عەقڵانی و ئەندیشەیی پێناسەی بکەین. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشێک لە کۆمەڵگە هەن کە پێشەنگن لە پاراستنی نیشتمان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، چ وەکوو هێزی نیزامی بێت چە ئەو هێزە فەرهەنگییانە کە لە وڵاتان وەکوو شوالیە و سامورایی و ... ناودێر کراون و دەتوانین بڵێین قارمانانی نیشتمانین.

بەڵام پێشمەرگە لەگەڵ هەموو ئەو چینانە جیاوازیی هەیە، بۆ نموونە شوالیەکان تەنیا بەشێک لە فەرماندەرانی هێزە نیزامییەکان و پێشەنگێکی نیزامی بوون و بەرژەوەندیی هێزەکەیان لە سەرەوەی هەموو شتێک بووە. یان هێزە مودێڕنەکان لە فۆرمی ئەڕتەش و سپا لە وڵاتان بە هەر ناوێک وەکوو کوماندۆ، پارتیزان یان پلەبەندییە نیزامییەکان وەکوو ئەفسەر و ژێنراڵ، تەنیا تاکێکی نیزامین و ئەرکیان پاراستنی دەسەڵاتە و مانەوەی وڵاتەکەیانە، بەو پێیە دەڵێینەوە کە پێشمەرگە جیاوازە، چوونکە تەنیا تاکێکی نیزامی نییە و ئەرکێشی پاراستنی دەسەڵات و سیستم نییە، بەڵکوو تەنیا هێز و تاکێکی جیهانە کە بوونی بە نیشتمان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و تاک و وڵاتەوە بەستراوەتەوە، ئەوەیش نەک تەنیا لە بواری نیزامییەوە بەڵکوو سەرەڕای توانایە نیزامییەکانی خاونی کەسایەتییەکی سیاسی و ئەندێشەیە کە کورد و کوردستان بۆ ئەو هێڵی سوورن. لە ڕوویەکی دیکەشەوە پێشمەرگە تەنیا جێبەجیکار نییە، واتە لە وڵاتانی دیکە هێزی سیاسی و دەسەڵاتدار بڕیار دەدا و هێزی نیزامی جێبەجیکارە، بەڵام پێشمەرگە خۆی بە ئەرکدار دەزانێت لە ڕاستای بەرژەوەندیی نیشتمانی و پاراستنی کەرامەتی تاک و کۆمەڵگەی کوردستاندا گیانفیدایی بکات و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە بەپێی ئەندیشە و بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسی دەجۆڵێتەوە و توانای شیکاری سیاسی و هەڵگری دیسکۆرسی تایبەتە.

بە دڵنیاییەوە پێناسە و خویندنەوەی پێشمەرگە زۆر ئەستەمە و لە چەند پاراگرافدا باس ناکرێ و کەمن ئەو کەسانەی بە شێوەی زانستی پێشمەرگە پێناسە دەکەن و کردوویانە. پێشمەرگە وەکوو ڕۆڵەیەکی قارمان خاون فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیەتی کە بەپێی ئەو پێوەرە فەرهەنگییانەی کە پێشتر باسمان کرد هەموو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان و تەنانەت جیهان، پێشمەرگە و تاکێکی ئاسایی لەیەک جیا بکەنەوە.

فەرهەنگی پێشمەرگایەتی بووەتە بەشێکی بنچینەیی لە فەرهەنگی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستان و کاتێک دێین لەم ڕۆژانەی شۆڕشی ژینا، دەڕاونینە شۆڕشگێڕانی شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خوێندنەوە لەسەریان دەکەین، دەبینین کە هەموویان هەوڵ دەدەن پێشمەرگانە بجووڵێنەوە و دەیانەوێ پێشمەرگە بن، بەو واتایە کە دروشمەکان لە ڕووی سیاسیەوە ئەندێشەیەکی مرۆڤتەوەرانە و کوردانەیان لەپشتە و، لە ڕووی پێشەنگایەتی و ڕێکخستنی و بوێری، دەیانهەوێ پێشمەرگانە بڕۆنە پێشەوە، لە ڕووی بەربەرەکانی و سەنگەربەندی لەنێو شەقامەکان پێشمەرگانە ڕادەوستن، ئەوە بەو واتایە کە جیا لە پێشمەرگەکانی شار و شاخ، خەڵکی کوردستان کە بەفەرمی پێشمەرگە نین، بەڵام لە ڕووی فەرهەنگەوە هەڵگری فەرهەنگی پێشمەرگانەن، یان دەتوانین بڵێین پێشمەرگە وەکوو ئولگویەکی سەرەکی بی ئەملا و ئەولای خەباتگێڕییە لە کوردستان هەم لە ڕووی سیاسی هەم نیزامی.

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات لەم ڕۆژانە پێشمەرگە ئاسا لە مەیدان‌دان، هەرچەند ئەوەی پێشمەرگە پێی دەکرێت، تەنیا لە توانای هەر خودی پێشمەرگەدایە، بەڵام ئەوەی ئیستا دەیبینین خەڵک پێشمەرگەی کردووە بە مەکتەبی ئەندیشەیی پراکتیکی و وەکوو قوتابییەکی بەتوانا مەیدانداری دەکات و ئەرکی خۆی لەم قوناغە لە شوڕش جێبەجی دەکات تاکوو قوناغی هاتنە مەیدانی پێشمەرگە نزیک بێتەوە.

قۆناغەکانی گوزار لە شوڕشەوە بەرەو سەرکەوتن دەستی پێ کردوە و، کورد بەباشی خەریکە بە فەرهەنگێکی پێشمەرگانە پلە بە پلە دەرواتە پێش و بەمەش پڕ ڕوونە کە سەرکەوتنمان مسۆگەرە.




# "جیاییخوازی" ناوی ڕەمزی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی


ڕەزا دانشجوو

شۆڕشی ژینا لە کاتێکدا چۆتە نێو سێهەمین مانگی تەمەنی خۆیەوە، توانیویەتی پێشینەیەکی زۆر سەرکەوتوو لە زۆر بواردا نیشان بدات، پێشینەیەک کە بەڵێنی ڕۆژانی گەش بۆ خەڵکی ئێران دەدات، بەبێ گوێدان بە هەندێک هەوراز و نشێو لە ڕۆژانی شۆڕش، کە لە بەرانبەر ڕێژێمێکی دڕندە و بێبەزەیی وەک کۆماری ئیسلامی، تەواو ئاساییە، خوێندنەوە و لێکدانەوەی سەیری ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی قەبوڵکراو. سازمانی بێ سەر و لە هەمان کاتدا یەکگرتوو و ئامانجداری شۆڕشی ژینا توانایی هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەرگرتووە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا زۆر جار هەوڵی دا بە بەستنەوەی شۆڕش بۆ گرووپ و بزووتنەوەیەکی ناسراو دوژمنێکی دیاریکراو بۆ خۆی پێناسە بکات و بتوانێت ئاراستەی شۆڕش بگۆڕێت. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و پارتەکانی دیکەی کوردستان، تۆمەتی پێوەندیی ڕێبەری سوننەی ئێران بە عەرەبستان و هتد، بەشێک لەم هەوڵە وەهمییەی ڕێژیم بوو کە بەهۆی وریایی خەڵک و ڕەچاوی سیاسەتی ژیرانە لەلایەن ئەم لایەنانە شکستی هێنا. خاڵێکی تر هێرشی شۆڕشگێڕان بۆ سەر تەواوی پرەنسیپ و چوارچێوەی سیستمەیی کۆماری ئیسلامی بوو، کە بەکردەوە ئەگەری دەستێوەردان و هەر جۆرە نێوەندگیرییەکی لەلایەن تاقمێک ڕەوتی سیاسیی نێو ڕێژیم -ڕیفۆرمخوازەکانەوە- نەهێشت. هێرشێکی وشیارانەی خەڵکی شۆڕشگێڕ بەتایبەت لاوان بۆ سەر هەموو ئەو بەهایانەی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە پێناسە کرابوون، لە دروشمدان دژی ڕێبەری ڕێژیم تا نارەزایەتیدەربڕین بە حیجابی زۆرەملێ و هێرشکردنە سەر ئاخوندەکانی سەر بە ڕێژیم. بەڵام ڕەنگە گرینگترین دەرئەنجامی ئەم ڕۆژانەی شۆڕشی ژینا، یەکگرتوویی نموونەیی نەتەوەکانی ئێران بووبێت کە بووەتە کابوسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. هەر لەو دروشمانەی کە لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕش لە کوردستان و ئازەربایجان بۆ پشتیوانی لە یەکتر دەدرا تا دەگاتە پاڵپشتی بۆ زاهیدان و بەلوچستان لە شارەکانی دیکە، ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ نیشاندانی یەکڕیزیی گەلانی ئێران.کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی بە هیچ جۆر نەیتوانی شەقام و دروشمە ئامانجدارەکانی خۆپیشاندەران بەلاڕێدا ببات، بە کەڵکوەرگرتن لە چیرۆکی کۆنی جوداییخوازی بۆ دوورخستنەوەی گەلانی ئێران لە یەکتر و بێهیواکردنی شۆڕشگێڕان لە ئاکامی شۆڕش لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵی دا بە بەکارهێنانی تاقمێک سێلیبریتیی حکومەتی و دووپاتکردەوەی ئەم ترسە، یەکڕیزی خەڵک تێک بشکێنێت. ڕێژیم لەم بوارهدا بەتەواوی شکستی خوارد، چونکە بەگشتی ئەوانەی حازر بوون هاوکاری ڕێژیم بکەن کەسانێک بوون کە لای خەڵک بە باشی ناسراو بوون و قسەکانیان لای جەماوەر هیچ بایەخێکی نەبوو.

لە قۆناخی دووهەمی ئەم پیلانەدا، ڕێژیم پەنای بۆ هەندێک لە بەکرێگیراوانی بیانی برد، کە تەنانەت بە ڕواڵەت لە نەیارانی ڕێژیمن بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەم ڕۆژانە پاشکەوت کراون. دیارە ئەمە بابەتەکە کەمێک ئاڵۆزتر دەکات و ڕەنگە تاقمێک کەس لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان تووشی هەڵە بکات. بەپێی ئەم پلانە، ئەو کەسانەی بەڕواڵەت دژی ڕێژیمن لە پەنا باسکردنی ڕاستییەکان بە هێنانە گۆڕی تیۆریی داتاشراو ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو جەماوەردا ساز بکەن و لە شۆڕش ساردیان کەنەوە. لە درێژەدا شیکاری بۆ لێدوانی دوو کەس دەکەین کە بە ڕواڵەت دژبەری کۆماری ئیسلامین و لە ڕیزی خەڵکدا وەستاون، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە شتێکی دیکە نیشان دەدات. خاتوو شیرین هانتەر (تەهماسب) ماوەیەک لەمەو بەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا، وێڕای دەربڕینی هەستی هاوسۆزی بۆ خەڵکی ئێران باسی لە مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی ئێران کرد! مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی "جۆرج تاون" لە ئەمریکا، بە دڵنیاییەوە وەک شرۆڤەکارێکی سیاسی مافی خۆیەتی خەمی داهاتووی وڵاتەکەی بخوات. کەواتە کێشەکە لە کوێیە؟ تەنها گەڕانێک لە گووگڵ لەسەر خاتوو هانتەر و بابەتەکانی چ وەک وتووێژ وە چ وەک نووسینی بابەت دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش. بە شێوەکی باوەڕپێنەکراو زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکانی خاتوو هانتەر لەگەڵ هەندێک لە دەزگاکانی هەواڵنێریی نزیک لە سوپای پاسداران وەک "مهر" و "مهر اندیشه" و... یە. لەوەش سەیرتر کاتێکە کە خاتوو هانتەر بە حیجابی ئیسلامییەوە لە بەرنامەی "شوکران"ی کەناڵی چواری کۆماری ئیسلامی ئێران دەردەکەوێت! پێویستە مرۆڤ لە خاتوو هانتەر بپرسێت لە کاتێکدا زۆرێک لە مامۆستایانی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆکانی ئێراندا یان لە زیندانن یان وانەوتنەوە و بڵاوکردنەوەی دەنگ و ڕەنگیان قەدەغەکراوە، چۆنە کەسێک کە سەردەمانێک نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ڕێژێمی شا لە لەندەن بووە، وا بووەتە جێی متمانە و باوەڕ و سەرنجی میدیاکانی نزیک لە سپای پاسداران؟

دوا بەشی ئەم سیناریۆ گاڵتەجاڕییە ئەو هەواڵەیە کە چەند ڕۆژێک دوای چاوپێکەوتنەکەی خاتوو هانتەر، لەلایەن "تسنیم"، میدیای سپای پاسدارانەوە بڵاو کرایەوە.. تەسنیم دەنووسێت: "چالاکیی جوداخوازەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە جۆرێک بوو کە، جگە لە نیگەرانیی خەڵک، هەندێک کەسایەتیی بیانییش خەڵکیان سەبارەت بە ئاکامی ئەم خۆپیشاندانانە وریا کردەوە. شیرین هانتەر، مامۆستای زانکۆی "جۆرج تاون" و ئەندامی ئەنجومەنی ئەمریکی بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە تاقمێک لە جوداخوازەکان کە هەندێک کەس بە ئازادیی نەتەوەکان ناویان دەبەن، بەدوای جیابوونەوەدا دەگەڕێن، هەر جارێکیش تێکهەڵچوون دەبێت، ئەوان لەم هەڵە کەڵک وەردەگرن"! چ پەیوەندییەکی قووڵە، خاتوو شیرین هانتەر، ئێوەش وەک سپای پاسداران وشەی ئاژاوە و گێرەشوێنێ بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران بەکار دەهێنن!

ئاشکرابوونی فایلێکی دەنگیی ڕەعنا ڕەحیمپوور، هەواڵنێری بی بی سی فارسی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، دووبارەبوونەوەی ئەم سیناریۆیە بوو لە فۆڕمێکی تر لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاری جەوهەری. هەرچەندە ڕەعنا ڕەحیمپوور هەوڵی دا لێشاوەکە بە ئاراستەیەکی تردا پاڵ بنێت و بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەم فایلە دەنگییە دزەپێکراوە و بەبێ ئیزنی ئەو بڵاو کراوەتەوە، بەڵام خەڵک باش لە ڕاستییەکان تێگەیشتوون. لەم فایلە دەنگییەدا، کە بەخێرایی لە لایەن میدیاکانی نزیک لە سپای پاسدارانەوە پێشوازی لێ کرا، خاتوو ڕەحیمپوور هەست بە مەترسیی پێدانی کات بە حیزبەکانی کورد و لۆر لە لایەن کانالی "ایران انترنشنال" دەکات و نیگەرانە لە هەڵوەشاندنەوەی ئێران. چ ڕستەیەکی ئاشنا!

دیارە خاتوو ڕەعناش وەک ڕۆژنامەنووسێک دەتوانێت خەمی داهاتووی وڵاتەکەی بێت. بەڵام چەند پرسیارێکی سادە لە خاتوو ڕەحیمپوورەوە دەتوانێت بەشێک لە ڕاستییەکان ڕوون بکاتەوە. خاتوو ڕەحیمپوور دەڵێت ئەم فایلە دەنگییە دەرئەنجامی گفتوگۆیەکی ڕۆژانە بووە لەگەڵ دایکی و دزەپێکراوە، هەرچەندە ئەمە نابێتە هۆی هیچ گۆڕانکارییەک لە مەبدەئی بابەتەکە، بەڵام پرسیار ئەوەیە هەواڵنێرێک کە ساڵانێکی زۆرە لە میدیایەکی وەک "بی بی سی"دا کار دەکات نازانێت دەنگی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە تۆمار دەکرێت؟ ئەمەش لە کاتێکی وەها هەستیاردا! ئایا خاتوونی هەواڵنێر هەمیشە لە کاتی پێوەندی لەگەڵ دایکیدا بە جێی باسی بنەماڵەیی شیکاریی پێشهاتەکانی ئێران و جیهان دەکات؟ بەڵام دواتر سەبارەت بە قسەی تەواو ناڕاستی ڕەعنا ڕەحیمپوور چاوخشاندنێک کورت بە پۆستەکانی ئینستاگرامیی پەیجی ئێران ئینتەرناشناڵ بۆ زانیاری ئەوەی چەند بابەت لەسەر حیزبەکانی کورد و لۆر و... هەیە، ئاکامێکی زۆر ڕوون بە دەست دەدات. لە دوایین 300 پۆستی ئێران ئینتەرناشناڵ لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا هیچ شوێنەواری ئەو لایەنانە و گفتوگۆکانیان نییە، لە کاتێکدا هەموو بانگەواز و قسەکانی ڕەزا پەهلەوی لەلایەن ئێران ئینتەرناشناڵەوە ڕووماڵ کراوە. بەڕاستی خاتوو ڕەحیمپوور هیچ بۆچوونێکی لەم بارەیەوە نییە، یان ئەرکەکە شتێکی ترە؟

خاتوو ڕەحیمپوور لە فایلە دەنگییە دزەپێکراوەکەی لەگەڵ دایکیدا، کە تێیدا شیکاریی سیاسی دەکات، ئاماژە بۆ دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەکا و ئەو کاریگەرییەی کە ئەم دروشمە دەتوانێت لەسەر داهاتووی وڵاتانی ناوچەکە و پرۆسەی دیموکراسی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت ژنان هەیبێ.

پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا خاتوو ڕەحیمپوور بەڕاستی نازانێت ئەم دروشمە لە کوێوە و چۆن هاتە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران و چۆن جیهانی هەژاند؟ نازانێت ئەو کەسانە کێ بوون کە یەکەم جار بە کورتکردنەوەی قژیان -وەک زیندووکردنەوەی نەریتێکی کۆن- بوون بە هێمایەک بۆ کۆمەڵگەی ژنانی ئازادیخواز لە جیهاندا؟ بەڵام تاڵترین بەشی قسەکانی خاتوونی هەواڵنێر ئەوکاتەیە کە نیگەرانیی خۆی لە لێدانی بەکرێگیراوێکی ڕێژیم لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە دەردەبڕێت!! بڵێی خاتوونی هەواڵنێر چۆن تاقەتی دیتنی شەهیدبوونی ژینا، نیکا، حەدیس، شادمێهر و سەدان لاوی ئازادیخوازی بێتاوانی هەبێت؟

ڕاستییەکە شتێکی ترە، جوداییخوازی ناوی ڕەمزی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییە، ئەو بەکرێگیراوانەی کە ڕواڵەت و شێوەیان جیاوازە لە بەکرێگیراوانی نێوخۆ، کەمێک پاک و خاوێنتر کراوات دەبەستن و بەڕواڵەت حیجاب لەسەر ناکەن، بەڵام بێگومان ئەرکەکانیان یەکە، لەنێوبردنی یەکڕیزیی و یەکگرتوویی گەلان ئێران بۆ پاراستنی کۆماری پەت و سێدارە. بەڵام ئەوەی کەسانێک وەک شیرین هانتەر و ڕەعنا ڕەحیمپوور نایزانن واقیعی قاتی شەقامە، ئەو گەلە شۆڕشگێڕ و یەکگرتوویە کە هەموو بەربەست و لەمپەرێک تێدەپەڕێنن، ئەو خەڵکەی بڕیاری لەنێوبردنی دیکتاتۆریان داوە، گەڕانەوە بۆ دواوە بوونی نییە، جا کە وایە بێدەنگ بن و لە گۆشەیەک دانیشن تا نەکەوتوونە ژێر پێڵاوی شۆڕشگێڕان.

# دوایین پەلەقاژەی بەر لە نەمانتانە دەیبینین



بە ناوی "ژن، ژیان، ئازادی"

لە کاتێکدا خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران خۆیان ئامادە دەکەن بە وزە و گوڕوتینێکی زیاتر و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە پێ بنێنە مانگی سێیەمی شۆڕشەکەیانەوە، سپای تیرۆریستی پاسداران جارێکیتر بە موشەک و درۆن هێرشی کردەوە سەر بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستان لە قووڵایی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە ئەو پەلامارە مووشەکییە دوو شەهید و ژمارەیەک برینداری لێکەوتەوە.

ئێمە و هەموو خەڵکی کوردستان و ئێران ئێستا سەیری دیمەنەکانی دوایین پەلەقاژەی بەر لە نەمانتان دەکەین. ئێستا نەک ئێمە و خەڵکی کوردستان و ئێران، بەڵکو خۆشتان دڵنیان ئەوەی دەبێت چۆک دابدات و لەنێو بچێت ئێوەن، نەک ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران. بەدڵنیاییەوە ئێوەش دەزانن کە بنکە و بارەگای سەرەکیی حیزبەکانی کوردستان لەنێو دڵی خەڵکی کوردستان‌دان و هەموو ماڵێک و کۆڵان و گەڕەکێک و، هەموو شار و گوندێکی کوردستان سەنگەر و بنکە و بارەگای ئێمەیە. خەڵکی کوردستانیش نە بە مووشەک و درۆن چاوترسێن دەکرێن و نە شۆڕشەکەشیان بەم هێرشە ترسنۆکانەیە بەلاڕێدا دەچێت.

**لەم بارودۆخەدا داوا دەکەین:**

**یەکەم،** خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر وەک دەستپێکی مانگی سێیەمی شۆڕش، سەرلەبەیانی تا نیوەڕۆ بە مانگرتنی گشتی و لە دوای کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆش بە خۆپیشاندانی بەهێز و بەرفراوان پێشوازی لە مانگی سێیەمی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بکەن.

**دووەم،** لە ماوەی دوو مانگی شۆڕشدا بازاڕەکانی کوردستان ١٢ ڕۆژی تەواو لە مانگرتندابوون و بازاڕییەکانی کوردستان لەم ماوەیەدا قورساییەکی زۆری باری شۆڕشیان خستووەتەسەر شانی خۆیان. هەربۆیە لەپێناو بەهێزکردنی یەکگرتوویی هەموو خەڵکی ئێراندا، داوا لە هەموو لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران و هەموو چالاکوانان و کۆمیتەکانی گەڕەکەکان و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لەم ماوەیەدا لەم شۆڕشەدا ڕۆڵیان هەبووە لە مانگی سێیەمی شۆڕشدا جگە لە بەهێزکردنی خۆپیشاندانەکان، بە هەموو هێز و توانایانەوە هەوڵ بدەن کە بازاڕی شارە گەورەکان و کرێکارانی کارگە پیشەسازییەکان پەیوەستی مانگرتنەکان بن. بەمەش نەک هەر ئاستی یەکگرتوویی هەموو خەڵکی ئێران پتەوتر دەبێت، بەڵکوو هەنگاوێکی گەورەش لە سەرکەوتنی یەکجاری شۆڕش نزیک دەبینەوە.

**ناوەندی هاوکاریی**
**حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠١**

# ویژدانی گشتی لە "ڕاپەڕینی ژینا"دا


سۆران عەلیپوور

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران پێی نایە سێ مانگەوە. سەرەڕای سەرکوتی بێڕەحمانە و توندوتیژی هێزەکانی ڕێژیم، هیچ نیشانەیەک لە کۆتاییهاتنی خۆپیشاندانەکان و کۆڵدانی خەڵک بەدی ناکرێ. لەگەڵ چوونەسەری ژمارەی قوربانییەکان خۆپیشاندانەکانیش بەرفراوانتر و دروشمەکان ڕادیکاڵتر بوونەوە. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا شارەکانی پڕکردووە لە هێز و بەتەواوی کەشوهەوای پۆلیسی و ئەمنیەتی زاڵ کردووە، بەڵام هیچ ستراتیژیەکی سەرکەوتووی بۆ کۆتاییهێنان بەو ڕەوشە بۆ جێبەجێ نەکراوە. نە هەڕەشەوگوڕەشەی سەرانی ڕێژیم، نە وادە و بەڵێنەکانیان، نە هەوڵدان بۆ زەقکردنەوەی دەستی دەرەکی و نە بۆمبارانی هێزە کوردییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران توانیویەتی چەرخی ئەو ڕاپەڕینە ڕابگرێ.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا یەکگرتوویەک و یەکدەنگییەک لەنێو خەڵکی کوردستاندا هەیە کە لە پشتیوانیکردنی شارەکان لەیەکتر، دروشمەکان، هەوڵدان بۆ پەرتەوازەکردنی هێزەکانی ڕێژیم و دەیان کردەوەی دیکەشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو یەکگرتووییە هەستی یەکبوون و هاوئامانجبوون و هاوچارەنووسبوونی خەڵکی کوردستانی هێندەی دیکە بەهێز کردووە. بەجێیە کە هەم لە ڕووی تیۆرییەوە و هەم لە ڕووی کردەوەشەوە ئاوڕێک لەو یەکگرتوویی و هاودەنگییە بدەینەوە. یەکگرتووییەک کە مانگرتنی ڕۆژانە، خۆپیشاندانی ئێواران و شەوانە، ناشتنی شەهیدەکان، یادکردنەوەکانیان و هەر دەرفەتێک دەکاتە چرکەساتێکی مێژوویی لەیادنەکراو.

دۆرکهەیم کە بە دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسییش ناو دەبرێت، لە نووسینەکانیدا گرینگییەکی تایبەت بە پەیوەندیی نێوان گشت لەگەڵ تاکدا دەدات. ئەو دەنووسێ کە لە هێندێک قۆناخدا گەڕانی تاک بە دوای کۆنتێکستێکی گشتیدا کە لەسەر هەست دامەزراوە کۆمەڵگە دەگەیەنێتە دۆخی هەڵچوون (Collective efferves-cence). هەڵچوونی کۆمەڵایەتی چەمکێکی کۆمەڵناسییە کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا ئەندامانی کۆمەڵگەیەک لە ئامانجێکی هاوبەش و کردەوەی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە و وا دەکا کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک لە یەکەیەکی گەورەتردا ڕێک بخا. هەڵچوونی کۆمەڵایەتیی هەستێکی گشتیی بەهێزە و وا دەکا کە تاکەکەس بەتەواوی خۆی لەبیر بکا و تەنانەت پرسە گرینگەکانی وەک بنەماڵەش وەلاوە بنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆنتێکستەدا خۆی تێکەڵ بکا. ئەو هەستە بەهێزە کاتێک دروست دەبێ کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک وشیارییەکی گشتی یان ویژدانێکی گشتیی لێکیان نزیک دەکاتەوە، ئەو وشیارییە لای دۆرکهەیم بریتییە لە هەستی سروشتی مرۆڤ تایبەت بە بوونی خۆی و هەروەها باوەڕ و هەستی هاوبەشی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵێک. دۆرکهایم پێی وایە کە هەر کام لە ئێمە دوو ویژدانی هەیە، ویژدانێکی گشتیی و ویژدانێکی تایبەتی. بەهۆی ئەو وشیارییە گشتییەوە دیاردەیەکی دیکە دروست دەبێ کە پێی دەگوترێ نوێنەرایەتیی گشتیی کە نوێنەرایەتیی ئەو نۆرم و بایەخانە دەکا کە کۆمەڵ لەسەریان ڕێک کەوتووە و ویژدانی تایبەتی لە ویژدانی گشتیدا دەتوێنێتەوە. بە بڕوای دۆرکهایم ویژدانی گشتیی لەو کۆمەڵگایانەدا بەشێکی گەورەی ویژدانی تاکەکەسەکان پێک دێنێ کە یەکگرتوویی میکانیکی تێیدا زاڵە. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا کە ئەندامانی کۆمەڵگە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر نییە و بەها و نۆرمی هاوبەشیان هەیە، ئەوە بە پێچەوانەی یەکگرتوویی ئۆرگانی کە لەوێدا تاکگەرایی زاڵە و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی زیاتر لەسەر بنەمای جیاوازییەکانە تا بنەما هاوبەشەکان.(١)

لە وتارێکی ئاوادا ناپرژێینە سەر ئەوەی کە بە وردی باس لەو تیۆرییە بکەین و مەبەستیش زیاتر ئەوەیە کە زیاتر لەو ڕووداوانە تێ بگەین کە لە کوردستان و ئێراندا ڕوو دەدەن، لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیدا زۆرجار ئەو یەکگرتوویی و یەکدەنگییە لەلایەن کەسانێکەوە بە مەبەست و بێمەبەست خراوەتە ژێر پرسیار، کۆماری ئیسلامییش هیچ کات لە نانەوەی دووبەرەکی و لێکترازاندنی ڕیزەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەستی نەپاراستووە، بەڵام دوای چلوسێ ساڵ لە سیاسەتی میلیتاریزەکردن و ئاژاوەنانەوە و بڵاوەپێکردن ئێستا بە ڕوونی شاهیدی ئەو ڕاستییەین کە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئامانجداری خاوەن چارەنووسێکی هاوبەشە و لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە وشیارییەکی گشتیی و ویژدانێکی گشتیی زیندووی لە ئاست ئەو بەها و باوەڕە هاوبەشانەدا هەیە.

ئێمە ڕۆژانە دەبینین کە چۆن ئەو ویژدانە گشتییە لە وتاری کەسوکاری شەهیداندا، لە لاپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا و لە خۆپیشاندانی خەڵکدا و لە بۆنە جیاوازەکاندا شەپۆلان دەدا. ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆرییەکەی دۆرکهایمیشەوە تەماشای ئەو ڕووداوان بکەین دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگەیە لە دۆخێکدایە کە تاکەکەسەکان تەنانەت ویستە تایبەتی و پەیوەندیە خێزانییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان، تەنانەت گیانی خۆشیان خستۆتە خزمەت ئەو ئامانج و بەها باڵایەنە کە لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا کورتیان کردۆتەوە.

لەوانەیە پرسیار بێ کە بۆ لە کوردستاندا ویژدانی گشتی تا ئەو ئاستە زیندوویە و ئەو یەکگرتووییە کۆمەڵایەتییە لە دەوری کۆمەڵێک ئامانجی ڕادیکاڵی سیاسی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ کوردستان لەمێژە سەنگەری بزووتنەوەیەکی سیاسیی مافخوازە، ئەو بزووتنەوەیە لە شێوە مۆدێرنەکەی خۆیدا لە سەردەمی دیکتاتۆریی پاشایەتییەوە دەستی پێ کردووە و لە کۆماری کوردستاندا گەیەندراوەتە لوتکە، لەوانەیە ڕەنگ وئیدۆلۆژیی دیکە لە هەلومەرجی جیاوازدا بە سەر ئەو بزووتنەوەیەدا زاڵ بووبی یان کاریگەریی هەبووبێ، بەڵام هەمیشە لە ژێر هێژموونی هێما و سیمایەکی دێموکراتیکی نەتەوەییدا بووە و ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا کوردستان و هێزە سیاسییەکانی هەموو هەوڵی خۆیان داوە کە هاوهەنگاو و هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی دیکەی ئێران بچنە پێشێ و لە ئاستێکی بەرفراوانتر و لە ژوور پرسە کوردستانییەکانەوە سیاسەت بکەن، بەڵام داوا نەتەوەییەکان هیچ کات نەچوونە ڕیزی دووهەمەوە. هۆکارێکی دیکەی هەبوونی ویژدانی هاوبەش لە کوردستاندا وەرێخستنی بزووتنەوەیەکی مەدەنی بوو کە لە بووژاندنەوە و وشیارکردنەوەی خەڵکدا ڕۆڵیان گێڕا، ئەوان بە دامەزراندنی ئەنجوومەنەکان و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و بڵاڤۆکەکان و بنکەکانی فێربوونی زمانی زگماک و زۆر چالاکی و کردەوەی دیکە ئەو سەرمایە کولتوورییەیان لەنێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا بەهێز کرد کە بنەمایەکی گرینگە بۆ وشیاربوون لە ئاست شوناس و ئامانجی هاوبەشدا.

نوێنەر و ڕێبەرانی ئەو ویژدانە گشتییە ئەو باوکانەن کە بەوپەڕی بوێرییەوە لە سەخترین چرکەساتی ژیانی تایبەتی خۆیاندا و لەسەر گڵکۆی ڕۆڵەکانیان نەک هەر چاوەڕێی دڵنەوایی و هاوخەمی ناکەن بەڵکوو دەبنە ئۆلگو و نوێنەری ئەو ویژدانە گشتییە، ئەو دایکانەن کە وردکەبەرد بۆ ڕۆڵەکانیان کۆ دەکەنەوە تا بەرگری لە خۆیان بکەن، ئەو کوڕوکچانەن کە شەووڕۆژ تەنگیان بە هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە، دەیان و سەدان نوێنەری دیکەی ئەو ڕاپەڕینە ئەو ویژدانە زیندووە هاوبەشە بە ڕاوەستاویی دەهێڵنەوە.

(١) Durkheim, Emile. (٢٠٠١) The elementary forms of religious life. New York: Oxford University Press

وێستگە

# کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم!

**ئاسۆ مینبەری**

دەڵێن هیچ خۆشەویستییەک بارتەقای خۆشەویستیی دایک و باوک بۆ جگەرگۆشەکەیان نییە، خۆشەویستییەکی بێسنوور کە زۆر جار دایک و باوکان ڕوو لە منداڵەکانیان دەڵێن تا نەبن بە دایک و باوک لەو خۆشەویستییە تێناگەن! ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستاندا دەبینرێت، دەمانباتە قووڵایی بیرکردنەوەیەکەوە و تووشی تێڕامانێکمان دەکا کە ڕەنگە لە هیچ قۆناغێکی ژیانماندا ئەزموونمان نەکردبێ.

لە شەقامەکانی کوردستاندا، ڕۆڵە دڵ پڕ لە خۆزگەکانی ئەم نیشتمانە بەرانبەر بە داگیرکەر دەوەستنەوە، لە بەرەنگاربوونەوەیەکی نابەرانبەر و ناداد‌پەروەرانەدا و تەنیا بە یەک چەک، ئەویش بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و بە گوللەی دوژمنی دڵ پڕ لە قین وڵامیان دەدرێتەوە. ئەوان شەهید دەبن و دەچنە ڕیزی نەمرانی گەلەوە، دوژمن لە تەرمەکەشیان دەترسێ و هەوڵی ڕفاندیان دەدات، ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیان بە پێچەوانەی ڕەوتی باوی کۆمەڵگە لە دیمەنێکی لێوڕێژ لە شیوەن و ڕۆڕۆوە، دەبێتە گۆڕەپانێکی بە لرفە لە هێزی گەل کە بە دروشمی شەهید نامرێ دەڕازێتەوە. کوڕ لە خەمی لەدەستدانی باوکدا، پەیامێکی ورەبەخش بە خەڵک دەدا و پێ لە سەر ئەوە دادەگرێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان داگیرکەرە و دەبێ بەرەنگاری ببینەوە. باوک لە سەر گۆڕی کوڕە شەهیدەکەی دەڵێ "چونکە لە ٢٥ی گەلاوێژدا لەدایک بوو ناوم لێ نا کۆمار" و باس لە کوڵی دڵی زامداری بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی دەکات؛ بەڵام وەک قەڵایەک لە باوەڕ سوورە لە سەر ڕێبازێکی پیرۆز کە هەڵیبژاردووە و کوڕەکەشی لەپێناویدا شەهید بووە. دایکی جەرگسووتاو، بە چۆپی سوورەوە پێشوازی لە تەرمی کوڕە شەهیدەکەی دەکات و دایکێکی دیکە بە هەموو ئازاری لەدەستدانی کوڕەکەیەوە دەڵێ کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی دەکەم بە کوردستان، کچی نیشتمان نەبم بەڵام ئەگەر تۆڵەی نەستێنم!

ئەمانە تەنیا نموونەیەکی بچووک لە دەریای خۆڕاگری و باوەڕی ئەو کەسانەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا و لە ڕەوتی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینەکاندا، ئازیزانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە و، هەر ئێستا کوردستان پڕە لەم چیرۆکانە کە دەنگیان بە گوێی هەموومان گەیشتووە.

زیاتر لە دوو مانگە ڕووباری بە لرفەی هێزی گەل، کوردستانی کردووەتە جەهەنەمێک بۆ دوژمن. زیاتر لە دوو مانگە خوێن دەدەین و ئەم دیالۆگانە لە زاری کەسانێکەوە دەبیستین کە ڕەنگە هیچکات نەتوانین هەست بە ئازارەکەی دەروونیان بکەین. بیستنی ئەم وتە ڕاستەقینانە لە زاری زامدارترین کەسەکانی ئەمڕۆی نیشتمانی ئێمەوە ناخهەژێنە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەبیرمان دێنێتەوە کە دەبێ لە کوێی هاوکێشەی ئەم ژیانە داسەپاوەدا ڕاوەستین و بە دوژمن بڵێین بوەستە! چیدیکە ناتوانی بمانکوژی، ئازارمان بدەی و لە خاکی خۆمان وەدەرمان بنێی، ئەوە نیشتمانی ئێمەیە و بێگومان ئەوەی کە ئەبێ بڕوات تۆی نەک ئێمە!

کاتێک دایکێک لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی کوڕە شەهیدەکەیدا، دەڵێ کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی دەکەم بە نیشتمان، هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەفای بۆ خاکەکەی ڕادەگەیەنێ، ئەرکی قورسی بەردەوامبوونیش دەخاتە ئەستۆی خەڵکەوە، بێگومان ئەمە بۆ هیچ دایکێک کارێکی ئاسان نییە کە بەو ڕادە لە خۆڕاگرییەوە و لەکاتێکدا کە خەریکە بۆ هەتاهەتایە تەرمی کوڕەکەی بە خاک دەسپێرێ بە وشەکانی هەم بتوانێ هەستی خەڵک بجووڵێنێ و هەم ئەرک بخاتە سەر شانی جەماوەر و لە ڕاستیدا ببێتە لیدری ڕاپەڕینەکان.

بێگومان یەکێک لە گرینگترین جیاوازییەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارەی کوردستان لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی پێشوو، ڕۆڵی ژنان لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا دایکان پێشیان بە منداڵەکانیان دەگرت تاکوو نەچنە نێو دۆخی ئاڵۆزی شارەکانەوە بۆوەی گیانیان بپارێزرێ، ئێستا دایکان هاوشان لەگەڵ منداڵەکانیان لە گۆڕەپانی خەبات و ڕاپەڕیندا بەشدارن و بە نیشاندانی خواستی هاوبەشی دوو بەرەی جیاواز لە یەک قاپدا، داوای مافەکانیان دەکەن.

هەرچەند ئەو نرخەی کە ئێستا لە کوردستان دەدرێت، زۆر زۆر قورستر لەوەیە کە لە باقی شارەکانی ئێراندا دەبیندرێت، بەڵام بێگومان ئەم نرخ و قوربانیدانە، جیاوازیگەلێکی بنەڕەتیشی هەیە، بۆیە گەیشتووەتە ئەم قۆناغە. مانگرتنی بەردەوامی ڕۆژانە، ڕاپەڕینی بەردەوامی شەوانە، بەشداریی خوێندکاران، بازاڕییان، ژنان، لاوان و تەنانەت مێرمنداڵان لە ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەدا، نیشان دەدات کە چۆناوچۆن هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئامادەی گیانفیدایی بۆ وەرگرتنەوەی خاک و نیشتمان لە داگیرکەرن.

لە ماوەی هەموو ساڵانی ڕابردوودا کە ڕێژیمی ئێران حوکمی لەسەر کوردستان کردووە، ژنان هەمیشە و لە هەموو ڕووداوەکاندا پێشەنگایەتیان لەئەستۆ گرتووە، بەڵام دەڵێی ئەم قۆناغە لە خەبات، زیاتر هێزی ژنانی دەرخستووە و لەم قۆناغەدا زیاتر خەریکی سەلماندنی ئەو ڕاستییەن کە هەمیشە و لە هەر دۆخێکدا توانایی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنیان هەبووە و هیچکات پێناسەی باوی ڕێژیمیان بە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆیان نەزانیوە.

بیستنی ئەم ڕستەیە، "کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم" لە زاری دایکێکی دڵ بریندارەوە زیاتر لەوەی کە بارستایی خەمێکی قووڵمان پێ نیشان بدات، ئەو پەیامەمان پێ دەگەینێ کە سەرەڕای هەموو زامەکان، لەسەر پێین و بەردوامین تاکوو بتوانین بەو ئامانجە بگەین کە ڕۆڵەکانی کوردستان لەپێناو وەدیهێنانیدا گیانیان بەخت کرد.

# ڕاپەڕین و بۆشایی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی



ئالان بەهرامی

لە ڕۆژانێکی مێژووساز داین. ڕاپەڕین دژ بە حکوومەتی ئیسلامی، سەرەڕای سەرکوتی خوێناوی بە گوڕو تینێکی زیاترەوە پێی ناوەتە مانگی سێیەمەوە. لەم نێوەشدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەستپێکەری ڕاپەڕینی ئەمجارەشە، هەروا سەرتۆپ و پێشڕەوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاپەڕین لە کوردستان لە باری ڕووبەری جوغرافی، بەردەوامی، پێکهاتەی بەشدارانەوە لە پلەی یەکەمدا وەستاوە. ئەم پێشڕەوایەتییەی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەر وەک لە چوار دەیەی ڕابردوودا بینراوە دەستی هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم بۆ نواندنی هەرچەشنە تاوانکاری و درندایەتییەک ئاوڵاتر لە ناوچەکانی ناوەندە. بە چەشنێک تا نووسینی ئەم دێڕانە دەیان کەس لە خۆپیشاندەرانی کوردستان کە لە نێویاندا منداڵیش هەیە، شەهید کراون، سەدان کەس بریندار بوون و بە هەزاران کەس گیراون و خراونەتە ژێر ئازار و شکەنجەی هۆویانەوە.

پێشڕەوایەتیی کوردستان بۆ چەند هۆکاریی مێژوویی و سیاسی دەگەڕێتەوە، کە لێرەدا بەکورتی ئاوڕیان لێ دەدەینەوە.

یەکەم بزووتنەوەی مێژوویی کورد بزووتنەوەی کورد لە نزیکی هەشت دەیەی ڕابردوودا، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە شوناسێکی ڕزگاریخوازانەی هەبووە، شوناسێکی دیمۆکراتیک و مۆدێڕنگەرایانەشی هەبووە. بۆیە هاوکات لەدژی داگیرکاری و نێوەرۆکی نادیمۆکراتیکی حکوومەتەکانی ئێران وەستاوەتەوە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان هەردەم پتانسێلی ئازادیخوازی و دژایەتی لەگەڵ سەرەڕۆیی و توتالیتاریسمی هەبوە. "نا"ی مێژوویی خەڵکی کوردستان بە "کۆماری ئیسلامی" لە سەرەتای دامەزرانی ئەم ڕێژیمەوە و خەباتی بێوچانی بزووتنەوەی کورد لەدژی ڕێژیم بەڵگەی ڕاستیی ئەم وتەیەن. هەر ئەم تایبەتمەندییەش بۆتە هۆی ئەوە کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامیدا خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان ڕووبەرووی قورسترین شێوازەکانی سەرکوتی هەرچەشنە ئازادییەکی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، تیرۆر و پەلاماری نیزامی و هەڵاواردنی ئابووری ببنەوە.

کەواتە ئەمەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدا، دەرکەوتەی بێئەملا و ئەولای ئەم هۆکارانەن کە لە سەرەوە باسیان کرا و هۆکاری گرنگی گەشەی وشیاریی نەتەوەیییە.



ئێستا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا ئامانجێکی هاوبەشی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ڕەشی حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران کۆی کردۆتەوە، بگرە لێبڕاوانەتر لەوانیش هاتوونەتە مەیدان بۆ ئەوەی کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنن. چونکە باش لەم ڕاستییە گەیشتوون کە داهاتوویەکی گەش لەگرەوی ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندایە و دوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمە سەدە نێوەڕاستییە دەرفەت دەرەخسێ کە چارەنووسی سیاسیی خۆیان جارێک بۆ هەمیشە بەدەستەوە بگرنەوە.

ڕۆژە چارەنووسسازەکان یەک بە دوای یەکدا تێدەپەڕن. ئەمڕۆ لە دوێنێ گرینگتر، سبەی لەمڕۆ گرینگتر. ئێستا ئیتر گومانی تێدا نەماوە کە ئەم ڕاپەڕینە وەک ئەو ڕاپەڕینانەی کە دەساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە، ئەگەری دامرکانەوەی نییە. ڕاپەڕین هەموو پانتایی جوگرافیای ئێرانی گرتۆتەوە، هێزی سەرکوت ڕاست بەپێچەوانەی ڕاپەڕین کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان بێهێزتر دەبێ، توانای خۆی لەدەست دەدا. خەڵکی ڕاپەڕیو ئەزموونیان زیاتر بووە و باش لەم ڕاستییە گەیشتوون کە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان واتە ملدان بە ڕۆژانێکی ڕەشتر و خوێناویتر و تراژیکتر لە ڕۆژانی پێش ڕاپەڕین. بۆیە ئەم ڕاپەڕینە یەک ڕێگا زیاتری لە بەردەمدا نییە. بۆ پێشەوە تا سەرکەوتن!

ئێستا کە ڕاپەڕین کەوتۆتە قۆناخی بێگەڕانەوەوە، گەورەترین دەرفەت لە بەردەم بزووتنەوەی کورددایە، کە سەنگی خۆی لە هاوکێشەکانی مەیدانی سیاسەتدا نیشان بدا. ئەمەش ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە شوێندانەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر قورستر دەکا. هەرچەند سەنگی دەور و ڕۆڵی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەک بەرچاوترین هاوپەیمانیی ڕۆژهەڵات بەڕوونی هەست پێدەکرێ، توانیوە دەوری باش لە سەرهەڵدان و بەردەوامیی ئەم ڕاپەڕینەدا بنوێنێ، بەڵام ئەم ناوەندە بە هیچ شێوەیەک وڵامدەری پێداوستییەکانی قۆناخی کۆتایی ڕاپەڕین و قۆناخی دوای ڕاپەڕن نییە. چونکە لە ڕاستییدا ناوەندی هاوکاری فۆرمێکی سەرەتایی ئەم دامەزراوە نەتەوەیییەیە کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لەم قۆناخەدا پێویستیی پێیەتی.

بۆیە پێویستە ناوەند هەرچی زووتر پەرەی پێ بدرێ و بکرێتە چوارچێوەیەکی گشتگیرتر، کاراتر و وڵامدەرتر. مەبەست لە چوارچێوەی جێگای ئاماژە دەتوانێ پلاتفۆرم یان بەرەیەکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بێ کە ببێتە مەکۆیەک بۆ وەسەریەکخستنی هەموو هێز و تواناکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردانی تاراوگە.

هەرچەند لەمێژ ساڵە هەست بە بۆشایی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ و هەنگاوێکی شیاوی بۆ هەڵنەهێنراوەتەوە، بەڵام لەم قۆناخەدا کە گۆڕانی گەورە بەڕێوەیە، نەبوونی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ هەموو هێز و توانای نەتەوەکەمان لەژێر ساباتێکدا کۆ بکاتەوە، بە خەسارێکی گەورە دەژمێردرێ. بە تایبەت لەم هەلومەرجەدا کە ڕاپەڕین پێی ناوەتە مانگی سێیەم و ڕۆژانە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەسەر شەقامەکان گیانیان بۆ ئازادی و سەربەستی دەبەخشن، کورد زیاتر لە هەرکات پێویستیی بە ناوەندێکی بڕیاری سیاسی و پلاندانان، باسکێکی بەهێزی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات، میدیایەکی نەتەوەیی و... هەیە.

**دوا وتە:**

کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری گەشەی بیروبڕوای نەتەوەیی و شوناسخوازییەوە گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر جێگای دڵخۆشی. هەر بەم پێیەش چاوەڕوانیی لە حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆی هەیە لە ئاست پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیدا بن. کەواتە ڕوونە کە بەبێ دامەزراوەیەکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بژارەدەگەلی کورد لە نێوخۆی وڵات و تاراوگە ناکرێ وڵامی ئەم چاوەڕوانییە ڕەوایە بدرێتەوە.

# هەنگاوێک هەتا سەرکەوتن



ئەلبورز ڕۆژبەیانی

دو مانگ لە ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی نوێ تێپەڕ بوو، ڕۆژانێکی پڕ باس و ڕووداو. چونکە هەر ڕۆژێک لەو دو مانگە دنیایەک پێشهاتی لە دڵی خۆیدا تۆمار کردووە. هەر ڕووداوێک دنیایەک خەم و ئازار و هەستانەوە و قارەمانێتی لە خۆ دەگرێت کە بۆ وەسفی هەر کام لەوان ڕۆمانێک لە وشە بەش ناکات.

ئەوەی لەو دوو مانگە لە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی دیتوومانە، لەنێو گەلانی ئازادیخوازی دونیادا دەگمەن و نموونەن و، نرخێکی بێوێنە و حەماسەیەکی گەورەی ئافراندووە، ئەو نرخە کە ئازادی بەرهەم دەهێنێ، لە ئێستادا هیوایەکی گەشاندۆتەوە کە لە هەموو کات زیاتر دەرکەوتنی خۆری ئازادیمان لێ ڕوون و دیارترە.

ئەو خەباتە بەرفراوانە و ئەو نرخە زۆرە وێڕای ئەوەی هیوای ئازادیی لە نێو ئێمەدا زیاتر لە هەموو کات بوژاندۆتەوە پرسیارێکی پێویست و جیدیش لە مێشکی ئێمەدا دەوروژێنێ، ئەویش ئەوە کە کەی سەردەکەوین و چۆن ئەو سەرکەوتنە بەزوویی بەدی دێ، چونکە دڵنیاین هەر سەردەکەوین.

تامەزۆری ئازادی بۆ گەلانی ژێردەست و گەیشتن بەو ئازادییە و ڕزگاربوون لەو جینایەتکارانە وا دەکات کە ئەو پرسیارە جیدییە زیاتر لە هەر کاتێکی دی ببێتە هۆی سەرقاڵی و تەنانەت کاریگەرییش لەسەر بەردەوامیی نارەزایەتییەکانیش دادەنێت.

هەر بۆیەش وەڵامی ئەو پرسیارە جیدی و گرینگە.

بە بۆچوونی من دەتوانرێ بگوترێ یەک هەنگاو تا سەرکەوتن ماوە، بەڵام ئەو هەنگاوە چییە، دەبێ شرۆڤە بکرێت:

ئەم هەنگاوە بۆ ڕاپەڕیوان زیاتر یەکگرتن و بەرفراوانکردنی خۆپێشاندان و هێرشکردنە بۆ سەر دامودەزگای دەوڵەتی و ئازادکردنیان. پێداویستیی ئەو هەنگاوە ئێستا لە تاران زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە هەستی پێ دەکرێت و تەنانەت لە تارانیش ئەبێ ئەو خۆپێشاندانە گرینگ و بەربڵاوە شەقامی پاستۆر و "بەیتی ڕەهبەری" بکاتە ئامانج. بێگومان ئەمە هەنگاوێکی ئاسایی و ئاسان نییە، بەڵام جیا لە هێرشکردنە سەر مێشکی ئەو ڕێژیمە دەست و پێی لە کار ناکەوێت و مێشکی ئەو ڕێژیمەش لەوێیە. ئەو خۆپێشاندانە میلیۆنییە دەتوانێ ئازادیی ئێران بە دی بێنێ و

ئەم هەنگاوە هەنگاوی سەرکەوتنی شۆڕشە و ڕووخاندنی سیستمی کۆماری ئیسلامییە.

ئەگەر بە هەزاران خۆپێشاندەر بتوانن لە مەهاباد دەست بەسەر فەرمانداریدا بگرن، بە سەدان هەزار کەس دەتوانن لە ناوەندی پارێزگاکان، پارێزگاکان ڕزگار بکەن و بە میلیون خەڵکیش دەتوانن ئەو کارە لە تاران بکات. کە واتە مومکینە و ئەو ڕۆژە هەر دێت، بەڵام گرینگی لەوەدایە کە ئەو ڕۆژە چەندە زووتر بێ و چەند باشتر بتوانرێ هەموو هێزی ڕاپەڕیوان بۆ ئەو بابەتە ڕێک بخرێ، قوربانی کەمتر و سەرکەوتن زووتر دەبێ.

ئەو هەنگاوە بۆ ئۆپۆزسیونی ڕێژیم بە تایبەتی فارس ڕێککەوتن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی دیمۆکراتیکە کە خەڵک ببینێ و وەری بگرێ. لە ئێستادا نەبوونی ئەو خاڵە بە گرینگترین کەموکوڕیی شۆڕش دادەنرێ و بەرچاوڕوونیەکی تەواو لە پێش ڕاپەڕیوان نییە بۆ ئەو بابەتە. هەر بۆیەش بە هەبوونی ئەو بەرنامەیە دەتوانرێ ئێرانێکی دیکە بونیاد بنێرێت، ئەگەر نا سناریوی جیاواز و ئەستەم لە بەردەم ئێرانی داهاتوودایە.

ئەو هەنگاوە بۆ ئۆپۆزسیونی کورد بە گشتی و ناوەندی هاوکاری بەتایبەتی گەڵاڵەی ڕوونی داخواز و ویستەکانی کورد و پلانی بەڕێوەبردنی کوردستانە، بۆ ئەوەی کوردستان لە هەموو ئەگەرە جیاوازەکانی داهاتووی ئێران لە ئەمنییەت و ئەماندا بمێنێتەوە، ئەو گەڵاڵەیە دەبێ لە مێژووی ڕابردووی خوێناویمان لە ژێردەستەیی، لە واقعیەتی ئێستا و، داخوازە ڕەواو و بەرحەقەکانی گەلی کورد لە کوردستان سەرچاوەی گرتبێت و ببێت بە پشتیوانی ئەو پلانەی کە میکانیزمی جیاوازی بۆ قوناغی جیاواز و دامەزراندنی دامەزراوە نیشتیمانی هەیە و مێکانیزمی پاراستنی ئەو دامەزراوە نیشتیمانییانەشی بە ڕوونی و ژیری دیاری کردبێت.

نابێ ئەو ڕاستییەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێران لەبیر بکەین و ئەو هەنگاوانە بەئاسان وەسف بکەین، بەڵام کردەنین بێتوو هەوڵی هەموو لایەنەی بۆ بدرێت، بە تایبەتی لە کوردستاندا. ئەگەری هاتنەئارای خێرا و هەماهەنگیی ئەو هەنگاوانە زۆر ئەستەم دێتە بەرچاو، بەڵام کام هەنگاو پێشتر ڕوو دەدات پێشبینی ناکرێت، بۆ نمونە کێ دەڵێ لە ڕۆژانی داهاتوو ئەو خۆپێشاندانە میلیۆنییەی کە "بەیتی ڕەهبەری" بە سەر ڕەهبەریدا دەڕووخێنێ نایەتە دی و هەموو هەنگاوەکانی دیکە بە دوای خۆیدا ناهێنێ، ئەوکات ئەوانە سەرکەوتووترن کە لە پێشتر و لانی کەم ئێستاوە ئامادەی هەنگاوی سەرکەوتن و ئامادەکاریی خێرا و وردی خۆیان کردبێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوو مانگ پێش، کەم بوون ئەوانەی ئەوڕۆیان پێشبینی کردبوو، ئەوە بەڵگەیە کە سبەی زۆر جیاوازتر دەبێت لە ئەمڕۆ و تەنانەت لە ئەو پێشبینیانەش کە دەکرێت؛ کەواتە هەتا سەرکەوتن هەنگاوێکمان ماوە.



## بازەکەی کۆسالان

## شەهید مەنسوور فەتاحی (ڕەشەهەورامی)



برایم چووکەڵی

ناوچەی شامیانی مەریوان یەکێک لەو ناوچانەی کوردستانە کە بەدرێژایی شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کورددا، شانبەشانی ناوچەکانی دیکە بەشداریی لەخەباتی حەقخوازانەی کورددا کردووە و، باشترین ڕۆڵەکانی خۆی پێشکەش بە بارەگای ئازادی و سەربەستیی کورد کردووە.

گوندی "کەڕاوا" یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی شامیانی مەریوانە. ئەو گوندە ڕازاوەیە لەسەر بەشێک لە چۆمی سیروان و لە بەرانبەر زنجیرەکێوی کۆسالان لەسەر شاڕێگەی سنە – مەریوان هەڵکەوتووە.

ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لەنێو بنەماڵەیەکی مامناوەندی ئاوایی کەڕاوا بە ناوی بنەماڵەی ڕەشە هەورامی منداڵێکی خوێنگەرم پێی نایە ژیان و ناوی مەنسووریان لەسەر دانا. چەند ساڵ دواتر بنەماڵەی مامەڕەشە بۆ مەریوان کۆچیان کرد. مەنسوور پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی بە دوای یەکدا بڕی و ساڵی ١٣٥٦ لە ڕشتەی علومی تەبیعیدا بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرت. شەهید منسوور هەر زۆر زوو بە دەورووبەرەکەی سەلماند کە کەسێکی بەبەهرە و تایبەتە. ئەو کە بەهرەی لە خۆشنووسی و وێنەکێشاندا هەبوو، لە وەرزشی زۆرانبازیشدا بەتوانا و لێهاتوو بوو، و چەند جار لە پێشبڕکێیی پارێزگادا پلەکانی یەکەم تا سێهەمی وەدەست هێنابوو.

ساڵی ١٣٥٦ کە ساڵی دەستپێکردنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵک دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، شەهید مەنسوور لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەی گرووپێکی زەربەتیان پێکهێنا و شەوانە هێرشیان دەکردە سەر دامودەزگای ڕێژیمی پاشایەتی و زەبریان لێ دەوەشاندن. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب، لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەی "کانون فارغ‌التحصیلان" دامەزراند لەژێر کارتێکەریی بەرپرسی کانوونەوە ڕیزی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێرانیان هەڵبژارد. بەڵام بەدوای لێکترازانی چریکە فیداییەکان بیری نەتەوایەتی لە بیری مەنسووری ڕەشە هەورامیدا ڕیشەی داکوتا و بەرەو سەنگەری خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەکەی هەنگاوی نا. بەمجۆرە لەگەڵ چەند هاوڕێی ڕیزی خەباتگێڕانی دیموکراتیان هەڵبژارد و لە هێزی زرێباری مەریوان سازمان دران.

هاتنی شەهید مەنسوور بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات لاپەرەیەکی نوێ بوو لە ژیانی سیاسی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرە. هێشتا ماوەیەکی کەم بەسەر ئەو قۆناغەی ژیانیدا تێپەڕیبوو کە بەکردەوە دڵسۆزی و لێهاتوویی خۆی نیشان دا. هەر بۆیە ساڵی ١٣٦١ لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بە جێگری فەرماندەری هێزی زرێباری مەریوان دیاری کرا و ساڵی ١٣٦٢ دوای شەهیدبوونی فەرماندەری هێزی زرێبار حسام ئەسعەدی، شەهید مەنسوور بە فەرماندەری هێز دیاری کرا. ساڵی ١٣٦٤ پاش کۆنگرەی ٧ی حیزب کرایە فەرماندەری هێزی شەهید عەزیز یوسفی و لە کۆنگرەی ٨دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتی مەڵبەندی یەکی جنووبی پێ سپێردرا. لە کۆنگرەی ٩ بۆوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆمیسیونی سیاسی-نیزامیی وەک جێگر ئەرکی وەرگرت. ساڵی ١٣٧٣ لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بەرپرسایەتیی مەڵبەندی یەکی پێ سپێردرا و تا کۆنگرای ١٠ی حیزب ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد و دوای کۆنگرە لە ساڵی ١٣٧٤ لە کۆمیسیونی ڕادیو کاری نوێی دەست پێ کرد.

شەهید مەنسوور فەتاحی بەدوای هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندەکان لە سەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بەرپرسایەتیی کومیتەی شارستانی پاوەی پێ سپێردرا و تا کاتی شەهیدبوونی بەوپەڕی فیداکارییەوە لەو بەرپرسایەتییەدا تێکۆشا. ئەو سەرەڕای تێگەیشتوویی سیاسی و مودیرییەت لە بەرپرسایەتیدا، لەباری نیزامییشەوە فەرماندەیەکی کارامە و لەکڵ دەرهاتووی حیزب بوو. لە دەورانی دووروودرێژی فەرماندەریی خۆیدا لە دەیان عەمەلیاتی گەورە و بچووکدا بەشداری کرد. بۆ هەر جێگایەکی کوردستان مەئمووریەتی پێ سپێردرابا، بە گیان و دڵ بەڕێوەی دەبرد و خۆی بە پێشمەرگەی هەموو ناوچەکانی کوردستان دەزانی.

شەهید مەنسوور کەسێکی زۆر عاتفی، بەڵام بەئیرادە و خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بوو. ئەو کە لە سەنگەری پێشمەرگایەتییەوە دەستی پێ کردبوو، لە ڕووی تەشکیلاتییەوە ڕێبەریی حیزب و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆشەویستی هەمووان بوو. بۆیە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی زۆر جار لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لەهەوڵی ئەوە دابوو زەبری لێ بدەن، کە بەداخەوە بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی تایبەتی کوردستانی عێراق و بەهۆی کەسانی نەفس‌نزم و خۆفرۆشەوە ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا و لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا کاک مەنسووری فەتاحی ناسراو بە مەنسووری ڕەشەهەورامییان شەهید کرد.

ڕۆژی ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ شەهید مەنسوور کە لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بە ناوەکانی شەهید مەنسوور فەتاحی ناسراو بە مەنسووری ڕەشە هەورامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید مەنسوور ناسری کادری لێوەشاوەی حیزب و جێگری کۆمیتەی ناوەندی، شەهید ساماڵ ئیسماعیلی بەرپرسی کۆمیتەی بانە، شەهید ڕەفعەت حسەینی و شەهید یەدوڵا شیرین‌سۆخەن دوو پێشمەرگەی بەوەج و وەفاداری حیزب بە دوو ماشێن بۆ کاری حیزبی لە سلێمانی ڕا بەرەو بنکەی دەفتەری سیاسی وەڕێ کەوتبوون، لە نیزیک شاری "دووکان" کەوتنە بەر دەسترێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. شەهید مەنسوور و هاوڕێیانی لێیان وەدەست هاتن و تیرۆریستەکان ڕاو نا و دەست بەسەر ماشێنی تیرۆریستەکان و کۆمەڵێک بەڵگە داگرت کە بەڵگەیەکی زۆر و گرینگی لە خەیانەت و پیلانگێڕی تێدا بوو. بەڵام بەداخەوە لەدوایین کاتەکانی شەڕدا مەنسووری فەتاحی کەوتە بەر گوڵلەی کوردکوژان و سەرەتا بریندار و پاش گەیشتنی بە نەخۆشخانە شەهید بوو.

# دیکتاتۆرەکان وەک یەک دەمرن



برایم جەهانگیری

ئەوەی ئێستا لە ئێران و لە کوردستانیش بە تایبەتی دەگوزەرێ ڕاپەڕینێکە کە لە شێوە و لە ڕوخساردا لەگەڵ زۆربەی ڕاپەڕینەکانی پێشە خۆی جودایە. ئەگەر سەیری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی جیهان بکەین، یان ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەریی خەڵکی ئێران لە دژی حکوومەتی پاشایەتی وەبیر خۆمان بێنینەوە، دەبینین سەرەڕای هەندێ وێکچوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا هەیە کە لەسەرانسەری ئێراندا ڕۆژێک خاو و ڕۆژێک ڕژد بەردەوامە.

شۆڕشی ژینا وێکچوونێکی زۆری دەگەڵ شۆڕشی ڕۆمانی دژی چاوشێسکۆ و حیزبی کۆمۆنیستی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە هەیە کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ وەک دۆڵپا لینگی بەسەر ملی خەڵکی ڕۆمانیدا شۆڕ کردبۆوە. لە ڕۆمانی چەخماغەی شۆڕشی دژی دیکتاتۆری لە شارێکی بچووکی سەر سنوور بە ناوی "تیمیشوارا" لێ درا ، ئەو شارە پێشتریش چەندین خۆپێشاندانی بچووکی دیکەی بە خۆیەوە دیبوو کە هەموو جارێ بەخێرایی سەرکوت دەکرا. لە حاڵێکدا لە ١٧ دیسامبری ساڵ ١٩٨٩ چاوشیسکۆ سەرۆکی ڕۆمانی لە ئێران و لەسەر گۆڕی خومەینی خەریکی دانانی دەستەگوڵ بوو، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕۆمانی لە شاری "تیمیشوارا" هەر ئەو شارە بچووکەی سەر سنوور جارێکی دیکە تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد و زیاتر لە ٥٠ کەسیان کوشت و نزیک ١٠٠ کەسیشیان بریندار کرد، لەو حاڵە دا نیکۆلای چاوشێسکۆ کاتێ لە تاران گەڕایەوە ڕێک وەک خامنەیی و ڕەئیسی خۆپێشاندەران و خەڵکی ناڕازیی وڵاتی بە بەکرێگیراو و فریوخواردووی بێگانە لەقەڵەم دا.

ڕۆژی ٢١ سیپتامبر تەنیا ٤ ڕۆژ دوای کوشتاری "تیمیشوارا" نیکۆلای چاوشێسکۆ لە بەرامبەر ١١٠ هەزار کەس لە مەیدانی ناوەندی بۆخارێست پێتەختی ڕۆمانی قسەی بۆ خەڵک دەکرد کە چی لەپڕ لەگەڵ دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر ڕووبەڕوو بۆوە، چاوشێسکۆ لەو ڕووداوە بەتەواوی شۆک ببوو، چەند ڕۆژ دواتر خەڵک هێرش بۆ سەر کۆشکی سەرۆککۆماریان دەست پێ کرد و چاوشیسکۆ بە هێلیکۆپتێر هەڵات و سوپای ڕۆمانییش کە تازە هەواڵی کوشتنی وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتەیان بە تاوانی خەیانەت لەلایەن چاوشیسکۆوە بیستبوو، بێئەوەی بەرگرییەکی ئەوتۆ بکەن کاردانەوەیان زیاتر هاوهەڵوێستی و هاوڕایی لەگەڵ خەڵک بوو.

ئیتر هەر ئەوە بوو کە دوایی سپا چاوشێسکۆی گرت و خۆی و خێزانی لە ڕۆژی ٢٤ی دێسامبر، یانی ٣ ڕۆژ دوای دوایین وتاری سەرۆککۆمار، لە داگایەکی سەربازیدا مەحاکەمە و هەر هەمان ڕۆژیش گوللەباران کران و بەمجۆرە کۆتایی بە حکوومەتی ٤٢ ساڵەی یەکێک لە دڕندەترین دیکتاتۆرەکانی جیهان لە ئورووپا هات.

شۆڕشی ڕۆمانی بەرهەمی چەند مانگ شۆڕش و ناڕەزایەتی و سەرکوتی بێڕەحمانەی ناڕازیان لەلایەن حکوومەتی نیکۆلای چاوشێسکۆوە بوو کە وەک دوایین ڕێژیمی کۆمۆنیستی بە ئەندامی هاوپەیمانی وەرشەو دادەنرا.

ئەو شۆڕشە لە شێوەی ڕەفتاری حکوومەتییەوە لەگەڵ خەڵک ڕاست هەمان هەڵسوکەوتی هەبوو کە ڕێژیمی تاران لە دژی ناڕازییان و خۆپێشاندەران وگەلانی ڕاپەڕیوی ئێران هەیەتی و، قسە و لێدوانی بەرپرسانی باڵا، خامنەیی و ڕەئیسی هەمان قسە ولێدوانی دیکتاتۆرەکەی ڕۆمانیمان بیر دەخەنەوە کە هەرگیز گوێی لە دەنگی خەڵکی ناڕازی نەگرت و ئەوانی تەنیا بە دەسکیسیی دوژمنان و دەستی دەرەکی ئەژمار کرد. ئێستاش هەمان شتە، ڕێبەرانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی تاران هەر دێنە قسە ئەو ڕاپەڕینە بە گرێدراوی بێگانە و ڕۆژاوا لەقەڵەم دەدەن و لە باری هەڵسوکەوتیش ڕێک هەمان هەڵسوکەوتی دەسەڵاتبەدەستانی ڕۆمانییان لەگەڵ خەڵک هەیە.

ئەوانە ئەو وێکچوونانەن کە لەنێوان دوو حکوومەتی دیکتاتۆریی چاوشێسکۆی ڕۆمانیی ٤٢ ساڵ لەمەوبەر و دیکتاتۆرەکەی ئێستای جەماران هەیە و ئەو وێکچوونەیە کە لە نێوان شاری سەقزی چەخماغەی شۆڕشی ژینا و شاری "تیمیشوارا"ی ڕۆمانی، مەڵبەندی یەکەم سەرهەڵدانی دژی دیکتاتۆری ڕۆمانیدا هەیە. بەڵام جیاوازی لە جۆری سەرهەڵدانەکان و بەگ داهاتنەوەی دیکتاتۆرییش جێگای سەرنجن.

جیاوازیی ڕاپەڕینی ئێستای گەلانی ئێران کە لە کوردستان و لە شاری سەقزەوە چەخماغەکەی لێ درا لەگەڵ نەک ڕۆمانی، بەڵکوو لەگەڵ زۆربەی ڕاپەڕینەکانی پێش خۆی لەوەدایە کە ئەم ڕاپەڕینە بە پێچەوانەی ئەوانی پێش خۆی و بەپێچەوانەی ئەوەی ڕۆمانییش بەپێی بەرنامەی هیچ ڕێکخستنێکی نێوخۆیی دەستیان پێ نەکردووە و زیاتر خەڵک و بێزاریی خەڵک وای کرد کە وەک هەموو جارانی پێشتر بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەو ڕێژیمە بڕژێنە سەر شەقام. بەڵام ئەو جارە چون ناڕەزایەتی لە ناخی خەڵکدا ئیتر پەنگی خواردبۆوە، تاران بە هانای سەقزەوە هات و لەوێڕا گەورە بۆوە و سەرتاسەری ئێرانی تەنی.

ئەوەی جێگەی نیگەرانی و لێ وردبوونەوەیە، نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕوون و دیار بەڕێوەبەر و ڕێنوێنی خۆپێشاندانی سەرتاسەری ناکا، نە وەک سەردەمی شا کە خومەینی وەک ڕێبەرێکی کاریزما فەرمانی دەردەکرد و هەموو حیزبەکان پشتیوانیی ئەو فەرمانەیان دەکرد و خەڵکیان بۆ مانگرتنی سەرتاسەری و خۆپێشاندانی جەماوەری هان دەدا، نە وەک شۆڕشی ڕۆمانی کە خاوەنی "بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی" بوو و بەئاشکرا بەیاننامەیان دەردەکرد و دژایەتییان لەگەڵ چاوشێسکۆ وەک دیکتاتۆر دەردەبڕی و خاوەن ڕێکخستن بوون. ئەوە کەمایەسییەکی گەورەیە بۆ شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلان، ئەگەرچی تا ئێرە خەڵک کورتی نەهێناوە و هاوکات لەگەڵ سەرکوت و کوشتاری بێڕەحمانەی ڕێژیم لە نێوخۆ خەڵک و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر کەسە و لە سووچێکەوە چاکیان ئەو ڕاپەڕینە هیدایەت کردووە و بەپێی هەلومەرج و ڕۆژ و حەوتوو تاکتیکەکان دەگۆڕن ونەیانهێشتووە ئەو ڕاپەڕینە دامرکێتەوە.

وەک باس کرا لە سەرانسەری ئێراندا ئەو ڕێکخستنە بوونی نییە، بەڵام بەخۆشییەوە لە کوردستان دەتوانین بڵێین کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەو کەلێنەیان پڕ کردۆتەوە، بەکردەوە بوونە نوختە ئومێدێک لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. هەر بۆیە بە درێژەکێشانی ئەو ڕاپەڕینە پێشبینی دەکرێ لە ئایندەدا ئەو ڕاپەڕێنە لە سەرانسەری ئێراندا لەو ئاستەدا نەمێنی و زیاتر بتەنێتەوە و گەورەتر و هەراوتر ببێتەوە.

ئایا ئەو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە دەگاتە خۆپێشاندانی جەماوەریی بەرفراوان یان هەر لەو ئاستەدا دەمێنێتەوە؟ دیارە ئەو شێوە خۆپێشاندانە نوێیە و داهێنەرانەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و خەڵکی ئێران بە گشتی تا ئێستا سەرکەوتوو بووە و ڕێژیمی لە هەموو بوارێکەوە بێ دەسەڵات و دەستەوەستان کردووە. لە هەمان کاتدا پێشبینیی ئەوە دەکرێ درێژەی ئەو ڕاپەڕینە کە لە زۆربەی شارەکان وەک شەڕێکی پارتیزانی خەڵک و حکوومەتی لێ هاتووە، سەرئەنجام وا دەکا تا دیواری ترسی خەڵک لەو نیزامە بە یەکجاری هەرەس بێنێ و ئەو شەڕەی لە کۆلان و گەڕەکی شارەکان لە ئارادایە، ببێتە هۆی هەرەسهێنانی باوەڕی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و؛ خەڵک بە لێشاو بڕژێنە سەر شەقام و کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێژیمێک بێنن کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ ئازادیی لێ زەوت کردوون و جگە لە کوشت و کوشتار و گرتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و زیندان چی دیکەی بۆ خەڵکی بەبارمتەگراوی ئێران پێ نەبووە.

# ئەم بزووتنەوەیە، ڕاپەڕینێکی ژنتەوەر، سێکۆلار، دێموکرات، شوناسخواز و ئازادیخوازە

**بانگەوازی ناوەندی هاوکاری بۆ ئاکسیۆنی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان**

ژنانی خەباتکاری ئێران و کوردستان!
ئێرانیانی ئازادیخوازی دەرەوەی وڵات!

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ئێستا کە پێی ناوەتە سێهەمین مانگی خۆی، لەپاش کوشتنی بەناحەقی ژینا (مەهسا) ئەمینی بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و سووتاندنی لەچکەکان وەک هێمای ئایدیۆلۆژیکی سەرکوتی ژنان لە ئێران لەلایەن ژنانی کوردەوە بڵێسەی سەند و لەلایەن ژنانی ئازادیخوازی ئێرانەوە بوو بە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری. ئەم ئاخێزە جەماوەرییە ئێستا لە هەموو ئێراندا بووەتە شۆڕشێکی تەواو عەیار و سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەیی، ڕەگەزی، مەزهەبی و سیاسی هاوپشتییەکی بێوێنەی مێژوویی لە نێوان خەڵکانی ئێراندا دروست کردووە.

یەکگرتوویی خەڵکی ئێران چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات لە جۆری خۆیدا بێهاوتایە. ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە بە شێوەیەکی بەرین پشتیوانی و سەرنجی ڕای گشتیی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و هەموو ئازادیخوازانی سەرانسەری جیهانی دڵخۆش کردووە و سیمای ڕاستەقینەی خەڵکی ئێرانیشی پێشان داوە.

هەموو دەزانین کە ئەم بزووتنەوەیە، ڕاپەڕینێکی ژنتەوەر، سێکۆلار، دێموکرات، شوناسخواز و ئازادیخوازە کە نەوەی لاو هاوشانی ژنان هێزی بزوێنەری بزووتنەوەکەن. شۆڕشێکە کە بنەماکانی حکوومەتی مەزهەبی، تۆتالیتێر، دژەژن و ستەمکاری کۆماری ئیسلامی هێناوتە لەرزە و بەسووربوونی لەسەر ڕوخانی ئەم ڕێژیم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هێز و توانای زیاتر دەبێت. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین موژدەی ڕزگاربوون لە دواکەوتوویی نەک لە ئێران بەڵکوو لە هەموو ناوچەکەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

لە ئێستادا کە بەرەوپیری ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەچین، جێگەی خۆیەتی ڕۆژی شەممە ٢٦ی نۆڤامبر خۆپیشاندانی ناڕەزایی ئێرانییەکان لەسەرانسەری جیهان بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە تەرخان بکەین و ڕێز لە پێشەنگایەتیی ژنان لەم شۆڕشەدا بگرین. پێویستە لەم ڕۆژەدا وتارەکان، دروشمەکان و کۆی ڕێوڕەسمەکان بۆ برەودان و ناساندنی ڕۆڵی ژن لەم شۆڕشە تەرخان بکرێت و هەمووان گوێ بۆ خەباتکارانی ڕێگەی ڕزگاری ژنان ڕادێرین و لە بزوتنەوەی جیهانی ژنان و هەموو وڵاتان داوا بکەین پشتیوانی لەم شۆڕشە بکەن.

ئێمە داوا لە هەموو ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد و ئێرانی و هەموو چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنان دەکەین پشتیوانی لەم بانگەوازە بکەن تا پێکەوە و لە ڕۆژێکدا هەموو ژنان و پیاوانی ئێران ڕێز لەم ڕۆژە بگرن. هەروەها داوا لە هەموو کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن و ڕەوتە سیاسی و مەدەنییەکان و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین بێنە ڕیزی ئەم ئاکسیۆنە جیهانییە و هەموو پێکەوە یەکگرتوویی و هاوپشتی ژنان و پیاوانی ئێران لەبەرامبەر ئاپارتایدی ڕەگەزی و ڕێژیمی دژەژنی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕای گشتیی جیهان بنوێنین.

بەرز و بەڕێز بێت ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان،
سەرکەوێ خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری و یەکسانیی ڕەگەزی.


**ناوەندی هاوکاریی**
**حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٢٢ی خەزەڵوەری ١٤٠١**
**١٣ی نۆڤامبری ٢٠٢٢**

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە



حەسەن جوجەگەڵوانی



نایب حاجیزادە

**حەسەن جوجەگەڵوانی**

حەسەن جوجەگەڵوانی زیندانییەکی سیاسیی کوردە کە ئێستا لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری ئەردەوێڵ لە بەنددایە و لە ستوونی زیندانبەزێنەکانی ئەم ژمارەیەدا باسێک لە خۆی و پەروەندەکەی دەکەین.

حەسەن جوجەگەڵوانی کە خەڵکی پیرانشار و پێشتر ئەندامی سپای پاسداران و فەرماندەی پایەگایەکی سوپا لە سەرسنوور بوو، ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٧ لەلایەن حیفازەت ئیتلاعاتی سوپای ورمێوە دەستبەسەر کرا. ئەو بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ لە سللولی ئینفرادیی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی شاری ورمێدا خرایە ژێر ئەشکەنجە بۆ وەرگرتنی داننانی زۆرەملێ. پاش ئەوەش کە لەلایەن سپای پاسدارانەوە پەروەندەی لەدژی دروست کرا، لە دادگای نیزامیی ورمێ بە تۆمەیی "پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و سیخوڕیکردن بۆ ئەم حیزبە دادگایی کرا.

حەسەن لە دادگا بێ ئەوەی مافی گرتنی پارێزەری هەبێت، سزای پێنج ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ زیندانی ئەردەوێڵی بەسەردا سەپا. لەگەڵ ئەوەشدا کە حەسەن تانەی لەو بڕیارە دا، بەڵام ئەو حوکمە نەک هەر لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگاشدا وەک خۆی پشتڕاست کرایەوە، بەڵکوو ئەوەشی لێ زیاد کرا کە "لێبووردنی مەرجدار" نایگرێتەوە و دەبێ هەر هەموو ماوە زیندانییەکەی بکێشێت. بەمجۆرە حەسەن ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردانی ساڵی ٩٧ نێردرایە زیندانی ناوەندیی ورمێ و ڕۆژی ٧ی ڕەزبەری هەمان ساڵ بۆ زیندانی ئەردەوێڵ دوور خرایەوە.

حەسەن لەو چوار ساڵەدا کە لە زینداندایە لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجە و جەزرەبەی زۆر بەرەوڕوو بۆتەوە. ئەو لە هەموو ئەو ماوەیەدا لە مافی مەرەخەسی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی و هەروەها پێڕاگەیشتنی پزیشکی بێبەش بووە؛ تەنانەت لە کاتێکدا لە زینداندا ددانەکانی هەڵوەریون و ئامادە بووە لەسەر ئەرکی خۆی چاکیان بکاتەوە، کەچی بەوحاڵەش بەرپرسانی زیندان لەسەر بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان ڕێگر بوون.

حەسەن جوجەگەڵوانی ئێستا چوارمین ساڵی زیندان خۆی تێپەڕ دەکا.

***

**نایب حاجیزادە**

نایب حاجیزادە، خەڵکی ورمێ ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ١٣٩٨دا لەگەڵ ٤ هاووڵاتیی دیکە بە ناوەکانی کامران قاسمی، کەیوان ڕەشۆزادە، ئۆمید سەعیدی و عەبدولعەزیز محەممەدپوور لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا.

نایب حاجیزادە پاش مانگێک دەستبەسەرکرانی لە ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێ ڕاگوێزرا و لە سەرماوەزی ١٣٩٩ لە لقی دووهەمی دادگای شۆڕشی ورمێ دادگایی کرا. لەو دادگا چەند خولەکییەدا نایب و چوار کەسەکەی دیکەش بە تۆمەتی "چالاکیی دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی" لە ڕێگەی ئەندامەتیی لە کۆمەڵەدا، هەرکام حوکمی ١٠ ساڵ و ڕۆژێک زیندانیان بەسەردا سەپا.

ئەم زیندانییە سیاسییە لە گەلاوێژی ئەمساڵدا لەسەر سکاڵای سەرۆکی زیندانی ورمێ لەگەڵ دوو زیندانیی سیاسیی کوردی دیکەدا بە ناوەکانی کەیهان موکەڕەم و نایب عەسکەری، بە تۆمەتی «تێکدانی دۆخی زیندان» هەرکامەو حوکمی ٥٠ قامچی و ٣ مانگ زێدە زیندانیان بەسەردا سەپا.

مەسعوود (نایب) حاجیزادە خەڵکی گەندی یەنگیجەی سەر بە سۆمای برادۆستی ورمێ تەمەنی ٤٦ ساڵە و باوکی پێنج منداڵە و ئێستا لە دۆخێکی زۆر خراپدایە و پێویستی بە پێڕاگەیشتنی خێرای پزیشکی هەیە. ناوبراو پاش مانگرتن لە خواردن و لەژێر گوشاری دامەزراوە مافی مرۆییەکان لەسەر بەرپرسانی قەزایی و زیندانی ئێران لە ورمێ، ڕۆژی ١٠ی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوو بۆ نەشتەرگەری بۆ نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی زیندان ڕاگوێزرا و سکی نەشتەرگەری بۆکرا. بەڵام لە حاڵێکدا دەبوا نەشتەرگەری دووهەمیان پاش دە ڕۆژ بۆ کردبا، نەتەنیا نەشتەرگەری دووهەمی نەکرا؛ بەڵام لە هەر چەشنە چارەسەرییەکی پزیشکی بێبەری کرا کە بووە هۆی کۆبوونەوەی کێمی زۆر لە سکی ئەم زیندانییە سیاسییەدا.

نایب حاجیزادە کە لە نیزیکەی دوو مانگ لەمەوپێشەوە لە بەندی زیندانییانی سیاسی و مەزهەبییەوە گوازراوەتەوە بۆ بەندی کرێکاریی زیندانی ناوەندیی ورمێ، لە ئێستادا دۆخێکی تەندروستیی زۆر خراپدایە. ناوبراو کە لە جۆزەردانی ئەمساڵدا بۆ نەشتەرگەریی پلاتین ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان کرابوو و بەبێ تەواوکردنی دەرمانەکان گەڕێنرابۆوە بۆ زیندان، دوای ماوەیەک بە قورسی تووشی هەوکردنی قاچ بووە، هەروەها لە چەند حەفتەی ڕابردوو و لە کاتی کارکردندا بە هۆی هەڵگرتنی شتی قورسەوە تووشی دڕانی نێوزگیش هاتووە.

لەم دواییانەدا دادستانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پارێزگای ورمێ بۆ چوونی نایب حاجیزادە بۆ مەرەخەسی داوای بارمتەی یەک میلیارد و دووسەت میلیون تمەنیی کردووە کە دادوەری دۆسیە و دادوەری چاودێر بەسەر زیندانەکان دژایەتی کردووە و جەختی لەسەر بارمتەی چوار میلیارد تمەنی کردووە.

ئا: دیاکۆ دانا

کوردستان
ژمارە ٨٣٥
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ _ ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٢

# شەڕی ئۆکراین و ڕووسیە، دۆزەخێک بۆ کۆماری ئیسلامی

میرۆ کوردنژاد

وڵاتی ئێران کارتی براوەبوونی هێزە هاوپەیمانەکان لە شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. هێزەکانی هاوپەیمان لە ڕێگەی ئێرانەوە توانییان یەکیەتیی سۆڤییەت لەژێر گوشاری سپای نازی ڕزگار بکەن. بەڵام ئەو وڵاتە لەو شەڕە نەک دەسکەوتێکی ئەوتۆی نەبوو، بگرە تا ماوەیەکی زۆریش داگیر کرا. بۆ میناک لەنگەرخستنی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران و داوای دەسەڵاتداریی دەریای کاسپیەن کە قوربانیکردنی پرسی کورد و کۆمارە ساواکەی بووە هۆی سازان و ساتوسەودای نێوان ئەو دوو وڵاتە.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و دروشمی سەرەکیی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو –نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا، هەر کۆماری ئیسلامی– وەک سیاسەتێکی ئاشکرا و بەڕواڵەت کۆماری ئیسلامی دژایەتیی زلهێزەکانی دنیای دووجەمسەریی ئەوکاتی دەکرد. بەڵام ئایدۆلۆژیی دەوڵەتی دینسالار و دوور لە ئازادی نەیتوانی پارێزەری دروشمەکانی شۆڕش و یەک لەوان ئەم دروشمەی سەربەخۆییە بێت کە خۆی پێوە ڕادەنا؛ بۆیە خۆی خستە باوەشی یەکیەتیی سۆڤییەتەوە.

یەکیەتیی سۆڤییەت کە هەمیشە چاوی تەماحی لە وڵاتی ئێران بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان بڕیبوو، وردە وردە بە بیانووی هاوبەرەیی لە دژایەتیکردنی وڵاتی ئامریکا کۆماری ئیسلامیی خستە نێو دوژمنداریيەکی نەخوازراو و بێدەسکەوت. بەمجۆرە دروشمەکانی دژی سۆڤییەت لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی نێوخۆی ئێران هەڵگیران و یەکیەتیی سۆڤییەت –ڕووسیە– بوو بە زڕبابی کۆماری ئیسلامی بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ وڵاتی ئامریکا و ئەم ڕەوتە بە درێژایی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەردەوام بوو.

دوای هەرەسهێنانی دانیشتنەکانی "ژێنێڤ" و "بەرجام" کۆماری ئیسلامی بۆ شاردنەوەی شکانەکانی لە مەیدانی دیپلۆماسیدا بە یەکجاری خۆی خستە ژێر نیسێی ڕووسیە، ئەویش بە نرخی حاشاکردن پشتکردن لە هەموو ئامانجەکانی شۆڕشی ٥٧، وازهێنان لە بەشە دەریای "کاسپیەن" و بوونی بە سەربازی پیادەنیزامی ڕووسیە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتەدا.

### بەبادانی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە شەڕی ڕووسیە و ئۆکرایندا

وڵاتی ڕووسیە هەر لە سەردەمی پێتری گەورەوە بەپێی ئامۆژگاریی پێتر بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان دەستی کردووە بە پان و بەرینکردنی وڵاتەکەی بۆ لای پاناوکەکان. دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و براوەبوونی بەرەی ڕۆژئاوا، زۆرێک لە وڵاتە ژێردەستەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتەوە، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا پتر داگیر کرا و بە بڕیاری سیاسییەکانی وڵاتەوە –ڕێژیمی ئیسلامی– کۆلۆنیالیزە کرا، ئێران بوو.

یەکەم هێرشی داگیرکەرانەی ئاشکرای ڕووسیە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ساڵی ٢٠١٤ داگیرکردنی شیوەدوڕگەی کریمە، بەشێک لە وڵاتی ئۆکراین بوو. بە ڕای زۆرێک لە سیاسەتوانانی ئەو سەردەم، ئەو جووڵە نیزامی و داگیرکەرانەیە هەڕەشەی ڕووسیە بوو بۆ سەر ناتۆ و سیاسەتی گەمارۆی نیزامی و ئابووری وڵاتی ئامریکا. هۆکاری ئەوەش ئامریکا بوو کە ویستی بە دنەدانی ڕووسیە بیکێشتە نێو شەڕێکی ئابووری و بەرەوڕووکردنەوەی ئەو وڵاتە دەگەڵ هێزی ناتۆ و بەرەی وڵاتانی ئورووپا. دوای داگیرکردنی "کەریمە" ڕووسیە سزای ئابووریی قورسی خرایە سەر و دواتر بەشداریی لە شەڕی سووریەدا و ململانێ دەگەڵ ئامریکا ئەو بارگرانییە لەسەر ڕووسیەی چەندقات کرد.

ڕووسیە بۆ ئەو شەڕە هاوپەیمانێکی دەوڵەمەندی پێویست بوو بۆ وەی تێچووی ماڵی و باری شەڕەکە بخاتە سەر شانی، بۆ ئەو ئامانجە و بە سێ هۆکار ئێران باشترین بەربژێر بوو .

**یەکەم**، ئێران دوژمنی لەمێژینەی وڵاتی ڕووسیەیە و هەموو کات ڕووسیە خوازیاری نەوت و دەریاکان و سەرچاوەکانی ئەو وڵاتە بووە. داگیرکردنی قەفقاز و ئازەربایجان و دەریای کاسپیەن میناک بۆ ئەو ئیدیعایەن.

**دووهەم**، تێهاڵانی وڵاتی ئێران بۆ ئەو شەڕە دەتوانێ بەشێکی زۆر لە بار و هەڕەشە و گەمارۆکانی ناتۆ و یەکیەتیی ئورووپا بۆ لای ئێران شۆڕ کاتەوە.

**سێهەم**، لاوازبوونی وڵاتی ئێران دەتوانێ ڕێگەخۆشکەر و سەرەتییەکی باش بێت بۆ گەیشتنی ڕووسیە بە ئامانجەکانی درێژخایەنەکانهی ئەو وڵاتە، کە بێشک داگیرکردنی ئەرمەنستان، ئازەربایجان و ناوچە باکوورییەکانی وڵاتی ئێران بەشێک لەوانەن. هەر بۆ میناک ڕووسیە کە خۆی خاوەنی باشترین چەکی دوورهاوێژ و فڕۆکەی شەڕکەرە، بە ئامانجی لاوازکردنی هێزی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامی و بۆ شان و باڵنان و تووشکردنی بە شەڕێک کە چەند هەزار کیلۆمیتر لێیان دوورە و هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە؛ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرێت. کۆماری ئیسلامییش بۆ بڵاوکردنەوەی ترس، نواندنی هێز و سازکردنی دڵەڕاوکێ لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی خۆی؛ حاشای لێ ناکات و ساتوسەوداکانی لەگەڵ ڕووسیە ناشارێتەوە.

ڕوون و ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گەورەترین دۆڕاوەکانی ئەو شەڕەیە. لەدەستچوونی متمانەی نێودەوڵەتی، بێزراویی پتر لە جارانی لە نێوخۆی وڵات، لاوازبوونی هێزە نیزامییەکەی، دوژمنایەتیی وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە هەمووان گرینگتر بەهێزبوونی وڵاتانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی پەرەسەندنی زیاتری پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا بەشێکی کەم لە زیان و خەسارەکانی شەڕی ئۆکراین بۆ کۆماری ئیسلامیین.



# لە مافی خۆپێشاندانەوە هەتا ڕاپەڕین



زانیار حوسێنی

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکردرێ کە مافی خۆپێشاندان، مافی نارەزایەتیدەربڕین بە دۆخی ئارایی، سیاسەتە گشتییەکانی حکوومەت لە هەموو ڕەهەندە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد یان بە یاسایەکی پەسندکراو و بەگشتی بە هەر چەشنە حاڵەتێک کە دەسەڵات و ناوەندەکانی دەسەڵات بەردەنگ بن دەگوترێ. مافی خۆپێشاندان مافێکی دانپێدانراوە و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بەیاسا کراوە و وەک نەریتێکی دانەبڕاو بۆ کۆمەڵگە و وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات پێناسە دەکرێت.

لە سەردەمی ئێستادا کۆی گشتیی مافە مەدەنییەکانن کە نیشاندەری ڕادەی دێموکراتبوون و خەڵکیبوونی دەسەڵاتە و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی دەسەڵات لە یاسادا و لە کردەوەدا دەبێتە خشتەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتەکان. لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا لە دوو شوێن ئەو مافە بەفەرمی ناسێندراوە و دانی پێدانراوە؛ یەکەم لە جاڕنامە گەردونی مافی مرۆڤ لە ماددەی ٢٠دا کە دەڵێت: "هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە و ئازادە لە کۆبوونەوە و ڕێکخستنی کۆڕە ئاشتیخوازەکان. نابێ هیچ کەس بەزۆر لە هیچ کۆڕێکدا بەشدار بکرێ." دووهەم لە ماددەی ٢١ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مەدەنی و سیاسیدا دەڵێت: "مافی پێکهێنانی کۆڕبەندی ئاشتیخوازانە بەفەرمی دەناسرێ. جێبەجێکردنی ئەو مافە، نابێ ژێرفەرمانی هیچ سنووردارێتییەک بێ، جگە لەوەی کە بەپێی یاسا دیاری کراوە و لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا بەپێی بەرژەوەندیی ئاسایشی میللی یان سڵامەتیی گشتی یان ئاسایشی گشتی یان بۆ پشتیوانی لە سڵامەتی یان ئەخلاقی گشتی یان ماف و ئازادییەکانی خەڵکی زەرووڕەتی هەبێ."

لە کەس شاراوە نییە کە وڵاتانی جیهان دەبێ پابەند بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو خاڵە نێودەوڵەتییە بن کە هەموو ئەوانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بە واژۆکردنی ئەو بنەمایانە، پاراستن و لەبەرچاوگرتنیان وەئەستۆ گرتووە.

لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەسڵی ٢٧دا، ئاماژە بە مافی خۆپێشاندان کراوە. ئەو ئەسڵە دەڵێ: "پێکهێنانی کۆبوونەوەکان و خۆپێشاندانەکان بەبێ پێبوونی چەک، بەو مەرجەی نەبێتە بنەماکانی ئیسلام نەباتە ژێر پرسیار، ئازادە." ئەو ئەسڵە کە لە بەشی مافی میللەتدا هاتووە، بەڕوونی باس لە یاساییبوونی مافی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان دەکات و جگە لەو مەرجە، هیچ سنوور و چوارچێوەیەکی دیکەی بۆ دیاری نەکردووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە و بۆتە هۆی ناڕوونی یاسای بنەڕەتیی ئەو دەسەڵاتە مەرجی دووهەمە کە دەڵێ بەو مەرجەی نەبێتە هۆی چوونە ژێر پرسیاری بنەماکانی ئیسلام!

یاسای بنەڕەتی هەر وڵاتێک دەبێ گشتی، ڕوون و ڕاشکاوانە بێت بەجۆرێک کە جێی گومان و ناڕوونی و پرسیار نەهێڵێتەوە. لەو مەرجەدا کە بنەماکانی ئیسلام هاتووە لە هیچ بەشێکی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا، ئەو بنەمایانە شی نەکراوەتەوە و تەنانەت لەو ئەسڵەدا کە باس لە ویلایەتی مووتڵەقەی فەقیهـ دەکات، لەوێدا ئاماژە بەوە ناکات کە مەبەست لە ویلایەتی فەقیهـ هەمان بنەماکانی ئیسلامە کە لە ئەسڵەکانی دیکەی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا باسی کردوە یان نا؟ ئەو کێشەیە لە هەموو ئەو ئەسڵانەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و هەمیشە لە کاتی کێشە لەنێوان دەسەڵات و خەڵک، زیان و خەسارەکانی بەلای خەڵکدا شکاوەتەوە و دەسەڵات بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە. مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی نایەت و لەدواییدا پارلەمانی کۆماری ئیسلامی، مافی خۆپێشاندانی لە یاسای ئاساییدا سنووردارتر کرد کە پێچەوانەی ئەسڵی داڕشتنی یاساییە و بەپێی سەرچاوەبوون و بنەمای یاسایی، یاسای ئاسایی دەبێ لەژێر چوارچێوە و کاریگەریی یاسای بنەڕەتیدا بێ، نەک پێچەوانەکەی. مەگەر ئەوەی کە یاسای بنەڕەتی خۆی باس لە ئیمکانی دابینکردنی ڕێوشوێنی پێویست و زەروور لەلایەن شوێنی دیاریکراو بدات. بەوحاڵە کۆماری ئیسلامی بە لەبەرچاونەگرتنی ئەو ئەسڵە گرنگە و بەشێوەیەکی ناڕەوا و نایاسایی، مافی خۆپیشاندانی لە هێندێک ماددە و خاڵدا سنووردار کردوە کە بریتین لە خاڵی ٦ی مادەی ١١، یاسای شێوەی کار و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کە دەڵێت: "پێداچوونەوە و تاوتوێکردن و بڕیاردان سەبارەت بە داواکاری بۆ ئەنجامدانی کۆڕبەندەکان و خۆپێشاندانەکان لە ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی ماددە ١٠ی حیزبەکان دایە." هەروەها لە خاڵی خ ماددەی ١٣ی ئەو یاسایەدا دەڵێت: "بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکان و پێکهێنانی کۆڕبەندی حیزبەکان دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی خاڵی ٦ی ماددەی ١١ و هەروەتر ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی و بەئاگاداری و وەرگرتنی مۆڵەتنامەی خۆپێشاندان لە وەزارتی نێوخۆی وڵات و پارێزگادا بێت." لە ئاییننامەی ئەو بابەتەدا هاتووە کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتنامە، حیزبەکان دەبێ بچنە کۆمیسیۆنی ماددە ١٠ی حیزبەکان کە لە سێ نوێنەری دەسەڵاتی سەرەکی دەسەڵات پێکهاتووە و لانیکەم دەبێ کەمتر لە ٧٢ کاتژمێر نەبێت. هەروەها ناوی وتەبێژەکان، شوێنی کۆڕبەندەکە، کاتی کۆ بوونەوە و بابەتی کۆبوونەوەکەش ئاماژەی پێ بکرێت.

ئەوانە یاساوڕێساگەلێکن کە لەدوای پەسندی یاسای بنەڕەتی بۆ سنووردارکردنی مافی خۆپێشاندان پەسندکراون؛ کە بەو پێیەی لەسەرێ باس کرا، پێچەوانەی چوارچێوەی داڕشتنی یاساییە و دەبوایە دیوانی عەداڵەتی وڵات یان خود شۆڕای نیگابان ئەو یاسا و ماددانەی کە دژی ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتین، هەڵوەشاندبایەوە کە تائێستا تەنانەت لە ئاستی قسەکردنیشدا باسی لێوە نەکراوە.

لەو ماددە و یاسایانەدا چەند بابەتمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆنیەتیی بەیاساییکردنی ئەو چوارچێوە و سنوورانەمان بۆ دەردەخا کە دژ و پێچەوانە یاسای بنەڕەتی و هەروەها دژی مافی ئازادی ڕادەربڕین و خۆپێشاندانە.

یەکەم لەو ماددانەدا باس لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکات، کە وایە مەبەست ئەو ڕێکخراوە و نەجوومەنانەن کە کۆماری ئیسلامی لەدوای دامەزرانی پێکیهێناون یان پێشتر دایمەزراندوون یان دانی پێ داهێناون؛ بەو پێوەرە جگە لە بناژۆخوازەکان، ڕیفۆرمخوازەکان و لق و پۆپەکانی ئەو دوو ڕەوتە و ڕەوتەکانی تایبەت بە ڕژیم، مەجالێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە لەلایەن حیزبەکانی دیکەی خەڵکەوە نییە. نەتەنیا نییە بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک حیزب پێناسە نەکراون و بەڵکوو بە نەیارانی خۆی ناساندوون و هیچ یەک لەو لەتکەمافانەی کە لەیاسادا دیاریکردوون ئەوان ناگرێتەوە. دووهەم: کەسێتی حقووقی و کەسێتی حەقیقی جگە لە ئەو حیزب و ڕەوتانەی ناویان هاتووە، ناتوانن داوای مۆڵەتنامەی خۆپێشاندان کەن. سێهەم: هیچ مافێک و یاسایەک بۆ خەڵکی ناڕازی دیاری نەکراوە، چوونکی ئەو مۆڵەتنامەیە دیاریی کردووە کە بۆ چ لایەن و ڕەوتێک دەردەکرێ. چوارەم: بە چاولێکردن لە دەقی فارسی و حقووقی ئەو یاسایانە بەڕاشکاوی باس لە خۆپێشاندان (تظاهرات) نەکراوە، ئەوەی هاتووە بەشێوەی (تجمعات و راهپیمایی) هاتووە کە بە مانای کۆڕبەندی و ڕێپێوانە؛ ئەوەش خۆی باری پۆزەتیڤی بەسەردا سوارە و خوێنەر و جێبەجێکارە یاساییەکان زیاتر ئەو مەبەستەی لێ هەڵدەیەنجن کە یاسادانەر مەبەستی لایەنگر و پشتیوانانی بنەڕەتی دەسەڵات یان لانیکەم ڕیفۆرمخوازەکانە، نەک ناڕازییەکان و دژبەرانی.

بۆیە بە وردبوونەوە و شیکاریی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە، هەروەها یاساوڕێساکانی دواتر کە لەسەر ئەو بابەتە پەسند کراون، ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ ناڕازییەکان و تەنانەت دژبەرانی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەر ڕەهەند و چەشنێک، هیچ مافێکی یاسایی بۆ خۆپێشاندان یان دەربڕینی ناڕەزایەتی دیاری نەکراوە، کە واتە ناڕازییەکان بە هیچ شێوەیەک مافی خۆپێشاندان و ڕادەربڕینی سەرشەقام و جۆرەکانی دیکەیان بەشێوەی کۆبوونەوە و کۆڕبەند پێ نەدراوە. بۆیە لە دام و دەزگای حکوومیدا دەبینرێ کە لەو خۆپێشاندانانەی شۆڕشی ژینا، کۆی خۆپێشاندەران، ناڕازییان و مانگرتووەکان بە ئاژاوەگێڕ، ئاژاوەچی و تێکدەر و شێوێنەر ناوزەد دەکرێن و بەپێی قوورسایی ئەو وشەگەلە لە دادگاکانیان ڕووبەڕووی تاوانە دژەمرۆییەکان وەک شەڕکەر بەدژی خودای و پیسکەری سەر زەوی لەقەڵەم دەدرێن و محاکەمە دەکرێن. ئەوانە لە کاتێکدایە کە لەوبەری پەردەی یاسای کۆماری ئیسلامییەوە هەر وەک لە وتاریکی پێشووتردا باسم کردوە، کارئاسانی بۆ نەهادە ئەمنییەتییەکان کراوە و بە دەستتێوەردان لە یاسا و ئاییننامەی هێزەچەکدارەکانی وڵات، دەستئاوەڵەیی و مافێکی بەربەرین و لەڕادەبەدەر بەو بەشانە دراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک، سەرکووت کردنیان و تەقەی ڕاستەوخۆ لەو کەسانەی کە بە هەر هۆیەک دێنە سەرشەقام. ئەوەش لەو خۆپێشاندانانەدا بەئاشکرا دەرکەوتووە کە بەپێی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان کەسانێک بەجلی ئاسایی و خەڵکی بەشێوەیەکی دڕەندانە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ چوارچێوە و سنوورێک بە چەکی جۆراوجۆر ڕاستەوخۆ تەقە لە خەڵک دەکەن، دەیانڕفێنن، سەرکوتیان دەکەن و بەرەوڕوویان دەبنەوە و نەتەنیا مافی خۆپێشاندان بۆ خەڵک ناپارێزن و دەبنە هۆی ئاڵۆزی و بشێوی، بەڵکوو ئاییننامەی نێودەوڵەتیی هەڵسووکەوتی هێزە چەکدارەکانیش لەبەرچاو ناگرن. کۆی هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی کە یاسای بنەڕەتیی وڵات و یاساکانی دیکەی پێ داڕێژراوە و لەو ئایدییایەشدا خەڵک تەنیا دەتوانن لەگەڵ دەسەڵات و بۆ دەسەڵات بن و جگە لەوە، هەر هەڵسووکەوت و قسە و ویستێک بەمانای دوژمنایەتیی خودا و نوێنەرانی خودایە لەسەر گۆی زەوی.

# ناوەندی هاوکاری: بە "مەحارەب" ناساندنی خەڵکی ئازادیخواز نیشانەی داماویی ڕێژیمە

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان و ئێران!**
**چالاکوانان، مامۆستایان، خوێندکاران و ژنانی خەباتکار!**

ڕۆژێک پاش بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ٢٢٧ نوێنەری مەجلیسی شوڕای ئیسلامی لەبارەی بە مەحارەب ناوبردنی خەڵکی نارازی و ئازادیخوازی ئێران، سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕێژیمیش لە وتەیەکدا پشتگیریی ئەو بەیاننامەیە دەکات و ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئێعدامی ژمارەیەک لە دەستبەسەرکراوەکانی ئەم دواییە نیشان دەدات. غوڵامحسەین موحسنی ئێژەیی ئەو ژن و پیاوە ئازادیخوازانەی کە لە ئاخێزەکانی ئەم دواییە دەستگیر کراون، وەک دوژمنی ئەمنیەتی ئێران ناو دەبات و لەگەڵ ئەوەیە ژمارەیەکیان لەسێدارە بدرێن.

ئەم جۆرە لێدوانانەی نوێنەران و بەرپرسانی ڕێژیم لە مەحارەب ناوبردنی ئازادیخوازانی ئێران کە نیشانەی بێدەرەتانی و داماویی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە، لەکاتێکدایە کە نارەزاییەکان و خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام لە کوردستان و زۆربەی ناوچەکانی ئێران لە هەشتەمین حەوتووی خۆیدایە و سەرەڕای سەرکوتی دڕندانە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیم، ژمارەی خۆپیشاندەران ڕووی لەزیادبوونە و ڕووخانی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی بووەتە خواستێکی گشتیی سەرتاسەری ئێراندا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەیاننامەی ٢٢٧ نوێنەری مەجلیس و لێدوانی سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕێژیم بەتوندی مەحکوم دەکات و داوا لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک لە کوردستان و ئێران دەکات لە نارەزاییەکان و خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام و بە هەر شێوازێکی گونجاو ئەم بەناو نوێنەرانەی مەجلیس و بەرپرسانی ڕژیم ڕیسوا و مەحکووم بکەن.

بەیاننامەی نوێنەرانی مەجلیس و بەدوای ئەوە لێدوانەکانی غوڵامحسێن ئێژەیی باس لە ئەگەری جێبەجێکردنی پیلانێکی شومی دیکە دژە بە خەڵکی خەباتکاری کوردستان و ئێران، بەتایبەتی گیراوەکانی ئەم بزووتنەوە نوێیە و زیندانییە سیاسییەکان دەکات. هەر بۆیە داوا لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران دەکەین وێڕای محکومکردنی ئەم جۆرە لێدوانانەی بەرپرسانی ڕێژیم هەوڵ بۆ لەقاودانی ئەم سیاسەتە شومە بدەن.

داوا لە سەرجەم ناوەند نێونەتەوەییەکان و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین بۆ ئازادیی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و گیراوەکانی بزووتنەوە نوێ، گوشارەکانی خۆیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەن و لەبەرانبەر سەرکوت و کوشتاری بێبەزەییانەی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بێدەنگ نەبن.

سەرکەوێ بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران!

بڕوخێ دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران!

ژن، ژیان، ئازادی!

**ناوەندی هاوکاریی**
**حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١**

# بۆ جەستەی بریندار و ماندووی ڕۆژهەڵاتی سەربەرزم

**ڕەزا ڕۆژهەڵاتی**

کۆکردنەوەی ئەم هەموو وێنە دڵتەزێن و لە هەمان کاتدا جوان و ناوازە لە پەنا یەکتری بەڕاستی چەتوون و زەحمەتە. پارادۆکسێکی سەیر لە خەم و شانازی تێکەڵ بە زەردەخەنە. دۆکۆمێنتارێکی تاریکوڕوون لە گەلێک کە ساڵیانێکە لەگەڵ ئازارەکانی ژیاوە و ئێستا لە ئازارەکانی ڕێگەیەکی بەرەو داهاتوو سازکردووە بۆ ئەوەی بانگەوازی ئازادیی و یەکسانی بدات.

ئەم وێنانەی کە هەریەکەیان بەیاننامەیەکی تەواو دژبە ستەم و زۆری و مانیفێستی ئازادین. بڵیند و نەوی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، چیرۆکی نەسرەوتن و بەرخۆدانی ڕۆژهەڵات.

با لە ساتەوەختی ناشتن وماڵئاوایی لە جەستەی پاکی ژینای کوردستان دەست پێ بکەین. ژنێک لەنێو خەڵکدا هاوار دەکات: "ژن، ژیان، ئازادی" و قەرەباڵغی ئامادەبووان بێوەستان دووبارەی دەکەنەوە، وەک ئەوەی ساڵانێکە ئەم دروشمەیان ئامادە کردبێت، ئۆرکێستڕایەکی شایستە کە دوای ماوەیەکی زۆر ڕاهێنان ئێستا خەریکی ژەنینی سەمفۆنیای ڕۆژهەڵاتن، سەمفۆنیای خۆشەویستی و ئازادی، دەڵێی ئەم خەڵکە لەگەڵ ئەم نەوایە ژیاون و گەورە بوون. نەوا و دروشمێک کە جوغرافیای بەزاند، سنوورەکانی تێپەڕ کرد و ئێستا لە کۆنسێرتی گرووپی بەناوبانگی"-Cold play" لە دەستی ئەکتەرەکانی هالیوود یان لە دەمی "تۆنی کرۆس"، ئەستێرەی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەڵمانیا، یان "خابی" کەسایەتیی بەناوبانگی تیک تۆک دووپات دەبێتەوە. زۆر بەنرختر لە هەموو ئەم دووبارەبوونەوەیە، ئێستا "ژن، ژیان، ئازادی" موژدەی هاتنی ڕۆژانی ڕووناک ئەدات نەتەنیا بۆ ئێران، بەڵکوو بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵێنی جیهانێکی جوانتر و ڕازاوەتر.

با زۆر دوور نەکەوینەوە، با بگەڕێینەوە بۆ لای سیمبولی شۆڕش، چیرۆکی بەردی گۆڕەکەی ژینا، کورتە نووسینێک و سەرەتای پەیمانێک، هاودەنگییەکی مێژوویی، سوێندێکی شۆڕشگێڕانە؛ "ژینا گیان، تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز" بەڵێن بە ژینا دەدەن و بەڵێنەکەیان جێبەجێ دەکەن، ئەمە سەرەتای شۆڕشێکە، چیرۆکی ڕزگاری لێرەوە دەست پێ دەکات،کۆڵان بە کۆڵان، شەقام بە شەقام، شار بە شار تا بێکۆتایی پێکەوەبوون و یەکڕیزی، چیرۆکی خەڵکانێک کە دەچنە شەڕی دیکتاتۆری خوێنمژ.

... دەنگی بێوچانی فیشەک لەم ڕۆژانەدا بووەتە هاوڕێی شۆڕشگێڕانی سەر شەقام، ڕەنگە فیشەکەکان لە هەموو کەس باشتر بزانن کە ئەم شۆڕشە گەڕانەوەی نییە، ئاخر ئەوان زیاتر لە هەر کەسێک ئاگاداری وەرەی بەرز و ئێرادەی شەهیدانی سوورخەڵاتن. لە گۆشەیەکدا، لە تەنیایی باوکێکی شەهید، کە خەریکی ناشتنی ئاکامی ژیانیەتی، لەژێر بارگرانیی ئەم بەڵا گەورەیەدا، شتێکی تەواو جیاوازی هەیە بۆ ئەوەی بە خەڵکی خەمبار بڵێت. "پێویستە بەردەوام بین، نەهێڵین خوێنی لاوەکان بفەوتێت, ئەمە ڕێگای ئازادییە". دەبێت خەوی داگیرکەران تێکبدەین، دەبێ ببینە کابوسی ڕۆژوو شەویان.

... بەکرێگیراوانی دیکتاتۆر بەردەوامن لە کوشتار، شارەکەم چەند ڕۆژێکە لەژێر فشار و سەرکوتدایە، ئەمە شاری ڕاوەستان و بەرخۆدانە، شاری نەسرەوتن، شەقامەکان لەلایەن گەنجانی چاونەترسەوە داگیرکراوە، هاواری مەرگ بۆ دیکتاتۆر لە هەموو کاتێک بەرزتر دەبیسترێ، کچێک بە قژی پەرێشانەوە ئاڵای کوردستان لەسەر شان، لەژێر بارانی گوللە و دوکەڵ، چاو بە چاو لەگەڵ بەکرێگیراوان وەستاوە و دەستی وەک نیشانەی سەرکەوتن بەرز کردۆتەوە، ئازایەتیی کچانی ڕۆژهەڵات بێوێنەیە، کیژانی وڵاتی خۆر وتەبێژی یەکسانین و بانگەوازی ئازادین. با جیهان بزانێت کە ژنان لە ڕۆژهەڵات ئاڵاهەڵگر بوون و هەن و دەشمێننەوە.

... زیاتر لە دوو مانگە لە هەڵفڕینی باڵندە ئێسکسووکەی خۆرهەڵات تێدەپەڕێت، دیکتاتۆر دەڵێت ئەم شۆڕشە پیلانێک بووە و بنی هاتووە. بەڵام ڕۆژهەڵات بەخەبەرە، دیسان خەڵکانی وڵاتی خۆر، چاونەترسانە لە بن سێبەری زاڵی دەسەڵاتی خوێنڕێژ کۆ بوونەتەوە و خەریکی وێناکردنی یەکێک لە جوانترین وێنەکانی شۆڕشن. تا چاو دەتوانێت ببینێت، جەماوەری ئازادیخواز و ئەویندارانی ڕێبازی نەسرەوتن لەسەر شەقامن، دیسان بانگەوازی ئازادی و هاواری پێکەوەبوون، دیسان کچێک بە قژی پەرێشانەوە وەک نیشانەی سەرکەوتن، وەک سیمبۆلی ئازادیخوازیی ژنان لە ڕۆژهەڵات دەستی بەرزکردۆتەوە. دووبارەکردنەوەی چیرۆکی ژن، ژیان، ئازادی.

... داگیرکەران پتر لە پێشووش بێبەزەییترن، بەڵام حەماسە و چیرۆکی بەرگری لە ڕۆژهەڵات بەبێ گۆڕانکاری بەردەوامن. لە هەموو شوێنێک وانەی ئازایەتی و قوربانیدان هەیە، ڕەنگە شوێنەکان جیاواز بن، بەڵام ڕاستییەکان ناگۆڕدرێن، ئێستا نۆبەی دایکی شەهیدە کە لەنێو قەرەباڵغیی ژنانی خەمیندا، وێنەی کوڕی شەهید لەدەست، بانگەوازی ئازادی دەدات، ژنان بە فرمێسک و چەپڵەڕێزان دڵداریی دایکی شەهید دەدەنەوە "دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، شەڕت بێ بستێنین تۆڵە". کەمێک دوورتر هاواری "شەهید نامرێت" گوێی ئاسمانی کەڕ کردووە. هەندێک کەس لەژێر تابووتی شەهید بەردەوام پەیام بۆ داگیرکەران دەنێرن: "کوردستان، کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان".

... هەواڵێک دەگات، تەرمی شەهیدێک لە ڕێگادایە، شوێنەکە گرنگ نییە، لە هەموو گۆشەیەکی ڕۆژهەڵاتدا خەڵک خەریکی خۆڵقاندنی حەماسەیەکی نوێن، دیسان خەڵک، دیسان هاوار، دیسان کچێک، دیسان چیرۆکی شۆڕش و سەرکەوتن، بێ ڕاوەستان، سەرنجڕاکێشتر، ڕادیکاڵتر و چڕتر لە ڕابردوو. ئێستا مزگەوتەکانیش شوێنی خەباتن، ئێستا جگە لە شەهادە بۆ یەکبوونی خودا، سروودی ماتەمینی شەهیدانیش دەڵێنەوە. لێرە دەنگی ژن ڕێگەپێدراو و ڕەوایە، تەنانەت لە مزگەوتیشدا. با دنیا بزانێت ئەمە ڕۆژهەڵاتە، ناوەندی خۆشەویستی و ئازادیی.

... داگیرکەران بێ ئومێد لە تێگەیشتن لەو هەموو کۆڵنەدانە، دیسان بە هێرشکردنە سەر بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان، بە دوای تۆڵەسەندنەوەدا دەگەڕێن، لەو هێرشە هۆقیانەدا چەندین پێشمەرگەی نیشتمان شەهید و بریندار بوون، بەڵام هێشتا تاریکی لە وڵات نەگەڕاوە ناوی شەهیدان لەسەر دیواری شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات دەردەکەون و بەرز دەکرێنەوە. ڕۆژی دواتر هەموو کوردستان مانگرتنە و خەڵک نارەزایەتی دەردەبڕن. هەر تێنەگەیشتی داگیرکەر! گەمژە! لە ڕۆژهەڵات شتێک بە ناوی حیزب و خەڵک بوونی نییە، لێرە ئەوە حیزبە نوێنەرایەتیی خەڵک دەکات و خەڵکن خاوەنی سەرەکیی حیزبەکانن.



وەک ئەوەی ئەم دیمەنەم دەیان جار بینیبێت، نا وەهم نییە! نا، من هەموو ڕۆژێک، لە هەموو شوێنێک ئەم دیمەنانە دەبینم. هەموو شوێنێکی وڵاتی خۆر بڵێسەی ئاگر و کانگای بەرخودان و نەسرەوەتنە. ئەوە چیرۆکی بنەماڵەی گەورەی منە لە ڕۆژهەڵات. دوژمن توانای شیکردنەوەی ئەو هەموو حەماسە و ئازادییەی نییە، توانای شیکردنەوەی ئەم مرۆڤە ماندوونەناسانەی نییە. ناتوانێت لەو هەمۆ جیاوازییە تێ بگات.

چەندە دەنگت بەرزە، ڕۆژهەڵاتی من، ئێستا چیرۆکی بەرخۆدان و خۆڕاگریت جیهانی سەرسام کردووە. ئێستا ئاڵای ئازادیت تا بێکۆتایی شەکاوەیە، دایکی من، نیشتیمانم، وڵاتی ئازار و دەرد، ڕۆژهەڵاتی خەمناک و سەربەرزم، لەم ڕۆژانەی خەم و ئازاردا، کە جەستەی بریندارت لە خەمی شەهیدبوونی لاوەکانت لە هەمیشە ماندووترە. تۆ پێبکەنە، تۆ پێبکەنە، با گوێی ئاسمان کەڕ بێت، با دەنگی پێکەنینەکانت ئەم جوغرافیا خەمناکە پڕ بکات، تۆ بەرگری و کۆڵنەدان لە چیاکانتەوە فێر بووی. خەمی شۆڕەلاوەکانت نەبێ، ئەوان ڕێگای ڕزگارییان دۆزیوەتەوە، لاوەکانت خەوی دیکتاتۆری پیریان تێکداوە.

نیشتیمانم! کەمێک سەبر، بەیانی نزیکە. تاقەت بێنە ڕۆژهەڵاتم، بەهار دێت و برینەکانت سارێژ دەبن، ئەوکات کچان و کوڕانت لە ئاگری هەتا دالاهۆ ئازاد و ڕەها بەبێ ترس لە داگیرکەران ڕەشبەڵەک دەگرن و هەڵدەپەڕن، ئاڵای کوردستان لە دەست هاوار دەکەن: "بژی کوردستان، بژی ڕۆژهەڵات".

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# هەناردەی قاچە مریشک لە جیات "صدور انقلاب"

ئەوانەی ئەمڕۆ یانی ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە یان وردتر بڵێم ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی تەمەنیان خۆی لە پەنجا ساڵی داوە، یان دایک و باوک و دەرودراوسێ و خزم و کەسیان دەگەڵ سیاسەت و میاسەت وردە تێکەڵاوییەکیان هەیە، سەبارەت بە سەردەمی سەرکەوتنی ئاخوندان دوای ڕووخانی دەستەڵاتی پاشایەتی وردە زانیارییەکیان هەیە.

ئەوکات، گەلانی ئێران دوای ئەوەی دەستەڵاتی پاشایەتی هەڵوەشا، هەموویان بە خومەینییان گوت "بڵقاسم" و کردیان بە سەرۆک و ڕێبەری دەستەڵاتی تازەی ئێران. گرێی بەختی "بڵقاسم"ی شۆڕشی ئێران بە چەشنێک کرایەوە، لە ئاخروئۆخری دەستەڵاتی پاشایەتیدا، بەشێکی زۆری خەڵکی پایتەخت و شارەگەورەکانی ئێران بە دوودڵی و دڵەڕاوکێوە هەستیان دەکرد ڕدێنی خۆمەینی بە مانگی تاقی ئاسمانەوە نووساوە و دەیانگوت "امام تو ماه است" واتا "ئیمام لەنێو مانگدایە". ئەوان بەرزی و نزمیی سەر گۆی مانگیان بە ڕیشە چڵکنەکەی خومەینی شوبهاندبوو. هەرکەسێک بکەوێتە بەر ڕەحم و بەزەیی گەمژان، لە بڵقاسمبوونی خۆی گومانی نامێنێت. خومەینییش بەم جۆرە دەرفەتەکەی قۆستەوە. چاوی لێ نووقاند و دەمی کردەوە. لەجیات قووقلیقووقوو گوتی: کارەبا و مارەبا و هاتووچۆی پاس بۆ هەموو دانیشتووانی نێو ئێران دەکەم بە بەلاش و پارەی داهاتی نەوتی ئێرانیشتان بەسەردا دابەش دەکەم. بڵقاسمی گۆرین بەوەندەوە نەوەستا و ڕوحمی بۆ وڵاتانی دەر و دروابسێ و کیشوەر و قارە و مارەی دوور و نزیکیش بزووت و گوتی "انقلاب اسلامی را به تمام جهان صادر میکنیم". بڵقاسم وای دەزانی دەکرێت "انقلاب"یش وەک سێوی کوردستان و ئازەربایجان و برنجی ڕەشت و پستەی ڕەفسەنجان و گەزی ئیسفەهان و کشمیشی شیراز هەناردەی وڵاتان بکرێت.

ساڵان هاتن و ڕۆیشتن، خومەینی ڕۆیشت و عەلیەگۆج ناوێک شوێنی بڵقاسمی کۆنی گرتەوە و ئەمەیان نەک هەر لەسەر دروشمی سدووری ئینقلاب بەردەوام بوو، هێندێک گۆڕانیشی بەسەردا هێنا و ناوی "صدور انقلاب"ی گۆڕی و کردی بە "جبهەی مقاومت". لاتولووتی چەند وڵاتی دەوروبەری کۆ کردەوە و ویستی لە ڕێگەی ئەوانەوە ئینقلابەکە بەئاسانی هەناردە بکات. گەوجێتیی پەیڕەوانی بڵقاسمی دووهەم بە "صدور انقلاب" بۆ وڵاتانی دەر و دراوسێوە نەوەستا و گوتیان لە ئەمریکاش کۆشکی سپی دەکەین بە "حوسەینییە".

کورد پەندێکی هەیە، دەڵێت هەر ئەم ساڵ خۆزگە بە پار. بۆ بڵقاسمیش خۆزگە بۆ بڵقاسمی پێشوو. ئەویان بۆ ڕزگاربوون لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق بە خواردنەوەی جامێ ژار خۆی قوتار کرد و گوتی من دان بەم ئاشتییە لەگەڵ عێراق دادەنێم و وا دەزانم جامێ ژار دەخۆمەوە. خواردییەوە و "صدور انقلاب"ەکەشی هەتا کاتی مردنی وەک تراویلکە مایەوە. ئێستاش گەمارۆی ئابووری و دروشمی "ژن ژیان ئازادی" و فشاری نێوخۆ و دەرەکی وای لە بڵقاسمی دووهەم کردووە ئەویش "صدور انقلاب"ی خۆی لێ ببێت بە تراویلکە. عەلی خامنەیی یان بڵقاسمی دووهەم ئەوندە کەیفی بە "صادرات" یان بە کوردیی خۆمان "هەناردە" دێت. خەریکە لەجیات ئینقلاب قاچەمریشک هەناردە بکات.

سەبارەت بە هەناردەکردنی قاچە مریشک، چەند ڕۆژ لەمەوبەر "مەهدی سەفەری"، جێگری ئابووری و دیپلۆماسیی وەزیری دەرەوەی ئێران بە ڕەسمی ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێت لە ساڵێکدا ١٥٠ بۆ ٣٠٠ میلیۆن تۆن قاچی مریشک هەناردەی وڵاتی چین بکەین.

هەڵبژاردنی قاچی مریشک بۆ هەناردەکردن لە جیات ئینقلاب و دەستنیشانکردنی وڵاتی چین بۆ ئەم مەبەستە بۆ چەند هۆکارێکی زۆر گرینگ دەگەڕێتەوە و بەشێکیان بریتین لە:

١- وڵاتی چین چەند ساڵ لەمەوبەر ویرووسی کۆرۆنای وەک دیارییەکی بەکەڵک هەناردەی ئێران کرد و بە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس لە کۆوید١٩ خەڵک خۆیان لە هاتن بۆ سەر شەقامان بوارد و سەرهەڵدان دژی کۆماری ئیسلامی بۆ چەند ساڵێک دوا کەوت. ئەمەیان وەک چاکە و پێزانین لە بەرانبەر "چین"دا دەچاوی کۆماری ئیسلامیدا ماوەتەوە.

٢- وڵاتی چین لەبەر ئەوەی دەستەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکە و حەزی لە دێموکراسی و مێمۆکراسی و لیبراسیم و میبرالیسم و ئازادی و مازادی و شتی لەم بابەتە نییە، دەکرێت وەک باشترین هاوبەشی بازرگانی سەیری بکرێت.

٣- وڵاتی ینگەکان، لە کاتێدا وڵاتێکی لائیکی خاوەن ئیدئۆلۆژیی چەپە، تەنانەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش باشتر خزمەتی ئایین دەکات. بۆ وێنە ئاڵا لەچەند ڕەنگی کەسک و ڕەشی سێ سووچ و چوارگۆشە و پەڕۆکی بە دروشمی یاحوسێن و ئایەتی دەستپێکردنی ئۆتۆمبێل ئاژۆتن و شمشێری درێژ بۆ خۆپێشاندانی ڕۆژی عاشوورا و زۆر شتی دیکە ئەو بەرهەمانەن چین لە ناوچەکە هەناردەی کۆماری ئیسلامی و دۆستانی کۆماری ئیسلامییان دەکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دوای ئەوەی زانیی قاچە مریشک مادەیەک بە ناوی کۆلاژینی تێدایە و ئەم مادەیەش بۆ پتەوکردنی کرکڕاکەی ئەژنۆ و جومگەی مرۆڤ بەسوودە، بە باشی زانی خەڵکی چین لە خواردنی ئەم مادەیە بێبەش نەبن و باشتر بتوانن کەلوپەلی پێویست بەرهەم بهێنن و هەناردەی ئێران و باقی وڵاتانی نێو "جبهەی مقاومت" یان بەرەی خۆڕاگریی بکەن. دیارە دوژمنانی ویلایەتی فەقیهـ بەم بەرەی خۆڕاگرییە دەڵێن "هیلالی شیعە".

دوای خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت هەناردەی قاچە مرشیک بۆ دەرەوە هەمان ئەوە "صدور انقلاب"ـەی بلقاسمی یەکەمە و پاش ٤٤ ساڵ گۆڕانی باش و ئەرێنیی بەسەردا هاتووە. باشییەکەی لەوەی دایە ئەو پەڕۆوپاڵە سەوزانەی وڵاتی چین دروستیان دەکات و بە دروشمی دڵخوازی بڵقاسمی دووهەمەوە بۆ بۆ وڵاتانی نێو بەرەی مقاومەتیان دەنێرێت، چەند دانەیەکیان بگەنە دەرو دیواری کۆشکی سپی، بێگومان ئەوێش دەبێتە حوسەینیە.

تێبینیی یەک: پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت لە شوێنێک مەلا نەبێت، بە کەڵەشێر دەڵێن بڵقاسم. تێبینیی دوو: سەرهەڵدانی ئەمجارەی ئێران بێ بڵقاسمە.

# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO: 835   21 November 2022

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East   MHz 12594
polarization: Vertical -27500  FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com


## ماڵاوایی لە تەرمی شەهیدانی ٢٣ی خەزەڵوەر



شەوی سێشەممە، ٢٤ی خەزەڵوەر تەرمی دوو پێشمەرگەی کوردستان کە لە هێرشی مووشەکیی ئەمدواییانەی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزبدا شەهید ببوون، لە گۆڕستانی شەهیدان لە تەنیشت هاوسەنگەرانیان بەخاک ئەسپێردران.

لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی شەهیدان «ڕێبوار عەبدی» و «ئاسۆ تەوانا» بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب، کادر، بەرپرسانی نیزامی و پێشمەرگەکان بەشدار بوون.

لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی ئەو شەهیدە پیرۆزانەدا بەڕێز مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات وتارێکی پێشکەش کرد و دواتر لەسەر گڵکۆی ئەو دوو شەهیدە پەیمان لەگەڵ ڕێبازی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان نوێ کرایەوە.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەر سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەزاندنەوەی هەموو پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان جارێکی دیکەش بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە مووشەک بەئامانج گرتەوە. لەو پەلامارە مووشەکییەدا شەهیدان ڕێبوار عەبدی» و «ئاسۆ تەوانا چوونە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە و چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش بریندار بوون.

## مستەفا هیجری:
## یەکگرتنەوەی کۆمەڵە یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد



بەڕێزان؛ کاک عەبدوڵڵا موهتەدی! کاک عومەر ئیلخانیزادە!

سڵاو و ڕێز!

ڕاگەیاندنی هەواڵی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی کۆمەڵە (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) ئەویش لەم بارودۆخە هەستیارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا پڕبایەخە. هاوکات ئەم یەکگرتنەوەیە، یارمەتیدەرە بۆ بەهێزترکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی و دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پتەوکردنی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد.

بەم بۆنەوە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و، سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی یەکگرتوو دەکەم.

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**مستەفا هیجری**

**٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١**

## لاوانی شۆڕشگێڕ کردەوەی جاشەکان بێوڵام ناهێڵنەوە

**خەڵکی خەباتگیری کوردستان!**

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات !**

ئێوە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بە فیداکاریی خۆتان بناغەی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دژەژنی کۆماری ئیسلامیتان وەلەرزە خستووە. هەربۆیە نابێ ڕێگا بدەن کۆماری ئیسلامیی ئێران سیمای شۆڕشگێری وکوردانەتان بە هیندێ کاری نەشیاو و دوور لە هەموو داب و نەریتێکی کوردانە خەوشدار بکات.

بەسزاگەیاندنی جاش و بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم زۆر جیاوازە لە بێڕێزی و سووکایەتی بە ماڵ و منداڵیان کە هیچ گومانی تێدا نییە ئەمە لە بەرژەوەندیی پیلانگێڕییەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی توندوتیژتری خەڵک و ناشیرینکردنی ڕوخساری جووڵانەوەکەمان دەشکێتەوە. بۆیە پێویستە لاوانی شۆڕشگێڕی وڵات خۆ لەم پیلانەی ڕێژیم بەدوور بگرن و حسێبی کەسانی جاش و بەکرێگیراو لە ماڵ و منداڵیان جیا بکەنەوە.

هەروەها لەو دەرفەتەش کەلک وەردەگرین و داوا لە چەکدارانی ڕێژیم دەکەینەوە بیرێک لە حاڵ و دۆخی خۆیان بکەنەوە و هەتا کات ماوە بگەڕێنەوە بۆ ڕیزی گەل. هاوکات داوا لە لاوانی ڕاپەڕیوی کوردستان دەکەین کە وێڕای بەردەوامبوونیان لە ڕاپەڕین و مەیدانداری لە خەباتی نوێدا، خۆ لە هێندێک کردەوەی ئێحساسی بپارێزن و ڕەفتار و هەڵوێستیان دوور و بەپێچەوانەی ئارەزووەکانی ڕێژیم بێت. بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە ترسەنۆکانە و لە شەودا هێرش دەکەنە سەر بنەماڵەی شەهید و پێشمەرگەکان و تەقە لە ماڵان دەکەن، دەبێ بزانن لاوانی وڵات ڕاستە وەک ئەوان ڕەفتار ناکەن و هێرشی پێچەوانە ناکەنە سەر ماڵی ئەوان، بەڵام بێوڵامیشیان ناهێڵنەوە.

بۆ جارێکی دیکە داوا لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان، بەتایبەت لاوان دەکەین کە وریای پیلانەکانی ڕێژیم بن و وێڕای خۆپاراستن لە توندوتیژی و پاراستنی مافی ڕەوای خۆپاریزی، لە ڕاپەڕین بەردوام بن.

بە هیوای سەرکەوتن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی تەشکیلات**
**١٤٠١/٨/٢٩**




### بەر لە ماڵاوایی

# بڵێسە و گڕی ڕاپەڕین

**این نکتەی رمز اگر بدانی، دانی**
**هر چیز کە در جستن آنی، آنی**
**(مولانا)**


ناسر سادقی

ڕێبەر و پێشەنگی جووڵەی ئەم ڕاپەرینە شەهیدان و بنەماڵەی سەربەرزی ئەوانن، بابی شەهید کۆمار بە ئیلهاموەرگرتن لە بیست و پێنجی گەلاوێژ و هزری کۆماری کوردستان جگەرگۆشەکەی ناودێر کردووە. چینی ژنان و کچان ئایەتی «ژن ژیان ئازادی»یان بە خوێنی خۆیان وەک میراتێکی هەرماو و بەڵگەی سەروەری بۆ داهاتوو بە ئەمانەت کردە دیاری. پەخشانی زێرین و ئەدەبی بەرگریی بابی شەهید میلان حەقیقی لە هەزاران فەرسەخەوە بووە سووژە و سەردێڕی تریبوونەکان و زایەڵەی سروودی نەسرەوتن بۆ بەردەوامیی ئەو بزووتنەوە حەقخوازە. لە ئامێزگرتن و باڵ بەسەرکێشانی گڵکۆلەی میلان لە لایەن دایەگەورە و باوەگەورەیەوە بە ئاڵای کوردستان و جامانەوە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ شۆڕشگێرانی دیاسپۆرا و تاراوگە. گازەندەی هاوژینەکەی شەهید فریشتە لە دوڵەت و ڕێکخراوە بێویژدانەکانی لە ئاست فرمێسکی کیژە بێنازەکەی، کاتێک پڕ بە گەرووی هاواری دایکی دەکا و مشتی پڕە لە خاکی گڵکۆکەی، ڕوحی مرۆڤ دەهەژێنێ، بەڵام ئەو بنەماڵەیە سەرەڕای ئەو کۆستە، هێشتا بە سەری بەرزەوە شانازی دەکەن کە لە ڕیزی بنەماڵەی شەهیدان و کاروانی خەباتن. ئەم چیرۆکە و شانازییەکانی لە زمانی دایکی شەهید پەیمان مینبەری، باوکی شەهید محەممەد حەسەنزادە، کوڕی شەهید غەفوور مەلوودی، برای شەهید ئازاد حوسێنزادە و شەهید مێهران ڕەحمانی و ... بەردەوام دووپات دەبنەوە.

مخابن زلهێزەکان بە درێژایی مێژوو چاویان کوێر و گوێیان کەڕە لەئاست مافە سرووشتی، زمانی و سیاسیەکانی نەتەوەی کورد و ئەو جوغرافیایە هەتا بووە ئەوە بەختیەتی. بۆیە ئەوەی دمێنێ هەر خۆمانین لە سەنگەری شۆڕش و بزووتنەوەی شاخ و شار. کێ لافاوی خرۆشاوی شەقامی لێ وەنە؟ کێ گڕکانی هەناسە و هەستی لاوان نابینێ؟ کێن شەوەزەنگیان کردووەتە ڕۆژی ڕووناک و برووسکئاسا لە چاوی نەیاران و خەنیمان ڕۆ دەچێ، سرووودە حەماسی و نەتەوەییەکان دوژمنیان داماو و هەراسان کردووە. ئەوەی پێویستە خەڵکی ڕۆژهەڵات بیکەم، هەر لە کرماشان و سنە و سابڵاغ و گشت شار و شەقامەکانی کوردستانەوە، کردوویانە و ئێستاش لە سەنگەردا ماونەتەوە و بەڵێنی لاوانی ئیلام لەسەر مەزاری شەهیدان ئاسۆی ڕوونن بۆ بەردەوامی ڕاپەرین. یارسانەکان بە ژێی تەمبوور ژانی گەل دەچڕن و ژانیان خستۆتە هەناوی ڕەشی ڕێژیمەوە. شاعیر بە شێعر، کیژ بە سەما، هونەرمەند بە مۆسیقا و گۆرانی دارستانی هێناوەتە سەما. لە شەقام هەڵپەرکێی ئازادییە. دایکی شەهیدان باش دەزانن تازە کەس ناتوانێ نێوبژیوانی ئەوان بێ لەگەڵ ئەو دوژمنە ڕادیکاڵ و دیکتاتۆڕە .گەل لە خوێن و خەباتی خۆش نابێ، مەحاڵە.

ئەوان چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک نین، جگە لە گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی. ڕۆژهەڵات تامەزرۆی چێژی سەرفرازی و سەرکەوتنە بەسەر فاشیستاندا. بەها پیرۆزەکان ڕەمزی سەرەکی و خاڵی هاوبەشی گەلن، خەڵکی ڕاپەریو، هەڵکردنی ئاڵای ئازادی لەسەر گڵکۆی شەهیدان بەدوور نازانن، بەڵێ ئاسۆ ڕوونە.

گەل بە ئەندێشە و هزری شەهامەتەوە بە قوڵایی مێژوو، بە بیری سەربەستی لە گۆڕەپانی جەنگەوە، بە بوێری و سەرفرازی و ئەزموونی ڕابردوویان، تەژی لە هەست و چێژی سەرکەوتنن، خاک و چەک و چیاش سێکوچکەی هەرمانن بۆ کورد و گەل لێ بڕاوە بە عەشقەوە ئەو نیشتمانە سەر بخات. «سوارە» گوتەنی:

**«لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە**
**چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە**
**لە حەنجەرەی زەمانەوە**
**گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە»**